# ڕژێمی ڕەواندز

# ی

# سەردەمی پاشای کوێرە

توێژینی : شێرکۆ هەژار

چاپی دووەم

٢٠١٤

# ناوەرۆك


پێشەکی ........................................ ٨-٥

١- میرانی سۆران : زەمینەیەك

ئا- ناوی میران ........................................ ١٠

ب- درەختی نەژادی ........................................ ١٠

ج - هەندێ تێبینی ........................................ ١١-١٥

٢- قەڵەمڕەوی

ئا- نەخشەی قەڵەمڕەویی دەوڵەتی سۆران سەرەتای ١٨٣٤ ........................ ١٨

ب- شەش قۆناغی هێنانە ژێر فەرمانی قەڵەمڕەویی ئەو نەخشەیە

لەلایەن پاشای کۆرەوە ........................................ ١٩-٣٢

قۆناغی یەکەم - ١٨١٤، مەرکەزی رەواندز ........................................ ١٩-٢١

قۆناغیدووەم - ١٨١٥، هەودیان، رۆست، سیدەکان ........................................ ٢١

قۆناغی سێیەم - ١٨١٦، برادۆست، مەرگەوەر، شنۆ، شیروان، (لایەکی) زێبار ٢٢-٢٤

نێوانی قۆناغی سێیەم و چوارەم، پێنج ساڵێك ( ١٨١٧ و تا نوامبری ١٨٢٢) ٢٤

قۆناغی چوارەم - نوامبری ١٨٢٢- ١٨٢٤، حەریر و خۆشناوەتی،هەولێرو دەشتی

هەولێرو تا پردێ ........................................ ٢٤-٢٦

نێوانی قۆناغی چوارەم و پێنجەم - کۆتایی ١٨٢٤، ١٨٢٥، ١٨٢٦ ........................ ٢٦-٢٧

قۆناغی پێنجەم - ١٨٢٧ و ١٨٢٨ : کۆیە و رانیە، سەلماندنی سنووری قەمچووغە ٢٧

نێوان قۆناغی پێنجەم و شەشەم - ١٨٢٩ و تا ١٨٣١ :

پشوویەکی سەربازی و راگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی ........................ ٢٧-٢٩

قۆناغی شەشەم - ١٨٣١-١٨٣٢ و تا ١٨٣٤ : شەنگارو بادینان و باکوور تا ماردین و،

بەشێکی لاجان و موکریانیش .......... ٢٩- ٣٢

### ٣- رژیمی حوکم

ئا- میر سەرچاوەی یەکەمی هەر سێ دەسەڵات ........................ ٣٥-٣٧

ب- ژێرخان و دارایی ........................ ٣٨-٤٠

ج- لەشکرو چەك و چۆڵ ........................ ٤١-٤٣

### ٤- دواسەرکەوتن و کەوتن

تەنزیماتیعوسمانی و ئاڵۆزیی سیاسی وکۆتایی پاشای کۆرە ........................ ٤٧-٥٦

### ٥- پاشای کۆرە لە دنیای ئەفسانەدا

ئا- مەلای خەتێ ........................ ٥٩-٦٦

ب- کێشەی یەزیدی و... ئەو قسانە ........................ ٦٧-٧٥

### پاشکۆ

رژیمی رەواندز دوای پاشای کۆرە ........................ ٧٩-٨٣

پێرستێکی ناو ........................ ٨٥-٨٨

# پێشەکی

پێش پتر لەبیست ساڵ، من ئەم باسەم نووسی و،پێم ناتەواو بوو . دامنابوو لەداهاتوودا هەوڵبدەم سەرچاوەیتری بۆ وەدەستبهێنم و تـەواوی بکەم ( زۆرتر بیرم لای ئەرشیفی ئیدارەی مستەفا رەشید پاشای عوسمانی و ئیبراهیم پاشایکوڕی محەممەدعەلی پاشای میسر بوو) . بەڵام ئیدی نە سەرچاوەی مەبەستم بۆ پەیداکران، تا ناتەواویم بۆ تـەواو بکەن و، نە قەت هەر سەیرم کردەوە . ئێستا کە تـەمەنم لە کـۆتایی نیزیك دەبێتەوە، پێم وایە دەبێت بڕیار بدەم یا بە نەبووی دابنێم یاهەر بەم ناتەواوییەی چاپیبکەم . بەوە کە پێشانی چەند دۆستێکم دابوو و پێیان باش و بەکەڵك ببوو،گوتم دوورنیە بەکەڵکی خوێنەرانێکیتریش بێت، نەوەڵڵا با بەم چاپە سادەیەی کە بۆم هەڵدەسوو-ڕێت ( دوو دۆستی خۆشـەویستم پێیدەڵێن" چاپی شاخ"!) ئەمیش چاپ بکەم . ئێستا کە ئاگاداریيم دەربارەی عوسمانی لەوەی پێش ئەو بیست ساڵە جیاوازە (هەم بەوە کە چەندین سەرچاوەی نوێ لەم بیست ساڵەدا بۆ ئەوە پەیدابوون و هەم کە منیش کاتی پترم بۆ تەرخانکردووە)، دەکرێت لە کاتی تایپکردنیدا زۆری دەستکاری بکەم؛ بەتایبەتی ئەو هەڵەو پەڵانەی کەحوزنیموکریانی لە یەکەم نووسینیمدا تووشیکردبووم،لێ هەڵاوێم و؛ هەرچۆنێك بێت،کێ دەڵیت، بەڵکوکەڵکێکی بۆ کتێبخانەی بێکتێبی نەتەوە بەدبەختە هەژارو نەدارو پەرپووتەکەم هەبێت .

لەکاتی نووسینی ئەم باسەدا ، هەر تەنیا چوار سەرچاوەم بەدەستەوە بوون :

١- مێژووی میرانی سۆران، حوسێن حوزنی موکریانی، ١٩٣٥ ، چاپی دووەم - گیو، هەولێر ١٩٦٢ .

٢- شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردویە بە کوردی، چاپی یەکەم، نەجەف١٩٧٣ .

٣- خەبات لە ڕێیکوردستاندا ، ن. أ.خەڵفین، وەرگێڕانی(لە ڕووسییەوە بۆکوردی) جەلال تەقی١٩٦٩ ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧١. ( بەداخەوە، چاپێکی زۆر پەرپووت و بێ ئەنوایە، کوردییەکەی زۆر بێسەروبەرە، فسلێکی ( ل ٦٤- ٧٣) تێدا گوایا بۆ " ڕاپەڕینی ڕەواندز" تەرخان کراوە، کە نیزیکەی هەمووی هەر قسەی بێسەروبەرە، تورەهاتی سـەردەمی سـۆڤیەتە،کە پـڕۆپاگەندە و خـەرافاتی تـەفسیری عەقیدەتی تێدا جێگای زانستی مێژووی گرتبۆوە . پاشای کۆرەی تێدا کراوە بە" ئەحمەد پاشا"ی دەرەبەگ کە بە ژن و منداڵەوە چووەتە ئەستەمبووڵ و بە دیاریی زۆرەوە هاتووەتەوە! و بزووتنەوەی نیشتمانی و نازانمچی لەوقسە هەلەق مەلەقانە) .

٤- ئاغاو شێخ و دەوڵەت، م.م. فان بروونەسن ( دکتۆرنامە بە ئینگلیسی)، ١٩٧٨ ، چاپی هۆڵەندا .

لەوانە، وەك دەبێت چاوەڕوان بکرێت، یەکەمەکەیان، بۆ نووسینی ئەم باسە، هەرە بەکەڵك بوو، چونکە حوزنی لە ڕەواندز زۆر سەرچاوەی بەکەڵکی لەبەردەستدا بوون؛ هەرچەندە حوزنیخۆی هەتا بڵێیت مرۆڤێکی سەتحی و کول

بووە و، ئەوەی تێدا پێوەندی بە بیری خۆیەوە هەیە، زۆرتری قسەی بێ مانایە. ئەگەر هەموو قسەی سەرچاوە- کانی وەکو خۆیان بەتەواوی چاپ بکردنایەو بۆخۆی هیچی نەگوتایە، کارێکی یەکجار زۆر باشی دەکرد، بەڵام ئیتر عاتیفەی دڵسۆزانەی نەیویستووە لە بیری خۆیمان بێبەش بکات و، ئەوە - زۆر بەداخەوە - جێی زۆری بەخۆڕایی لە سەرچاوەکان داگیرکردووە، کە زۆری لێ هەڵپاچیون. جگە لە جێگاگرتن، ڕەنگە خوێنەرانێکیشی تووشی هێندێك هەڵە کردبن، کە ئەوە من بەسەر خۆم هات:

نووسیویە ناوی" میری‌کۆرە" لە خوێندنەوەی هەڵەی" میری‌گەورە"ی بە ڕێنووسی کۆن" میری کورە"وە هاتووە. من کە جاری یەکەم ئەوەم خوێندەوە، گوتم وەڵڵا دەکرێت وابێت. بەڵام کە لێی وردبوومەوە، دیتم ئەو قسەیەی جگە لە خەیاڵی خۆی، هیچ پایەو مایەیەکی نیە. مەگەر ئەو هەمووە خەڵکە نەخوێندەوارەی ڕەواندزو ئەو هەمووە کوردەی تری دەرەوەی ڕەواندز، ئەو هەمووە ساڵانە، هەر بەهۆی ئەو خوێندنەوە هەڵەیەی کەسێکەوە، باسی "پاشای کۆرە"یان کردووە؟ حوزنی هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەوە هەیە؟ نەخێر، نیەتی. میر محەمەدی سۆران، ڕەنگە چاوێکی تراخۆمای بووبێت و، هەر بۆی چارنەکرابێت و، تەنانەت لەدواییشدا بەتەواوی لەدەستی دابێت. وێنەی بابەکرئاغای گەورەی پشدەریەکان هەیە، تێدا چاوێکی بە چمکێکی سەروپێچی داپۆشیوە، ڕەنگە پاشای کۆرەش وەها بووبێت. بەهەرحاڵ، تاکو "بەڵگە"یەك وەدەست نەیەت کە پیشانی بدات ناوی" کۆرە"ی میر پێوەندیی بە دۆخی تەندروستیی چاوییەوە نەبووە، لام وایە، ئێمە مەگەر ئەو وشەی" کۆرە"یە هەر بۆ ئەوە، بۆ دۆخێکی چاوی تێبگەین. نازانم ئەو ئەفسانەیەی مەلای خەتێ، کە ئەو میری رووخاندبێت، ئەویش هەر لەم کتێبەی"حوزنی"یەوە سەری‌هەڵداوە، یا لە کەسانێکی تری وەکو ئەو سەتحی وکولەوە، کە دەڵێن - خۆش‌بەختانە - مەسعوود محەمەد نامەنتیقی‌بوونی ئەو چیرۆکەی ڕوون کردووەتەوە.

ئەگەر کەسێك هەبێت لە حوزنی کولتر بێت، دەبێت گیوی نیوەبرای بێت. لە سەرەتای ئەم چاپەی مێژووی میرانی سۆراندا*، کە حوزنی ١٩٣٥ یەکەم جار چاپی‌کردووە، ناوی سەرچاوەکان دەبینین، کە سەرچاوەی بە تاریخی

---

* لەسەری نووسراوە چاپی دووەمیین ٢٥٧٤ کوردی (١٩٦٢) هەولێر؛ کەچی دکتۆر کەمال مەزهەر لە لیستی سەرچاوەکانی " کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا " ١٩٧٥، بەغدا، نووسیویە " حسین حزنی موکریانی، مێژووی میرانی سۆران، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٦٧". دەبێت کامەیان ساڵی چاپە دووەمەکەیان بەهەڵە نووسیبێت؟

١٩٦١يشی تێدايه!، ئيتر بەتەواوی نازانين كام لەو سەرچاوانە هی نووسينەكەی حوزنی بوون و كاميان هی گيو بوون . ليستی« سەرچاوەكان» ی كە لەوێدا هەيە ( بە هـەمان نـاتەواوی و رێنووسی خـۆی، ئەوەی خراوەتە دوو كەوانەوە تێبينيی منە) :

« سەرچاوەكان »

١- شرفنامه - أمير شرفخاني بدليسي

٢- تأريخي نعيما ( هەر ئەوەندە وەكو ئەسڵە عوسمانيەكە نووسراوە، تەواوی ناوەكەی : " روضة الحسين في خلاصة أخبار الخافقين" ی " مصطفى نُعَيمه "ی حەڵەبی (١٦٥٥-١٧١٦)، لە ماڵێكی يـەنیچەری، بە" يەكەم مێژوونووسی عوسمانی" دانراوە، ئەم كتێبەی باسی مێژووی ساڵانی ١٥٩١-١٦٦٠ دەكات، ساڵی ١٧٠٤ لە دانانی تـەواو بووە و پێشكەشی" عمجەزادە حسين پاشا"ی وەزيری كردووە) .

٣- تأريخي قاجاريه (ی " علي أصغر شميم" ؟ )

٤- قاموس الأعلام - شمس‌الدين السامي ( ی ئەڵبانی ١٨٥٠-١٩٠٤، كە بە نووسەری " تەنزيمات" ناسراوە ) .

5 - TOW YEARS IN KUURDISTAN W R HAY

( راستيەكەی : Two years in Kurdistan , HAY,W.R. 1921, London )

٦- (مەليخا) مێژووی وولاتی سۆرانە كە بە فەرمانی ميری گەورە هەر لە سەردەمی خۆيدا لەلايەن ميرزا محمدي رازنووس (سكرتير)ی تـايبەتی خۆيەوە بە هەڵبەست و بە زمانی فارسی تۆماركراوە و نووسراوەتەوە ( لە كتێبەكەدا بە هەردوو شێوە" مەليخا" و " مەلی خا" نووسراوە ؛ من تێناگەم چۆنە ئەو تۆمارە لە ڕەواندز هەزارجار چاپنەكراوە، ئاخر يانی چی ؟ دواكەوتوويی ئا بە ئەو رادەيە ؟) .

٧- القضية الكرديه - معروف جياووك

٨- حياة الأب جبرائيل دنبو - بقلم القس اسطفان كجو

٩- مجلة النجم ژمارە (٣ و ٤) بە پێنووسی خوري سليمان صائغ

١٠- كۆڤاری عراقی نووی ژمارە (٤) ساڵی ١٩٦١

١١- چەند زانا و ڕەوشەن بيرێكی پيير و ڕاست بێژی وولاتی سۆران

١٢- چەند پييرەمێردێكی ژيرو هۆشيارو تێگەيشتووی وولاتی سـۆران كە تـەمەنيان لە نێوان (٨٠) و(١٢٠)

ساڵیدا بوو .

١٣- کاک عبدالوهابی حاجی علی آغای ڕەواندزی و یحیابەگ و مەنگوڕی و أیوب ئەفەندي و مامۆستا لۆقا کاکە بەڕێوەبەری قوتابخانەی(عینکاوە) آیینکاوە وە قەشە تۆماغطمت لە ڕووی دڵسۆزیەوە بە پێی توانا و شارازیی خۆیان هەندێك بەسەرهاتی آڵۆزي مێژووی میرانی سۆرانیان بۆ چاپی دووەمین بۆ ڕەوشەنکردمەوە لەکانگای دڵمەوە سوپاسیان دەکەم

گ . موکریانی

دیارە، من، جگە لە بەرپرسیاریی - بە تەبیعەتیحاڵ - لە هەرهەڵوێستێك و سەرنجێکی خۆم و، لە گۆڕینی تاریخە کۆچیەکان بە زاینی، بەرپرسیاریی هەڵبژاردنیشم لە زانیاریی جیاواز، بەتایبەتی لە تاریخەکاندا، لە ئەستۆدایە . بە نموونە : " فان بروونەسن"، کە بە پازدە دێڕێك لە باسێکدا ئاماژەیەك بە پاشای کوێرە دەکا و لە پەراوێزێکیشدا چیرۆکێکی باسی ئاسایشی سەردەمی دەنووسێت، دەڵێت میر ساڵی ١٨١٤ هاتووەتە سەر حوکم، کە هەمان قسەی" حوسێن حوزنی موکریانی"یە، لەکاتێکدا پەراوێزەکانی شەرەفنامەی کوردی ( عەونی، ڕۆژبەیانی) باسی ١٨٠٨-١٨٠٩ یان ١٨١٠ دەکەن و لە " محەمەد ئەمین زەکی"یش وەردەگرن کە ئەو ساڵەی بە ١٨٢٦ داناوە . یان لە کتێبەکەی حوزنیدا نووسراوە کە میر ساڵی ١٨٢٦م ١٢٣٤ هـ سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لەکاتێکدا کە ئەو دوو تاریخە حەوت ساڵێکیان نێوان هەیە (١٢٣٤هـ = ١٨١٨-١٨١٩م ) . " محەمەد ئەمین زەکی" - بە گوێرەی پەراوێزەکانی ی شەرەفنامەیکوردی- ساڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی میری بە ١٨٣٠ داناوە و، ئیدی بەوجۆرە . من لەو تاریخانە، تاریخی ١٨١٤م بۆ هاتنەسەر حوکم و، ١٨٣٠ بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی داناوە . بەڵام ئەوە شتێکە هەر وا بە مەزەندە و، هیچ بەڵگەیەکی تەواوم بۆ ئەوە نیە؛ ئەگەر ئێستا بنووسیایە هەموو تاریخەکانم بەدووی یەکتردا ریزدەکردن و خۆم لە هیچ نەدەکرد بە خاوەن . لەبەرئەوە دەبێت لێرەدا زۆرتر هەر لە ڕێبازیگشتیی باسەکە بنۆڕدرێت، نەك وردیی تاریخی ساڵەکان، کە من خۆم لە زۆرترینی ئەو تاریخانەی هەموو سەرچاوەکان زۆر بەگومانم .

شتێکیش دەربارەی نەخشەکەی ئەم باسە، هەرچەندە ڕەنگە پێویست بە گوتنیش نەکات، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوە هەر بۆ پیشاندانی هێڵیگشتیی سنووری قەڵەمڕەوییە، دیارە نەك ئەوە کە سنوور وا بە ڕاستە خەتیان کێشرابێت .

شێرکۆ هەژار

# ١- میرانی سۆران : زەمینەیەك

## ١. ئا- ناوی میران

١- عیسا
٢- شاعەلی بەگ
٣- عیسا(ی دووەم)
٤- بداغ
٥- سەیفەدین
٦- حوسێن
٧- سەیدی
٨- عیزەدین (یەزدان) شێر
٩- سەیفەدین (ی دووەم)
١٠- قوڵی بەگ
١١- بداغ (ی دووەم)
١٢- سولەیمان
١٣- عەلی بەگ
١٤- خانزادە خاتوون
١٥- ئوغوزبەگ (ی گەورە)
١٦- میرەبەگ (میران بەگ)
١٧- ئەحمەدبەگ
١٨- ئوغوزبەگ (ی بچووك)
١٩- مستەفابەگ
٢٠- میرمحەمەد (پاشاکۆرە)
٢١- ئەحمەدبەگ (ی دووەم)
٢٢- سولەیمان بەگ (ی دووەم) ٢٣- رەسووڵ بەگ

## ١. ب - درەختی نەژادی :

کەلۆس
شێخ وەیس ١- عیسا ئیبراهیم
٢- شاعەلی بەگ
٣- عیسا(ی دووەم) ٤- بداغ ٧- سەیدی حوسێن
٥- سەیفەدین ٦- حوسێن ٨- عیزەدین(یەزدان) شێر سولەیمان سەیفەدین
٩- سەیفەدین (ی دووەم) عیسا ١٠- قوڵی بەگ سەیفەدین
١١- بداغ (ی دووەم) ١٢- سولەیمان ١٤- خانزادە خاتوون
١٣- عەلی بەگ
١٥- ئوغوزبەگ (ی گەورە) ١٦- میرەبەگ (میران بەگ)
یەزدان شێر ١٧- ئەحمەدبەگ
خان ئاودەڵ بەگ
سوڵتان مەحموود
ئەحمەدبەگ
مەحموودبەگ
١٨- ئوغوزبەگ(ی بچووك)
تەمەرخان بەگ یەحیابەگ ١٩- مستەفا بەگ حەسەن بایزبەگ *
مەحموودبەگ وەسمان بەگ ٢٠- میرمحەمەد ٢١- ئەحمەدبەگ(ی ٢)٢٢- سولەیمان بەگ (ی ٢) ٢٣- رەسووڵ بەگ

* بایز بەگ : باوکی" خەجیج" ( هاوسەری پاشای کۆرە) و ، خدربەگ ؟ و ، بەکربەگ

کەلۆس ( واتا" ددانکەل") کەسێك بوو لە شارەزوورەوە چووبووە " هەودیان" (١٠ کیلۆمیتری رەواندز) و ببوو بە شوان .

١- عیسا: بە ئازایەتیی خۆی، لە گێڕاندنەوەی پەلاماردەرانی هاوسێ و داگیرکردنی ناوچەکانیاندا، بوو بە میر . بەگوێرەی یـەکێك لە چەند بیرورا : بەردی سۆر(سوور) بە دەوری قەڵایەکەوە بووە کە ئەم ئابلۆقەی داوە (ولەدواییدا گرتوویە)، خۆی دەوبەردانەدا دامەزراندووە یان لەسەریان یا لەسەر بەردێك لەوانە وەستاوە و/یا بە قەڵای داداوە، ناوی" سۆران" لەوە پەیدابووە،کەواتە : میرعیسا یەکەم میری سۆران، پایتەخت: حەریر .

٢- شاعەلی بەگ : جێی باوکی گرتەوە، پایتەخت : حەریر .

٣- عیسا(ی دووەم) : جێی باوکی گرتەوە، لە مەیدانی شەڕی دژی" پیربداغ "ی فەرمانڕەوای "بـابـان"دا کوژرا، پایتەخت : حەریر .

٤- بداغ : لە" باڵەکیان" بوو، سۆما( ناوچەیەکی سەر بە ورمێ)ی لە دەسەڵاتی دەوڵەتیئێران رزگارکردو خستیە ژێر فەرمانی خۆیەوە .

٥- سەیفەدین : زوو مرد .

٦- حوسێن : زوو مرد .

٧- سەیدی : جێی برازای گرتەوە . لە " شەقڵاوە" دەژیا ،" پیربداغ"ی فەرمانڕەوای بابانی لە تۆڵەی میرعیسا(ی دووەم)دا بەدەستی خۆی کوشت . ئابلۆقەی " هەولێر"ی دا، کاتێك " مووسڵ" و" هەولێر"یشی گرتن . ساڵی ١٥١٦ سەربەخۆیی خۆی راگەیاند ، شای ئێران پیرۆزبایی لێکرد ، پەیمانی ئاشتییان لە نێواندا بوو .

٨- عیزەدین (یەزدان) شێر : میری هەولێر بوو، " سوڵتان سولەیمانی قانوونی" ساڵی ١٥٣٤ بوو بە میوانی و لە ماڵەخۆیدا لە هەولێر کوشتی و، هەولێرو هەموو سۆرانی دا بە " حوسێن بەگی داسنی" ( یەزیدی) .

٩- سەیفەدین(ی دووەم) : قەڵەمڕەویی لە" حوسێن بەگی داسنی" سەندەوەو شڕو وڕی کرد. حوسێن بەگ بۆ هاوار چووە ئەستەمبوڵ، لەوێ گرتیان و دەستبەجێ سەریان پەڕاند! . کەچی ئەم میرەمان بە فریوخواردنی ناحەزێك بەتەماحەوە بە پێی خۆی چووە ئەستەمبوڵ، لەوێ گرتیان و ئیعدامیان‌کرد(١٥٨٨) .

١٠- قولّی بەگ : بیست ساڵێك فەرمانڕەوای " حەریر" بوو .

١١- بداغ (ی دووەم ) : لە" شەقڵاوە" بوو ، لەگەڵ " ١٢- سولەیمان" ی برایدا لەسەر حوکم لێیان بوو بە شەڕو هەرا. ئەوە یەکەم جار بوو کە شتی وەها لە سۆران ڕوویدەدا . ١٥٧٧ مرد* .

١٢- سولەیمان : سەخت لە عەشیرەتی " زەرزا" (ی دۆستی ئێران)ی دا ، شەڕی لە دژی ئێران کردو ، دیلەکانی ئێرانی بۆ سوڵتانی عوسمانی نارد . بۆ لەناوبردنی فیتنەی سەرحوکم، قوبادبەگ ( ئامۆزا ؟ ) و چاردە خزمی نیزیکی خۆی کوشتن (١٥٨٦) . ساڵێك پێش مردن، کوڕەکەی لەجێی خۆی دانا. ١٥٩٠مرد.

١٣- عەلی بەگ : دوا میرێکی سۆرانە کە شەرەفخان باسی دەکات، دەڵێت " ئێستا (مەبەست ساڵی ١٥٩٦-١٥٩٧) میری سۆرانە" . بە سەربەخۆیی حوکم دەکات . ساڵی ١٦٠١ ڕێگای " گەلی"ی کردەوە ( بە هەندێ پردەوە) ، ناوی " گەلی عەلی بەگ" لەوەوە هاتووە . ساڵی ١٦٣٤ مرد .

١٤- خانزادە خاتوون : کچی یا خوشکی یا ژنی" ١٢- سولەیمان" بووە! ( توخوا ئەمەش بوو بە تۆماری مێژوو؟)، " قەڕالیچەی سۆران" ی پێ گوتراوە ( قەڕالیچە = مەلیکە، پادشای ژن) . نازانم ئەگەر بەیتی" خانزادو لەشکری" نەبوایە، کەس دەبوو ناوی بزانیایە ؟ . بەدبەخت تۆماری مێژووی کورد .

١٥- ئوغوزبەگ (یگەورە) : بابان "حەریر"ی لێ سەند. ساڵی١٦٤٥" ڕەواندز"ی لە نەیاران سەندەوەو حکومەتی بردە ئەوێ . ژنێکی خەڵکی ڕەواندز کە ناوی" شەمام" بووە، بۆ گرتنی شار زۆر یارمەتیی داوە، ئیتر میر دوو کۆنگرە**ی بەناوی ئەو دروستکردوون ( کۆنگرەی شەمام ) . ساڵی ١٦٩٥ مردووە .

١٦- ئەحمەدبەگ : (حوزنی هەر باسی ناکات)، ناوی بە" میران بەگ"یش هەیە . لە سەردەمیدا " خان ئەحمەدخان"

---

* لێرەدا ، من ساڵەکانم بەوجۆرەی کە ئەم چەند سەرچاوەیەم دەیڵێن وەرگرتوون، ناکرێت زۆر ورد بن . بەنموونە، ئەوەی کە میری نۆیەم ساڵی ١٥٨٨ گیراوە و کوژراوە، کەچی میری یازدەیەم یازدە ساڵ پێش ئەو(١٥٧٧) مردووە، ئەوە شتێکە پرسیار دەورووژێنێت، نەگونجانی قسەی محەمەدئەمین زەکی و حوزنی دەگەیەنێت و، من - بەداخەوە- دەستم بە هەموو سەرچاوەکانی ئەو دووانە ناگات تا بزانم ئاڵۆزییەکە لەکوێوە سەری هەڵداوە .

**کۆنگرە : دیواری پانی بەرز کە سەری ددان- ددان دروست کراوە، بۆ بەرگریی عەسکەر لەنێوان و/ یا لەپشت ئەو ددانانە . مەرکەزێکی کە بەوجۆرە بێت .

ی ئەردەڵان " سۆران"ی داگیرکردووە .

١٧- ئەحمەدبەگ : ( حوزنی دەڵێت :) هێندێك لە سەرکردەی سوپا تەمای شۆڕشیان هەبووە، بە زۆر و بە بەخشش نەوازشی‌کردوون و فیتنەی کوژاندووەتەوە، لە سەیران و کەیف و رمبازیدا دڵی وەستاوە و مردووە .
" لە سەر تەپەی داری سیدی کە لە کانی گەرموکانە ناژتیان". حوزنی ساڵی ١٩٢٨ چووەتە سەرگۆڕی و دیتوویە کە - وێڕای نـاو و بەیتە شیعرێکی فـارسی - تـاریخی مردنی لە سەر کێڵەکەی نووسراوە :
١٢١٥ هـ ( دەکەوێتە نێوان ١٨٠٠/٥/٢٥ و ١٨٠١/٥/١٣) .

١٨- ئوغوزبەگ (ی بچووك) : ئاوەدان‌کردنەوەی وڵات و پەرەپێ‌دانی‌کشتوکاڵی زۆر مەبست بووە( رەزی بەخەڵك ناشتووە، دەستی وەرزێرانی‌گرتووە ...ئیدی) . دوورەشەڕو بێ ئازار بووە . (حوزنی دەڵێت) هەموو دەمی لە مزگەوتدا رایدەبوارد .

١٩- مستەفا بەگ : " تەمەرخان" و "یەحیابەگ"ی برای، لە ناوچەی خۆیان بەکـەیفێ خـۆیان دەکردو منەتێکیان بەو نەبوو . تەمەرخان هـاوکاریی" بابان"ی کرد کە بێتە سەر سۆران و بیگرێت و ئەو بکات بە میری .
بابان، رانیە و کۆیە وحەریری لە سۆران سەندن و، شەڕی خۆبەخۆی بابانیەکان رەواندزی لێ پاراستن، ئەینا رەواندزیشیان دەگرت (١٨١٣/٧/٣٠) . مسـتەفابەگ لە حوکم وەڕز بوو و دەیویست بۆ براکانی واز لێ بهێنێت، بـەڵام بە تەئسیری ژنەکەی (بووك شازەمان) ساڵی ١٨١٣ لەدووی کـوڕەگـەورەکەی (محەمەد)ی نارد و لێی‌داواکرد کە جێی بگرێتەوە . محەمەد سێ مەرجی بۆ قەبووڵ‌کردنی ئەوە دانا :

١- باوکی شێست هەزارو دایکی سي هەزار ریاڵی بدەنێ .

٢- باوك بە هیچ جۆرێك خۆ دە کاروباری نەگەیەنێت .

٣- باوك لە رەواندز نەمێنێت و بچێتە دێی ئاکۆیان دانیشێت .

مستەفابەگ ترسا کە محەمەدی کوڕی هەموو براو خزمەکانی بخنکێنێت، لەبەرئەوە مەرجەکانی قەبووڵ نەکرد. بەڵام ساڵی دوای ئەوە(١٨١٤) دیسان لە دووی محەمەدی ناردەوەو هەر سێ مەرجی قەبووڵ‌کرد .
" دکتۆر رۆس"ی ئینگلیس زۆر دواتر لە بـەغداوە چووەتە لای لە ئـاکۆیان و چـاوی دەرمان کردووە (١٨٣٣/٥/١٩) .

٢٠- میر محەمەد ( میری رەواندز، میری سۆران، پاشاکۆرە، پاشای کۆرە) : کوڕی مستەفابەگ و بووك شازەمان، ساڵی ١١٩٨ی‌کۆچی (١٧٨٣/١١/٢٦-١٧٨٤/١١/١٣) لە رەواندز لەدایك بووە .لای مەلای تایبەتی

( مەلائەحمەدی ئیبنوئادەمی- دێلزەیی) خوێندوویە، لەلایەن باوکییەوە بەسەر چەند دێیەك راگەیشتووە .
کچی مامی خۆی ( " خەجیج"ی بایزبەگ)ی هێناوە . بۆ ئەولاد، حوزنی دەڵێت هەر تەنیا یەك کچی بە ناوی " رابی" هەبووە و لە هەرەتی جوانی و جحێڵیدا و، کە هێشتا شووی نەکردووە، بە بیستنی دەنگوباسی کوژرانی باوکی بەدەستی تورکان، گیانی دەرچووە .
هاتنە سەرحوکم: ١٨١٤، راگەیاندنی سەربەخۆیی: ١٨٣٠، کوژران وگومکران : ١٨٣٧ .

٢١- ئەحمەدبەگ : ئەحمەدەلاڵەشی پێ‌گوتراوە . کاتێك پاشای کۆرە چووە ئەستەمبووڵ، بە جێگری خۆی دانا.
کاتێك دەنگوباسی کوژرانی پاشای کۆرە گەیشت،" سەرهەنگان و میللەت" کۆبوونەوە و بە میریان هەڵبژارد . " بابان" زۆربەی " سۆران"یان لەژێردەستی دەرهێنا و، زۆربەی عەشیرەتەکانیان خستە ژێر فەرمانی خۆیانەوە، زۆربەی "بادینان"یشی لەدەست دەرچوو .
براکەی (٢٢- سولەیمان بەگ (ی دووەم) ) ویستی کۆدێتای لێ بکات و سەرنەکەوت ( گیرا و خرایە زیندانەوە، بە تکای دایك ( بووك شازەمان ) نەکوژرا) .
سەردەمی پشێوی و یاخی‌بوون بوو، لە ژیانی خۆی ئارخەیان نەبوو( دوو ریز سەرباز هەردوولای سەر- تاسەری رێگای مزگەوتیان بۆ دەگرت جا دەچوو) . دوای سێ ساڵ حوکمی بەم جۆرە، تۆڵەئەستێنێك ( بەگزادەیەك : مەحموودبەگی وەسمان بەگ) بەوحاڵەش،هەینییەك، لە رێگای چوونە مزگەوتدا، بەر تفەنگی دا، دوای سێ رۆژ برینداری ( و قڕکردنی بەگزادان) مرد .

٢٢- سولەیمان بەگ (ی دووەم ) : دوای مردنی براکەی (٢١- ئەحمەدبەگ (ی دووەم ) )، لە زیندان دەرهێنرا و، سەرهەنگ و گەورەی لەشکرو شار کردیان بە میر . کەوتە کوشتنی بێ مانای خەڵکی بێ تاوان ( وەك ئیعدام کردنی زیندانەوانی کاتی زیندانییەکەی) و، خەزێنەی حکومەتی بردەماڵەوە و کردی بە هی خۆی . سەرهەنگەکان زۆریان ئامۆژگاری کرد، بێ فایدە بوو، ناچار- دوای شەش مانگ حوکم‌کردن - گرتیان و خستیانەوە زیندان .


« دوای ئەوە، رەواندز دەوری دووساڵ و دوومانگ بەکۆمیتەیەکی سەرهەنگان حوکم‌کرا(حوزنی ناوی دەنێ : سەردەمی‌جمهوریی رەواندز) . ئیدارەیەکی زۆر سەرکەوتوو، هەم بەزیپکوزاکوون و هەم زۆر خۆشەویستی گەل » .

٢٣- ڕەسووڵ بەگ : لە شاری" ئامێدی" گەڕایەوە ڕەواندزو کرا بە میر . سەرهەنگەکانی چەوساندنەوە، هەردوو چاوی سەرهەنگ" حەمەدی سۆفی" دەرهێنا ،" محەمەد شاتر"ی تالان کرد ،کەسایەتییەگەورەی ئیداری و سەربازی :" حەمەدی شیرین" ی ئیعدام کرد . کەوتە تۆڵەسەندنەوە لە هەندێ دوژمنانی سۆران، یاخییان، عەشیرەتانی دەوروبەر... ئیدی ( تالانکردنی دوو ئامۆزای ڕاکردوو، کە دەستیان لە کوشتنی ئەحمەدەلالەدا ببوو...) . لەگەڵ " بابان" ڕێککەوت ( حوزنی دەڵێت میر" فاتمەخان "ی خوشکی داوە بە حوسێن بەگی برای ئەحمەدپاشای بابان و، ئەویش " دێرە" و" حەریر"ی بە بێ شەڕ داوەتەوە؛ بەڵام محەمەدئەمین زەکی دەڵێت فاتمەخان کاتی خۆی لەلایەن باوکییەوە دراوە). عوسمانی،میرایەتییان بەسەر ڕەواندزو حەریر و شیروان و باڵەکدا بۆ سەلماند (میری میران و پاشا ١٨٥١-١٨٥٢)، ئەویش بەڵێنی هەشتاهەزار ڕیاڵی ساڵانەی بە عوسمانی دا، بەڵام سێ ساڵ لەسەریەک نەیدا، لەشکری عوسمانیی کرایە سەر، لە ڕەواندز ڕۆیشت و، بە ڕەزامەندی و دۆستایەتیی ئێران چوو لە" شنۆ" دانیشت .

لەشکری عوسمانی، هەینی ١٨٥٦/٢/٢١ ، کاتی دوای ئێوارە، چووە ناو شاری" ڕەواندز" و کۆتایی بە " میرنشینیی سۆران" هێنا.

کەنعان پاشا کرا بە"متصرّف" (موتەسەرریف، محافز، ئوستاندار) ی ڕەواندز، سەربازی زۆرو ئیدارەی تەلگراف و نفوس و... ئیدی لێ دانرا . ڕەسووڵ بەگ دوای پێنج ساڵ مانەوەی لە" شنۆ"،هاتەوە لای عوسمانی و ماوەیەك لەکەرکوك (گەڕەکی ئیمام قاسم) ژیا. چەند جار وەزیفەی درایێ : موتەسەرریفی بەغدا، ١٠ ساڵ والیی وان، والیی ئەرزەرۆم (١٨٧٧) و لەوێ ژنی تری هێنا و هەرلەوێش ساڵی١٨٨١ مرد .

# ٢- قەڵەمڕەوی




۲. ئا. نەخشەی قەڵەمڕەویی دەوڵەتی سۆران سەرەتای ۱۸۳٤

## ٢. ب - شەش قۆناغی هێنانە ژێر فەرمانی قەڵەمڕەویی ئەو نەخشەیە لەلایەن پاشای کۆرەوە

**قۆناغی یەکەم - ١٨١٤، مەرکەزی رەواندز :**

میر شاری رەواندزی لە باوکی وەرگرت و یەکەم پایەکانی دەسەڵاتی دانا :

١- لەشکرو چەك : پێکهێنانی ٢-٣ هەزار چەکدار بە بەرگی تایبەتی و معاشی دیارکراو؛ کڕینی چەکی زۆر .

٢- قایمکردنی پایتەخت : دروستکردنی قەڵا ، کۆنگرە، پایەگای سەربازی، جبەخانە، ڕێ و بان و پرد ، ئاوکێشان ... ئیدی . بناغەدانانی شوورەی دەوری شار( مانگی رەجەب (٧/٢٠ - ٨/١٨) ١٨١٤) .

٣- داهێنانی ئەوپەڕی هێمنی و ئاسایش : دانانی پۆلیسی سوارە بە سەر هەموو ڕێ و بانەکانی رەواندزدا ، سزای ئەوپەڕی سخت بۆ تاوانباران ( لە سێدارەدان بە بەرچاوی خەڵکەوە، وێدەچێت ئەوە تاوانبارانی کەمترین تاوانیشی گرتبێتەوە) *.

---

* میری کۆر ، هەرکە خۆی دامەزراند ،هەرچی پێی‌بڵێی کاری تاوان - بەتایبەتی جەردەیی-ی لە قەڵەمڕەویەکەیدا نەهێشت . ئینگلیسێك ( فرێزەر) ساڵی ١٨٣٤ گەشتی ئەو ناوەی کردووە،نووسیویە:" بە چەند رەفتارێکی‌کەم، ئەسڵەن هەر پیشەی رێگری لەئاراهەڵگیراوە : هەرکەسێك شتێکی یەکی تری پێ بگیرێ،دەست بەجێ لەوێ بێ بەزەیی سزا دەدرێ یا هەر دەکوژرێ". هەر ئەو دەڵێ :" ئەگەر بێتو کەسێك لەوشوێنانەدا کە بەتەواوی دەکەونە قەڵەمڕەویی میرەوە،کیسەیەك زێڕ لەسەر رێ ببینێ کەوتووە،دەستی بۆ ناباو دەچێ سەرۆکی یەکەم دێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش دەبێ پیاوێك بنێرێ کیسەکەی بۆ بهێنێ و، لای خۆی دەپارێزێ تا خاوەنی پەیدادەبێ و وەریدەگرێتەوە ( فرێزەر( ١٨٤٠)،١: ٦٥-٦٦) .

تۆماری بەزمانی ئاسوورییش هەن کە ئەوانیش قسەی لە هەمان بابەتیان تێدا نووسراوە . شێر Scher (١٩١٠) ژمارەیەك تۆماری بڵاوکردنەوە کە - بەفوونە- شتی وایان تێدا نووسراوە : " ... پیرەمێردێك ئەم چیرۆکەی بۆ گێرامەوە گوتی : جارێکیان لە شەقڵاوەوە دەچوومە رەواندز ، لە رێگا کیسەیەکم دیتەوە پڕ بوو لە زێڕ، بەڵام لە ترسی میری کۆر نەموێرا دەستی بۆ بەرم . توورەکە خورمایەکیشم پێ‌بوو بەدیاری بۆ خزم و دۆستانم هێنابوو ←

٤- دانانی پرۆژەی ئیستیخبارات (پاراستن، ئاسایش) ی یەکجار زۆر چالاك و کارا، بە وەزیفەی دایم (معاشخۆر)، کە لە داهاتوودا عونسوری لە هەموو دەستەجاتی خەڵك تێدا دەبن: هەر لە زانای ئاینی و پیاوی ناسراو و گەورەی کۆمەڵگاوە بگرە تا بە چەرچی و هێلکەفرۆش و دۆم و خەرات دەگات، هەموو دەبوو راپۆرت بدەن و، دەبوو رۆژ بە رۆژ راپۆرتەکانیان بۆ میر خولاسە بکرێتەوە.

٥- قەلاچۆکردنی هەرلقوپۆپێکی رەواندزی ئەو مام و خزمانەی کە لە شارەکانی تری میرنشینیدا ملیان بۆ نەدەدا ( وەك لە سێدارەدانی خەزێنەداری سەردەمی باوکی و خۆیشی " عەبدوڵلا ئاغا" ١١/١٥/ ١٨١٤، چونکە سێ جار راپۆرتی ئیستیخباراتی لەسەرهات و وریاکرایەوە و دوای ئەوەش هەر چووە " هەودیان " سەری لە " تەمەرخان"ی مامی میر دا).

٦- دابین کردنی رێیەك کە هەر مرۆڤێکی قەڵەمڕەویی بتوانێت هەر قسەیەك بە میر بگەیەنێت.

٧- راگەیاندنێکی بەهێز، دەبێت بەشێکی شەڕی رەوانیی‌ئیستیخباراتی بووبێت، ئەینا گوێی بە دنیای هونەری دەرەوەی دنیای هێزی سەربازیی نەداوە،- بەنموونە- کاری بە شیعرو شاعیران نەبووە.

٨- شەیدای پەرەپێدانی سەنعەتی لەشکر بووە ( چەکسازی، کۆنگرەو قەڵای ئاسێ ...).

٩- ئابووریی گەشاندووەتەوە. ئاسایش و ئارامیی کە زۆر بەکەڵکی ژیانی ئابووریی هاتووە، کوردی شوێنانی تری دەرەوەی میرنشینییەکەشی ( لە بابانەوە، کە لە دەست چەوسانەوەی دەرەبەگەکانیان رایانکردووە، بەنموونە) وا لێ‌کردووە روو دە قەڵەمڕەویی دەوڵەتی رەواندز بکەن.

١٠- داهێنانی موحیتی ژیانێکی سەربازیی زۆر زبر. هەر لەو رووەشەوە رەشبەڵەکی قەدەغەکردووە، دەبێت زۆر کەیفی بە هەڵپەرکێ و شتی وەها نەهاتبێت، بە کاری پیاوی سەربازی نەزانیوە، نەك

---

← لە رێگا لێم ون بوو .کاتێ لەوسەر لە رەواندزگەڕامەوە، سەیرم کرد کیسە زێڕەکە لەهەمان شوێنی‌خۆی نەبزوابوو و، توورەکە خورماکەش لەوێ بوو،کەس زاتی نەکردبوو دەستیان بۆ بەرێ". منیش لێرەدا گوتم: " باشە خۆکەسی لێ نەبوو تا بتبینێ،دەبوو زێڕەکەت بۆخۆت هەڵبگرتایە". پیاوەکە بە رەنگ ودەنگێکی بە سەنگەوە گوتی: " ئەوە پیاوی میر لە بۆسەیەکدا خۆیان شاردبۆوە و دیتیانم ؟، منیش بۆ بەدبەختیم دەستم بۆ کیسەکە بردو گرتیانم و بردیانمە لای پاشا ،پاشا فەرمانی‌دەدا هەردەست بەجێ لەوێ سەریان دەبڕیم (شێر (١٩١٠): ١٣٨) . ( فان بروونسن، پەراوێزێکی ئاغاو شێخ و دەوڵەت).

لە رووی ئاینییەوە، هەر زۆر لە" لە مزگەوت پاڵدانەوە" تووڕە بووە، دەبوو بەرهەمی هەر چالاكییە-
كی دە هێزی ماددیی دەوڵەتدا بدیتایە .

قۆناغی دووەم - ١٨١٥، هەودیان، رۆست، سیدەكان :

نەهێشتنی مەركەزی هێزی تر لە قەڵەمڕەویدا :

- هەودیان ( مەركەزی مامێكی میر : تەمەرخان بەگ) : میر یەكەم رۆژی ساڵی كۆچی ( ١٢/١٤/ ١٨١٤)،لە رەواندز دەرچوو، روو لەهەودیان . پردێكی لەسەر چەمی باڵەكیان بۆ پەڕینەوەی لەشكر دروستكرد . لەوبەر، لەشكری مامی بەرەنگاری بووەوە، شەڕ كرا، لەشكری مام هەڵات و خۆی دە قەڵای" شێتنە" خزاند. میر دەوری قەڵای دا و، دوای ئەزیەتێكی زۆر، فەرمانی دا لەلایەكەوە ژێری شوورەیان كۆڵی و پڕیانكرد لە باروت و هەڵیانتەكاند(١٨١٥/١/١٠)، شەڕی سەخت تا ئێوارە لە قەڵادا كرا، تا لە دواییدا " تەمەرخان بەگ" و " مەحموودبەگ"ی كوڕی بە دیل گیران و، دوای ٣٢ رۆژ ( شەوی ١١-١٨١٥/٢/١٢) لە رەواندز ئیعدام كران .
- رۆست : وا دیارە میری رۆست هاوپەیمانی" یەحیا بەگ"ی لە سیدەكان (مامی پاشایكۆرە) بووە . پاشایكۆرە، سێ جار هێرشی بردە سەر میری رۆست، تێدا سەرنەكەوت، تەنانەت جاری سێیەمیان هێزی میری رۆست پاشایكۆرەیان تا نیزیكی رەواندز راو نا. ئیتر زانیكە بە شەڕ دە رۆستینایەت، بڕیاری دا بە رێگایەكی تردا بۆی بچێت . یەكێك لە سەركردەكانی ( ئەحمەد چاوەش) ی ناردە لای میر،كە بە فێڵێك لە رۆستی دەربهێنێت و بیهێنێتە رەواندز . نەخشەكە سەریگرت، میر هێنرایە رەواندز و لەوێ ئیعدام كرا (١٨١٥/٢/١٣) و لای مام و ئامۆزای پاشایكۆرە نێژرا .
- سیدەكان (مەركەزی مامێكی میر: یەحیابەگ) : پاشایكۆرە بە شەڕی سەخت گرتی و، مام و ئامۆزا ("یەحیابەگ" و" وەسمان بەگ"ی كوڕی)ی گرتن و بە زنجیركراوی هێنانیە رەواندز . گوایا لە زیندان رایانكردووە، هەندێ سەرهەنگ و پاسەوان چاوپۆشییان لێ كردوون، بەڵام " حەسەن مەلوك"ی میرغەزەب ( بەجێهێنەری ئیعدامان) تەقەی لە" یەحیابەگ" كردووە و برینداری كردووەو، خۆی و كوڕی گرتوون و هێناونیە بەردەستی پاشایكۆرە . هەرتك لە داردران. دوای شەو و رۆژێك لە دار هێنرانەخوارەوە و، لای مام و ئامۆزای تر نێژران .

قۆناغی سێیەم - ١٨١٦، برادۆست، مەرگەوەر، شنۆ، شیروان، (لایەکی) زێبار :

ـ برادۆست :

ـ قەڵای " هەرکیلا"ی " مەحموودبەگی کوڕی سەلیم خان " : قەڵا لەسەرەتادا نەگیرا، مەحموودبەگ دەست ڕاست و نیشانەشەنگێوێکی هەڵکەوتوو بوو، تەنانەت گوللەیەکی لە شاڵی تورمەی سەرو- پێچی پاشایکۆرە خۆی دا و،دووکەڵی لێ بڵندکرد،هاواری دەکرد:"ها من خولامی لەعلیخانیمە!". پاشایکۆرە پرسیاریکرد ئەو لەعلی خانە چیی مەحموودبەگە؟ خوشك، دایك، ژن یا دەزگیرانیەتی؟ گوتیان نەخێر ئەوە تفەنگەکەیەتی!، تفەنگەکەی ناو ناوە لەعلی خان! . مەحموودبەگ بە بەرچاوی دوو لەشکرەوە لەسەرقەڵاوە هاواری لە پاشایکۆرەکرد" ئەگەر مەردی، وەرە خۆم و خۆت بە خەنجەرو دەمانچە شەڕەکە ببڕینەوە و ئەم خەڵکە بەخۆڕایی بەکوشت نەدەین،کاممان سەرکەوت، ئەوا خاك و میللەت بۆ ئەو بێت و تەواو". پاشایکۆرە زانی بۆی چار ناکرێت، وەڵامی نەدایەوەو، لەجیاتی ئەوە، فێڵێکی نیزیکی ئەوەی" ئۆدێسە"ی یۆنانی بەکارهێنا: ڕوو بە دێی " گردکال" گەڕایەوە تا مەحموود بەگ وا تێبگات کە پاشایکۆرە دۆڕاندی و هەڵات، بەڵام کەسانێکی ئیستیخباراتی لە دەوروبەری قەڵا تاقەت کردبوون، لە کردنەوەی دەرگای قەڵای ئاگادار بکەنەوە . سەری گرت . کاتێك " سەلیم خان"ی باوکی مەحموودبەگ بۆ یارمەتیی کوڕی هات، دەرگای قەڵای بۆ کرایەوە،هێزی پاشایکۆرە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وا بەگورجی پەیدا بوو، کە هەلی دەرگا داخستنەوەی نەدا و، چووە قەڵاوە و گرتی (١٨١٦/٣/٢٢) .

ـ قەڵای " سارو" یا " سارداو"ی " حسەن بەگی برادۆست" : لە پێش قەڵادا شەڕی سەخت کرا . (حوزنی دەڵێت:) گەلێك ناوداری کورد کوژران . حسەن بەگ بە قسەی ناشیرین هاواری لە پاشای- کۆرە کرد ، پاشایکۆرە وەڵامی دایەوە: " هۆ میران، لە ڕۆژی مەیداندا(..) قسەی پڕوپووچ(..) دوورە لە ڕەوشتیگەورەو دلێران(..) خۆت ڕاگرە، ئەوا بۆت هاتم". پاشایکۆرە خۆی هەڵمەتیبردو هەر خۆی بە تفەنگ حسەن بەگی کوشت . هێزی شکاوی حسەن بەگ ڕایکردە ناو قەڵاوە . هێزی پاشایکۆرە بە پەیژە بە دیواران هەڵگەڕا و قەڵا گیرا (١٨١٦/٤/١) . تکای ناودارانی برادۆست گیرا و ئەمان دران . پاشایکۆرە، پیاوی خۆی لە سەر قەڵا و شوێنەکانی ئەوناوە دانا ، قەڵای سارۆی کردە ناوچەی سەرهەنگیی خۆی . لەوێوە " ئەحمەدسەرهەنگ"ی بەرەو شیروان ناردو خۆی بەرەو شنۆ چوو.

میر، مەعدەنی مس و قورقوشم و ئیتری لە ناوچەی برادۆست پەیداکردن و، گەلێکی لەوانە بارکردو بردە رەواندز، تا لە سەنعەتی چەکسازیدا بەکاربێن (دارشتنی لوولەتۆپ وگوللە ...)، ژمارەی هێزی میر لێرەدا بوو بە شەش هەزار سەربازی دایمی (بە بەرگی تایبەتی ومعاشی دیارکراو...)

ـ مەرگەوەر، شنۆ، قەڵای نەلوس :

میر چووە سەر " مەرگەوەر" و" شنۆ"، بە شەڕ گرتنی و، روو بە" لاجان"ی ئاژۆت . بە لای خێڵی " لیتان" دا رۆیشت . لە سەرەتادا خۆیان تێنەگەیاند و خۆی تێنەگەیاندن . بەڵام کە لە قەڵای " نەلوس" تێپەڕی، بەگزادەی عەشیرەتی " لیتان" بە خەڵکی قەڵای گوت کە بە دەنگێکی بەرز " قەبو-قەبو"بکەن (کە بۆ لەشکری شکاو دەگوترێ) . میرگەڕایەوە سەریان، دوای سێ رۆژ ئابلۆقە قەڵای گرت (١٨١٦/٤/١٤) و وێرانی کرد، ( حوزنی دەڵێت:) گەورەو بچووك و نێرو مێ و وردو مەزنی کوشتن، تەنیا دایکێك و منداڵێکی ساوای شیرخۆرەی لە مەرگ خەلەستن، ئەو ساوایە "یووسفی شەمسەدین بورهانی موکری" بوو، کە دوایی بوو بە یەکێك لە شێخە هەڵکەوتووەکانی موکریان . میر، لە رەجەب (٦/٢٧- ٧/٢٦) ١٨١٦ گەیشتەوە رەواندز .

ـ شیروان : قەڵای " کەکلە"ی حسەن بەگی شیروانی :

ئەحمەد سەرهەنگ( ئەحمەد بدیری دۆڵەمەری) فەرماندەی لەشکرێك بۆ گرتنی شیروان، بەرەو قەڵای " کەکلە" چوو . حسەن بەگی شیروانی بە لەشکرێکەوە هاتە سەر رێی . شەڕی سەخت کرا. (حوزنی دەڵێت:) لەو شەڕەدا چەند پیاوی ئازا و ناوداری سۆران بەکوشت چوون . شیروانی، سەنگەریان پێ چۆڵکرا و راونران، تا قەڵای کەکلە و لە نیزیکی قەڵاش شەڕی سەخت کرا، کە" ئەحمەد سەرهەنگ"ی تێدا کوژرا؛ بەڵام لەشکرەکەی سارد نەبۆوە، دەست بەجێ سەرکردەیەکی نوێ (عەبدوڵڵا ئاغای ئاکۆیی)« هەڵبژێردرا» و، هەڵمەت برا . حسەن بەگ چووە ناو قەڵاوە . دوای حەفتەیەك شەڕی شیروانی لەسەر قەڵاوە و سۆرانی بە دەورەوە، سۆرانی لە رۆژی هەشتەمدا " لەژێر قەڵاوە کارێزیان لێدا و پڕیان کرد لە باروت و ئاگریان دا و دیواری قەڵایان بەردایەوە" و، چوونە قەڵاوە . حسەن بەگ و باوك و مامی گیران و ناردرانە رەواندز . مەڵبەندی شیروان و هەموو( قسەی حوزنی) قەڵا سەختەکانی گیران و سەرکردە و سوپای سۆرانیان لە سەر دانران . قەڵای " کەکلە" ش دووبارە دروستکرایەوە .

میر گوتی " بەڕاستی شیروان گیرا و بوو بە خاکی ئێمە، بەڵام پیاوێکی(..) وەکو ئەحمەد بدیریشمان لەسەر دانا و لەدەستمان چوو، کە سەد شیروانی دێنا" .

- ( لایەکی ؟) زێبار :

میر، مانگی ذي حجه (٢٣/١٠-٢٠/١١) ١٨١٦، "سەید حەسەنی ڕەشوانی"ی ناردە سەر زێبار . عەزۆ ئاغای سەبتی( حوزنی: عزو آغای سبتی) و جەوەرئاغای نەقبوکی،کە گەورەی زێبار بوون، بە لەشکرەوە هاتنە سەر ڕێی . سەیدحەسەن نەشیا بۆ پێشەوە بچێت، دەرگای فڕوفێڵی لەسەرکردنەوەو پەیمانی لەتەکیانا کرد و،گرتنی و بردنیە لای میر . بەوە لایەکی زێبار کەوتە ژێر فەرمانی میرەوە . بەڵام ئەو دووگەورە کوردانەی زێبار بە ئاسوودەیی دانەنیشتن (؟) ... تا دوایی میر" ژەهراوی دانێ و کوشتنی " .

« نێوانی قۆناغی سێیەم و چوارەم، پێنج ساڵێك ( ١٨١٧ و تا نوامبری ١٨٢٢) »

پشـوودان لە شەڕ، خۆ ئـامادەکردن : کەڵك وەرگرتن لە دەستکەوت، ئـاوەدانکردنەوەی وڵات ( ڕێ و بان و پردو قەڵاو... ئیدی) . لەشکر: پازدەهەزار سەرباز . تەکنیك: کانسازی، دروستکردنی جۆرەها چەك، تۆڕی ئیستیخبا- رات لە دەرەوەی قەڵەمڕەویی دەوڵەتی ڕەواندز ( ستوونی پێنجەمی زۆر کارا) . چالاکیی دیپلۆماسی .

**قۆناغی چوارەم - نوامبری ١٨٢٢- ١٨٢٤، حەریر و خۆشناوەتی، هەولێرو دەشتی هەولێرو تا پردێ،**

سنووری سۆران و بابان : زێی کۆیێ (زێی گچکە)

- حەریر : میر چووە سەر حەریر، بابانیەکان بە بێ شـەڕ لێی دەرچـوون و چوونە کـۆیە ( کە بە دەست بابانەوە بوو) . میر، دوای سێ ڕۆژ، چووە مەڵبەندی خۆشناوان .
- خۆشناوەتی : دوای شەڕی قورس، " میرانی بایزبەگ" (میری خۆشناو) " بە پەیمان" تـەسلیم بوو . پاشای کۆرە " بە سـوێند" سەرکردەی لەشکری خۆشناو( عوسمان بەگ)ی بـەخشی و بردیە حەریر، کەچی مانگی ڕەبیعی دووەم ٦/١٢/١٨٢٢- ٣/١/١٨٢٣ خنکاندی . ئەوە لە خەڵك زۆرگران هات .
- قەڵای دێرە : بابانیەکان بە بێ شەڕ بۆ میریان جێهێشت ( و چوونە کۆیە) .

ـ هەولێر :

لەودەمەدا، میر، جگە لە سوپای خۆی، لەشکری خۆشناو و سوورچی و زراری و کۆیشی لەگەڵ بوون، هەمووی لە دێرە کۆببوونەوەو رۆژ بە رۆژ پتر دەبوون .

چەندپیاوێك لە هەرەگەورەکانی ئاینی و نەجیبزادانیهەولێر(مەلا عوسمان، مەلا رەسووڵ، یەعقووب ئاغا... کە دەبێت لەوبەینەدا ستوونی پێنجەمی میر بووبن)، پیاوە گەورەکانیهەولێریان کۆکردەوەو نامەیەکیان بۆمیر پێ ئیمزاکردن کە" بفەرموون تەشریفتان بێنە هەولێر". میر، چووە هەولێر، بەڵام زۆر بە دژواری قەڵاکەی گرت ( ٢٠ی رەمەزان- ١٨٢٣/٥/٢١ ) و، خزمێکی خۆی ( برای ژنەکەی : خدر بەگی بایزبەگ) کرد بە حاکمی هەولێر .

ـ دەشتی هەولێر :

هێرشی یەکەم - شکست بەهۆی بێنەزمیی عەشیرەتێك : میر، هێزێکی بە فەرماندەیی" رەسووڵ بەگ"ی برای بۆ لێدانی دزەیی و هێندێك عارەبی کە سەریان نەدەچەماند نارد(١٨٢٣/٨/٢٣) .

هەرچەندە لەشکری دەوڵەتی سۆران ئەوپەڕی بە زیپکوزاکوون و خۆشەویستیگەل بوو، بەڵام لێرەدا - بۆ بەدبەختی - هێزی عەشیرەتییش بەشداربوون ،کە نەیاندەتوانی دەست لە تاڵان و برۆ هەڵگرن . " زەرزا" بە سەرکردەیی" حەسەن رەشوانی" کەوتنە تاڵانکردنی خەڵك . خەڵك ئەوەیان لەسەر میر حیساب کرد ، میر ئەوانەی هێنابوون و، نەدەکرا مەگەر هەر رووبەڕوویان ببنەوە . هێرشی میر، لە نەتیجەدا، لەبەرامبەر دزەیی وعارەبان شکا . تەنانەت باسی ئەوە هەبوو کە حەسەن رەشوانی لە راکردندا ویستبێتی رەسووڵ بەگ لە سەر وڵاخەکەی بخاتە خوارەوە . رەسووڵ بەگ بە شکاوی گەڕایەوە رەواندز( یەکەم مانگیساڵی کۆچی ٩/٧- ١٨٢٣/١٠/٦) .

حەسەن بەگ - تەبیعی- لە ترسی سزای میر رایکردو خۆی قاچاغ کرد . میر،کەسێکی(" قۆچاخلی" ناو، فەرماندەیەکی لەشکر ؟) بە فێڵ، بەوناوە کە گوایا لە میر تۆراوە، ناردە لای حەسەن بەگ .

قۆچاخلی، رۆژێك فرسەتی لە حەسەن بەگ هێنا و تەقەی لێکرد ، وایزانی کوشتوویە و، ئیدی هەڵات و هاتەوە لای میر . بەڵام حەسەن بەگ نەمردبوو و، تێگەیشت کە میر ناهێڵێت بەسەریەوە بچێت و هەر دەیکوژێت، ئیتر لێبڕا کە بەهەرشێوەیەك بێت، دڵی میر بهێنێتەوە جێ( تا دوای پتر لە یازدە ساڵ، ئاواتەکەی بۆ هاتەدی، چوو کوشتاری زۆری لە داسنیەکانی دوژمنی میر کرد و

ژنی خودی عەلی بەگی داسنیش - کە لە تۆڵەی مێردیدا بە غەدر زۆر پیاوی میری کوشتبوون - ی لە بەر لەشکری میر لەدار دا . ئیتر میر بەخشـی و کردیشی بە سەرهەنگێکی لەشکرەکەی . کە ئەوە دۆخێکی یەکجار زۆر نائاسایی و بەدەگمەنە، میر ئاوا تاوانبارێك ببەخشێت) .

هێرشی دووەم - تۆڵەکردنەوەی شکستی پێشوو :

سوپای میر، ئەمجارەش بە فەرماندەیی رەسووڵ بەگ، بەڵام هەر بە لەشکری نیزامی (بێ میلیشیای عەشیرەت)، بۆ هەمان ئامانجی هێرشی یەکەم، چووە سەر دزەیی و عارەبان و، سەرکەوت . دزەیی و هـەموعەشیرەتانی ئەو مەڵبەندە خرانە ژێـر فەرمانەوە و، " الشیخ حمود" ی عارەبیش گیرا و، بە دیلی ناردرایە هەولێر .

ـ پردێ ( ئاڵتونکوپری) :

میر، بە نهێنی لەگەڵ والیی کەرکوك( محەمەدپاشا) رێككەوت و، پەیمانی نهێنیی لەگەڵ هەندێ لە گەورەکانی"پردێ" بەست . ئەوجا ١٨٢٤/٣/١١ چووە پردێ و گرتی؛ ١٨٢٤/٣/٢١ کاری ئیدارەی دەوڵەتی تێدا دامەزراند ( " عەودی کاکەڕەش" ی کردە حاکمی ) و، قەڵاو بنکەی سەربازیی پتەوی تێدا دانران . میر، دوا رۆژی رەمەزان(١٨٢٤/٥/٢٩) ، ئەوجا گەڕایەوە هەولێر . زێی گچکە ئێستا سنووری نێوان سۆران و بابان بوو .

« نێوانی قۆناغی چوارەم و پێنجەم - کۆتایی ١٨٢٤، ١٨٢٥، ١٨٢٦ »

پشـوودان لە شەڕ، جێگیرکردنی دەستکەوت (دروستکردنی قەڵا و... ئیدی)، خۆ تەیارکردن لە چەك و جبەخانە، چالاکیی زۆری دیپلۆماسی، ئیستیخباراتی، ستوونی پێنجەم و شەڕی رەوانی .

لەکاتێکدا مەحموودپاشای بابان هاوار بۆ وەلیعەهدی ئێران دەبات و، لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت کە وا میری سۆران دەیـەوێت کۆیـەش بگرێت؛ میر لەلایەکەوە نێوانی لەگەڵ وەلیعەهددا خۆش دەکات و لەلایەکی تریشەوە بێدەنگیی والیی کەرکوك(ی عوسمانی : محەمەدپاشا) دابین دەکات . میر، نامەیەکی"عەباسئاغای دیموکری" ( لەلایەن " بـداغ خـانی موکری" یەوە ) و یـەکی تـری لە " سـەرهەنگی قـاجاران" بۆ دێت کە باسی دڵگیریی حکومەتی ئێران لە مەحموودپاشای بـابـان دەکەن و کە " ئـەمڕۆ و سبەی لەشکری قاجار ( ئێران) لە کرماشـانەوە روو بە سلێمانی دێت تا مەحموودپاشادەرکەن"). میر،دەقی ئەو نامانە بۆ گەورەکانیخۆشناوەتی وکۆیە دەنێرێت .

" میر، لەتەك عـولەمای کـۆیە یـەکێتی و پـەیمانی دامـەزراند(..) بە نهێنی (..) گـەورەو بچـووکی کـۆیە ببوونە هەواداری" .

قۆناغی پێنجەم - ١٨٢٧ و ١٨٢٨ : کۆیە و رانیە، سەلماندنی سنووری قەڵچووغە

ـ کۆیە : میر، لە مانگی" صَفَر" (٨/٢٤-٩/٢١) ی ١٨٢٧دا چووە سەر کۆیە، بابانیەکان بە بێ شەڕ لێیدەرچوون و، لە رێگەی دووکانەوە روو بە سلێمانی گەڕانەوە . میر، ١٨٢٧/٩/٢٢ چووە ناو شاری کۆیە . ( حوزنی دەڵێت " وەتمان بەگی ئامۆزای خۆی کرد بە حاکمی" ! ل٦٢ ؟، هەمان سەرچاوە پێشتر ل ٣٨، باسی ئیعدام کرانی " عثمان"بەگی ئامۆزای میری کردووە ) .

ـ رانیە : میر، لە مانگی " جَمادی دووەم"دا (١٨٢٧/١٢/٢٠-١٨٢٨/١/١٧) چـووە سـەر رانیـە، بابانیەکان ئەوێشیان بە بێ شەڕ جێهێشت و گەڕانەوە سلێمانی .

ـ سەلماندنی سنووری قەڵچووغە : میر بۆ بەرگری لە دەربەندی رانیە،" لە دەراوی دووکان لەسەرگردی کەتی سارکەیی و لە دو قەڵچوغە" قەڵاو شوورەی دروستکردن . مەحموودپاشای بـابـان، کە لەبەر کێشەوهەرای خۆبەخۆیی نەدەپەرژایە سەر شەڕی پێشپێگرتنی سۆران، ناچار بە پەیمانێکی رەسمی " قەڵچووغە" ی بە سنووری نێوان بابان و سۆران سـەلماند . میر بۆ لەشکرو دانەوێڵە، شوورەیەك و شەش کۆنگرەی لەوێ دروست کردن و " بە دەستوورێکی باش دایمەزراند".

عەبدوڵڵا پاشای بابان لە سەردەشت دانیشتبوو چاوەنۆڕی هەلی دەکرد ،لەلای کرماشانەوە تەنگەتاو کرا و سنووری شـڵەژا، نـاچاری ئەوەبوو کە بە خۆپاراستن و شـەڕنـەکردن پاشەوپاش لەشـکرەکەی بگێڕێتەوە و، لەگەڵ میری رەواندزدا رێكبکەوێت ( حوزنی ل ٦٣) .

« نێوان قۆناغی پێنجەم و شەشەم - ١٨٢٩ و تا ١٨٣١ »

پشوویەکی سەربازی و راگەیاندنی سەربەخۆیی سیاسی :

میر، ساڵی ١٨٣٠ هەلی بۆ راگـەیاندنی سـەربەخۆیی تـەواوی خۆی لەبار دیت ( کە چیتر بە ناویش لە سنووری هیچ ئیمپراتۆرییەکدا نەبێت) . حکومەتی عوسمانی لە نشێوێکدایە، تا دێت پتر دەشکێت و بێهێز دەبێت . یۆنان یەك - دوو ساڵە سـەربەخۆ بووە و لەوساڵەدا سـوڵتان ئەو سەربەخۆییە دەسەلمێنێت . عوسمانی لەبەرامبەر رووسدا

دەشکێت(١٨٢٨-١٨٢٩، رووس هاتووەتەکوردستانەوە) . محەمەدپاشای میسر بەتەواوی سەربەخۆیە وکەوتووەتە گرتنی وڵاتان و، وا دەیەوێت هەموو ئیمپراتۆریی‌عوسمانی بگرێت و عوسمانی پێشی پێ ناگیرێت . تەنانەت " داود پاشا"ی والیی بـەغداش خۆی سەربەخۆکردووە و گوێ بە سوڵتانی عوسمانی (مەحموودی دووەم) نـادات . میر، لەگەڵ ئێراندا رێککەوتووە، والی(یعوسمانی) ی کەرکووکی دابین‌کردووە، " بابان"ی کپ‌کردووە، هێزی سـەربا- زیی ئێستا لە ئاستێکدایە کە دەتوانێت دەوری پتر ببینێت .

میر، ساڵی ١٨٣٠، سـەربەخۆیی تـەواوی راگەیاندو" ئیعتیراف و پیرۆزبایی"ی دەوڵەتی ئێران و، خانی موکری و، خانی چاری (چهری) و، خانی هـەکاری و، والیی بەغدا (داودپاشا)ی یـەك پێ‌لەدوای یـەك پێ‌گەیشتن .

" داودپاشا، مەلا محەمەد( مەلای خەتێ، خەڵکی گوندی خەتی) بە دیارییەوە ناردە لای میر، کە لەتەکیا رێککەوێت کە بۆ رۆژی تەنگی خۆی پێ رزگار کات" ( حوزنی ل ٦٤) ؟ یانی چی ؟

" ئیتر مەلای خەتێ بوو بە« شیخ الاسلام» و مفتیی حکومەتی سۆران و هـەمەکارەی میرو باوەڕپێ‌هاتووی وی" ( هەمان سەرچاوە) .

داود پاشا، نێوانی لەگەڵ مەحموودپاشای باباندا ناخۆش بوو و، ئێستا بەوە شادبوو کە لە سەر تۆپ و گوللەتۆپە- کانی میری سۆران دەنووسرا " ماشاالله نصر من الله و فتح قریب صاحبه أمیر المنصور محمد بگ رواندز و حریر و کوی " . پێش ئەوە بابان بوون کە بەرەسمی خۆیان بە" حکمدارانی بەبە و کوی و حریر" رادەگەیاند و وا ئێستا میری سۆران لە وەڵامی ئەوەدا خۆی بەوجۆرە پێشکەش دەکرد . ( نووسینی " ماشاالله" کە بەوجۆرە هـەڵـەیـە، " أمیر"ەکەش دەبێت " الأمیر" بێت ، نازانم هەڵە لە نووسینەوەی "حوزنی"یە یا ئـەسڵەکە وەهابووە . کەچی هـەر حوزنی خۆی دەڵێت کە لەسەر پارەی دەوڵەتی میر نووسراوە" الأمیر المنصورمحمدبیگ") .

محەمەعلی پاشای میسر، بڕیاری خۆی دابوو کە دەست بەسەر ئیمپراتۆریی عوسمانیدا بگرێت و، بۆ ئەوە بە نامە پێوەندیی بەکسانێکەوە دەستپێ‌کردبوو کە بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستەی بەکەڵکی دەدیتن . داودپاشای والیی بەغدا و پاشای کۆرە دوو لەوکسانە بوون .

زۆر بەداخـەوە،هیچ لەو نامانەی نێوان محەمەعلی پاشا یا ئیبراهیم پاشای کوڕی و پاشای کۆرە دە کتێبخانەی کورددا نین . حوزنی دەڵێت کە ئـەو هێندێك لەو نامانەی دیتوون، باسی هـاوئاهەنگیی سـەربازییان لەگەڵ میر کردووە : " کە محەمەدعەلی پاشا لەشکری روو بە سووریا و ئـەدەنە بچنە خوار، میریش لەوێ روو بە مـاردین و دیـاربەکر لەشکرکێشـی بکات، ئەو مخابەراتە لە مانگی تشرینی ( ئۆکتۆبر یا نوامبر) ی١٨٣١دا بووە" ( ل ٦٨،

به دەستکاریی ڕێنووس)، کە وادیارە حوزنی بە پێویستی نەزانیوە چاپ و بڵاویان بکاتەوە! ... سەد حەیف .

داودپاشا، شانسی نەیهێنا، پەتایەك کەوتە بەغداوە بڕستی لێ بڕی (١٨٣١) و، ئیتر پێشی لەشکری دەوڵەتی عوسمانی بۆ نەگیرا و، ناچار وازی هێنا( ناردیان وەزیفەیەکیان لە مەدینە- عارەبستان دایێ) . بەڵام پاشای کۆرە، کەوتە کار و، لێرەوە قۆناغی شەشەم دەستپێدەکات .

## قۆناغی شەشەم - ١٨٣١-١٨٣٢ و تا ١٨٣٤ : شەنگار و بادینان و باکوور تا ماردین و، بەشێکی لاجان و موکریانیش

شەنگار، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، زێبار، جزیرە، نێوان جزیرەو مووسڵ ( قەڵای أرخ ، حتارە، ئەلقوش، دێرهورمز)، نسێبین، ماردین و، بەشێکی لاجان و موکریان

- شەنگار : میر، ١٢٤٧ی کۆچی (١٨٣١/٦/١٢-١٨٣٢/٥/٣٠)، چووە سەر داسنی(یەزیدی)یەکان . دوای شەڕێکی قورسی دژی عەلی بەگی داسنی(میری یەزیدیەکان)، عەلی بەگ بە ژن و منداڵییەوە بەرەژوور دەرچوو، تا" تۆرعابدین" چوو و، میر بەدوویەوە . لەدواییدا،" بە پەیمان" خۆی تەسلیمی میر کرد و، میر ئەویشی لەگەڵ دوو هەزار دیلی داسنی ناردە ڕەواندز .
  میر، لە دەوروبەری مووسڵ، نامەیەکی ئیبراهیم پاشا( کوڕی محەمەدعەلیپاشای میسر)ی لە شاری " حمص"ی سووریاوە پێگەیشت (کە ئیبراهیم پاشا لە گرتنی سووریادا بوو) . میر هەوڵی دا مووسڵ بگرێت، بەڵام بۆی نەگیرا ، دەوروبەری تاڵان کردو، ڕووی کردە ئامێدی .
  میر، لەشکرێکی بە فەرماندەیی ڕەسووڵ بەگی برای ناردە شەنگار و، شەنگاری گرت .
- زاخۆ : میر، لەشکرێکی بە فەرماندەیی خزمێکی (شاڵی بەگ) ناردە سەر زاخۆ و، زاخۆی گرت .
- ئامێدی : خەڵکێکی زۆر لە ئامێدی، ببوونە دۆستی میرو، ئەوانە شارو قەڵای ئامێدییان بە بێ شەڕ تەسلیمی میر کرد . میر" مووساپاشا"ی دەسەڵاتدار( میر)ی " ئامێدی" ی هەر بە ناوی حاکم لێ هێشتەوەو دەستەلەشکرێکیشی لا بەجێهێشت (١٨٣٣-١٨٣٤) . وادیارە پاشای کۆرە بەهرەی لە کێشەکانی ناوخۆی بادینان وەرگرتووە( بەدەگمەن میرنشینییەکی بێ کێشەی ناوخۆ هەبووبێت)، دەبێت نێوانی مووساپاشا لەگەڵ ئیسماعیل پاشا و سەعید پاشا باش نەبووبێت؛ ئیسماعیل پاشا زۆر هەوڵی دا یارمەتی لە بۆتان و هەکاری و والیی‌عوسمانیی مووسڵ و عەشیرەتانی بادینان بۆ

زیندووکردنەوەی میرنشینیی بادینان وەدەستبخات، بەڵام بێهوودە بوو .

( کە پاشای کۆرە چووە سەر جزیرە،مووساپاشا لە ئامێدی دەرپەڕێندرا و سەعیدپاشا جێی گرتەوە . کە پاشای کۆرە لە جزیرە گەڕایەوە، دیسان مووساپاشای کێڕایەوە سەر دەسەڵاتی ئامێدی؛ ئەوجا کە جزیرەی لێ راپەڕی و دیسان چۆوە سەر جزیرە وگرتییەوە، ئامێدی بۆ جاری دووەم و دواجار کەوتەوە دەستی سەعیدپاشا، کە پاشای کۆرە لە جزیرە هاتەوە، ئەم جارەش ئامێدی گرتەوە، ئیتر سەعیدپاشا و ئیسماعیل پاشاش لەدواییدا ( دوای دەوری ساڵێك ) بڕیاریان دا کە ببن بە پیاوی میر و واز لە خەیاڵەکانی پێشوویان بهێنن و، وەفا- داری پەیمانیان مانەوە و بوون بە شەڕکەرانی زۆرباشی لەشکری پاشای کۆرە) .

بادینان، بەوجۆرە - بەپێچەوانەی بابان و بۆتان و حەقەن زۆر بە پێچەوانەی داسنی - دەکرێت بڵێین " تاڕادەیەك بەهاسانی " لە دەوڵەتی پاشای کۆرەدا توایەوە، سۆران و بادینان بەزوویی (١٨٣٥) دەبن بە یەك .

- ئاکرێ : ئیسماعیل پاشا لەشکرێکی زۆر شەڕکەری لە زێباریەکان بە رابەریی یاسین ئاغای زێباری رووبەڕووی میر کردەوە و، شەڕی یەکجار زۆر قورس و خوێناوی روویدا . کە قەڵابەندیان کرد، میر ئابلۆقەی قەڵای دا . دوای مانگێك ئابلۆقە، شەوێك،" عەبدوڵڵا سەرهەنگی ئاکۆیی" فەرمانی دا بە چاوەشەکان پاڵی پێوەنێن و لەپشتیەوە بن، ئەگەر سەر وەرسووڕێنێت بیکوژن، یەك لە دوای یەك دوازدە چاوەش زنجیریان بەست و عەبدوڵڵا سەرهەنگیان خستە پێشەوە، پاڵیان پێوەنا و بۆ قەڵایان سەرخست . کە سەرکەوت، یاسین ئاغای دیت، فیشەکێکی لە سنگی دا و خستی، ئەوجا لنگی گرت و هاویشتیە خوارەوەو، بانگی لە میر کرد " مزگێنی بێ قەڵای ئاکرە گیرا" . ورەی زێبارییان نزم بۆوە و هی لەشکری میر بەرز و، هەڵمەت برا و قەڵا گیرا .

- زێبار: میر، دوای دامەزراندن و رێکخستنی ئاکرێ، چووە سەر زێبار،کە لەسەر ئاکرێ بوو، ئەویشی بە شەڕ گرت .

- جزیرە : میر، دوای گرتنی هەموو بادینان، چووە سەر جزیرە و، دوای گەلێك شەڕوشۆڕ گرتی .

( پەراوێزی کوردییەکەی شەرەفنامە، لە پەراوێزی عارەبییەکەی محەممەدعەلی عەونی،لە" مێجەر لۆنگریگ S.H. Longrigg"ی وەردەگرێت( بە ئینگلیسی : چوار سەدەی عیراقی نوێ، ئۆکسفۆرد ١٩٢٥) کە" میر، ماڵە بەدرخانی شپرزە کرد". ئەمە، ئەگەر راست بێت، مانای ئەوەیە کە بەدرخان

دوای ١٤ ساڵی بوونە میری بۆتان هێشتا هێزێکی زۆری نەبووە . هێزی عوسمانی بە فەرماندەیی محەمەد رەشیدپاشا ،یەك - دووساڵێك دوای ئەم هێرشەی پاشای کۆرە، بەسەر" جزیرە"یدا دا وگرتی . بۆتانی بەدرخان ١٨٤٦ بە ئەوپەڕی هێز وگەورەیی گەیشت : لە خوار دیاربەکرەوە، خودی بۆتان و هەموو هەکاری و بادینان، تا سەر زێی بادینان ( زێی گەورەی سنووری نێوان بادینان و سۆران ) .

میر ، کە بۆ لای مووسڵ دەگەڕێتەوە، جزیرەی لێ یاخی دەبێت؛ دوای دابین کردنەوەی ئامێدی و زاخۆ و دەهۆك ( ؟)، دەچێتەوە سەر جزیرە و دابینی دەکاتەوە - بڕوانە : ئامێدی . (ئەم سەرچاوەیە باسی شێوەی گرتنی" دەهۆك"ی تێدا نیە، هەر ئەوەندە دەڵێت و، لەشوێنێکیشدا دەڵێت کە میر، " ئیسماعیل پاشای ئامێدی" ی کردە حاکمی دەهۆك) .

حوزنی لە " مەلی‌خا"ی وەردەگرێت کە " پیاوێکی رەسووڵ بەگی برای میر بەزۆر سەوەتە ترێیەکی لە باغەوانێکی جزیرە ئەستاندبوو ، ئەو باغەوانە چووە لای میر شکایەتی کرد ، میر گوتی ئەو پیاوەی کە ترێی لە تۆ ئەستاندووە دەیناسی ؟ باغەوانەکە پیاوەکەی لە نێو لەشکر دۆزیەوە و نیشانی میری دا ، میر دەستبەجێ فەرمانی دا پیاوەکەیان خنکاند ، رەسووڵ بەگ چووە لای کە تکای‌لێ‌بکات پێی‌ببەخشێ، میر گوتی" رەسووڵ دادگەریی خۆم ناکەمە فۆتەبەرو بەروانکەی نۆکەرێکی سەوەتەدز و تکای برام" ( ل٧٢)

ـ نێوان جزیرە و مووسڵ : میر، ( لەجزیرەوە) چووە سەر قەڵای" أرخ" و " لە پاش زۆر شەڕو کوشتار، گرتی". لەوێوە بۆ" حتارە" و کوشتارێکی لە یەزیدیەکان کرد ، لەوێوە چووە سەر" ئەلقوش" کە " خەڵکەکەی بۆ شەڕ ئامادەبوون" و، حوزنی دەڵێت" میری‌گەورە بە کوشتار کەوتەسەریان و شیری تێنان گیان‌لەبەرێکی نەهێشت و هەمووی کوشتن" ( ل٧١، بە دەستکاریی رێنووس)، لێرەدا جارێ باسی ئاینیان ناکات و، ناڵێت بۆچی وا " بۆ شەڕ ئامادەبوون" . ( لە ئەلقوشەوە) چووە سەر " دێرهورمز" کە رەبەن (راهب)ی لێ بوون . هێندێك راهبی زانا چوون قسەیان لەگەڵ میردا کرد ، میر " لە کوشتار پاراستنی، بۆ بەخێوکردنی رەبەن و دێرهورمز هەندێك لەشکرو سەرکردەیەکی خۆی بەجێ‌هێشت " ( هەمان سەرچاوە)

ـ نسێبین و ماردین : (میر، لە دێرهومزەوە چووە سەر مووسڵ و دیسان بۆی نەگیرا ، لەوێوە بۆ سەر " ئامێدی"ی یاخیبوو و گرتییەوە، چووە ناو" زاخۆ" و گەڕایەوە سەر

" جزیرە"*ی یاخیبوو و گرتییەوە - بڕوانە " ئامێدی") . ئەوجا :

میر، چووە سەر " ماردین" و" نسێبین" و گرتنی و " لەشکرو پیاوانی باوەڕپێهاتووی خۆی لە سەر دانان " . ئیتر- وەك پێشتر باس‌کرا- گەڕایەوە سەر ئامێدی و یاخیبوونی دووەمی کۆتایی پێ‌هێنا) .

میر، ئیتر گەڕایەوە رەواندز(١٢٤٩ی کۆچی : ١٨٣٣/٥/٢١-١٨٣٤/٥/٩) . لەم کاتەشدا، نامەی محەممەدعەلی پاشای میسرو گەورە و ناودارانی تری بەدەست‌گەیشتن .

ـ بەشێکی لاجان و موکریان : میر، کاتێ کە خۆی رووی کردە بادینان، لەشکرێکیشی بە فەرماندەیی" شامرادبەگ" ناردە سەرلاجان و موکریان .

شا مرادبەگ، چوو" لاجان"ی گرت و، لە گوندی " نەلوس" و " پەسوێ" قەڵای دروست‌کردن و، کۆنە قەڵایەکی گوندی" جەران"یشی تازەکردەوە . فەتحعەلی شای قاجار، فەرمانی دا بە" نائب السلطنە" کە بچێت پێش بە شامرادبەگ بگرێت، کە( شامرادبەگ) ئەوسا لە گرتنی " سندووس" بوو . فەوجی تەورێز و، خوسرەوخانی والیی کوردستان و، لەشکری کوردی موکریان و، مەراغە و ... هەموو چوونە سەر هێزی شامرادبەگ لە گوندی " مەحمدشە" . بەڵام شامرادبەگ هەمووی شڕو وڕکردن! و،" ئەسپابێکی ( ؟ ) زۆری کەوتە دەست " و گەڕاوە پەسوێ (١٨٣١-١٨٣٢، حوزنی لە تاریخی قاجاریەی وەرگرتووە) .

( بەڵام کە محەممەدشای قاجار قوونی لە سەر تەختی ئێران دانا (١٨٣٤)، لەگەڵ پاشای کۆرەدا کەوتنە نێوان چاك‌کردن و، میر لەوەدا دەستی لە" لاجان" هەڵگرت) .

---

* حوزنی ناوی مەڵبەندی " جزیرە، جەزیرە" و شاری " جزرە"ی تێکەڵ کردوون، هەمووی کردووە بە " جزیرە" . من وەکو خۆیم لەو وەرگرتووە، بەڵام جیاوازیی ئەو دووانەم لە نەخشەکەدا پیشان داوە،کە دەکرێت لە هێندێك شوێندا مەبستەکەی دیار بێت و لە هێندێکیشدا نادیار . حوزنی زۆر درشتکارە .

# ٣- رژیمی حوکم

دەسەڵاتی بەجێهێنان ( تەنفیزی، مجریه)

ــ میر : پادشای موتڵەق، مۆتۆری مەرکەزیی هەڵسووڕاندنی کاروبار . سەرهەنگانێکی جێی بڕوای لەبەردەستدا بوون، کە بە نیزیکەی هەموو کاروبارێك ڕاگەیشتوون . هەرچەندە " کارپەزیر" ( سەرەكوەزیران) و " سەرهەنگی سەرهەنگان" (وەزیری بەرگری و سەرۆکی ستاد )ی هەبوون، بەڵام زۆر وێدەچێت ئەمانە وەزیفەیان زۆرتر هەر سکرتێریی میر بۆ ئەو کاروبارانە بووبێت . کاتێك میر لە پایتەخت بووبێت، حەقمەن هیچ بڕیارێك بەبێ ئەو نەدراوە . سیاسەتی دەرەوەش حەقمەن تەنیا هەر بەدەست خۆی بووە . دەستگای ئاسایش و لەشکر کە دوو پێی پێڕۆیشتنی ڕژیم بوون، لەژێر فەرمانی میردا بوون . حوکم بەگوێرەی میزاجی میرو عورف و عادەت بووە و ، دەستوورێکی نووسراو نەبووە تا سنووری دەسەڵاتی کەسی تێدا دیاربکرایە . *

میر، لە هیچ عەشیرەتێك نەبووە و، حەقمەن ئەوە بۆ حوکمی موتڵەقی بە قازانجی بووە . کێشە لە نێوان دەوڵەت و دوژمنانی دەوڵەت هەبووە، بەڵام نەك لە نێوان عەشیرەتی میر و عەشیرە-تانی تردا ( ئەو کێشەیەی بەدرخان و سەرۆك مستەفا بارزانی هەیانبوو) .

ــ کارپەزیر(سەرەك وەزیران) :" ڕەسووڵ بەگ"ی برای میر . میر، کەمتر ڕێیداوە لە پایتەخت بمێنێتەوە، یا فەرماندەی لەشکرێکی میر بووە و لەمەیدانی شەڕدا بووە، یا لە " ئامێدی" دانراوە .

ــ سەرهەنگی سەرهەنگان (وەزیری بەرگری و سەرۆکی ستاد) : " ئەحمەدبەگ"ی برای میر . وێدەچێت ئەم پترین دەسەڵاتی لەلایەن میرەوە درابێتێ . دەستگای ئاسایش، وادیارە بە ستادەوەگرێ-

---

* میر، نازناوی ئەمیری مەنسوری لەخۆی ناوە، بەڵام نە دروشمێکی هەبووە و نە ئاڵا . من ئەوە زۆر سەرنجم ڕادەکێشێت، قەت لەشوێنێکدا تووشنەبووم باس لە ئاڵای میرێکی کورد کرابێت، لەکاتێکدا ئاڵا لە مێژووی ئیسلامیشدا هەبووەو، دەبێت ئەو میرانە ئاگایان لێبووبێت : ئاڵای سپیی ئەمەوی و ڕەشی عەباسی و زەردی ئەیووبییکە ئیتر بووە بە ڕەنگی کوردایەتی و، ئاق قۆیونلو و قەرەقۆیونلو و ئێران و عوسمانی و...،کە میران و پادشایانی کورد نێوانیان لەگەڵداهەبوون . هەر لە سەدەی نۆزدەدا، ئێمە لە پاشای کۆرە و میر بەدرخان ئاگا-دارین کە لە قۆناغێکدا سەربەخۆیی تەواوی خۆیان ڕاگەیاندووە، کەچی باسی ئاڵایان نیە .

دراوە، کە ئەم سەرۆکی بووە و، ئەگەر میر لە پایتەخت یا نیزیکی بووبێت " ڕۆژ بە ڕۆژ " راپۆرتی داوەتێ و فەرمان و ڕێنوێنیی لێ وەرگرتووە . کە میر لە پایتەخت دەرچووبێت، ئەمی لە جێگای خۆی داناوە .

- سەرهەنگەکان : لە سەردەمێکدا شەش سەرهەنگ : حەمەدی شیروانی، مامیس، سوراو، عەبدوڵڵا ئاکۆیی، خدری حەمەدی، سۆفی ئاغای ( حوزنی وەهای نووسیوە) .

" سەرهەنگ" ڕوتبەی" جەنەراڵ"ی ئێستا بووە، بە فەرمانی میر دراوە بە چەند کەسێکی کەم . سەرهەنگەکان لە پایتەخت پایەکانی ئیدارەی میر بوون و، فەرماندەیی شەڕیشیان کردووە . وابووە کەسێك بەهۆی نواندنی توانای سەربازیی لە مەیدانی شەڕدا ئەو ڕوتبەیەی دراوەتێ .

دەسەڵاتی قانووندانان ( تەشریعی، مقننە)

دەسەڵاتی قانووندانان، لە ڕووی تیۆرییەوە، دەبێت وەکو هامفەردانی مسوڵمانی سوننی ( عوسمانی ...) لە نێوان" میر"( قانوونی سیاسی، وەك لە عوسمانیدا سوڵتان ) و " مفتی" ( فەتوا) دا بووبێت . بەڵام ئایا ئەو قانوونانە نووسراون ؟ . " مەلیخا"ی کە حوزنی باسی-دەکات، هیچی لەو ڕووەوە تێدا هەبووە ؟

یەکەم مفتیی کە حوزنی باسی دەکات، دەڵێت " مەلای خەتێ" بووە، داودپاشا بە دیاری بۆ میری ناردووە،" بەکەڵکی میر بێت"، یانی چی ؟ من هەریەك شت لەوە تێدەگەم، یانی میر دەست بۆ هەرشتێك بەرێت، بە مفتیی بسرێتەوە . من لە تەواوی مێژووی ئیسلامدا ئاگادا-ری حاڵەتێك نیم کە " مفتی" تێدا ئامرازێکی سوڵتان، پادشا یا میر نەبووبێت . بەڵێ وا بووە مفتییەك بە فەتوا کەسێکی لە فەرمانڕەوایی خستووە، بەڵام ئەوە هەمیشە بە هۆی دەسەڵاتی ترەوە بووە، کە - وەك بڵێیت- بە شەق پێیانکردووە! . " مفتی" قەت - بڵێین - وەکو" مەتران" ی سەر بە " پاپ"ی ڕۆما خۆی لە خۆیدا هیچ سەرچاوەیەکی سەربەخۆی هیچ دەسەڵاتێك نەبووە . حوزنی دەڵێت کاتێك میر چووەتە ئەستەمبوڵ، مەلا عەزیزی ئامۆزای میر مفتی بووە، بەڵام هیچ باسێکی هۆی ئەو گۆڕانەی مفتی ناکات .

دەسەڵاتی داوەری (قەزایی) .

داخـەکەم، هیچ باسێکی دادگا و قـازی و قانوون و هیچ شتێك لە نەزمی داوەریی دەوڵەت دە ئەو چەند سەرچاوەیەی ئەم نووسینەی مندا نیە . دەبێت قازی و دادگا هەبووبن، بـەڵام لە چیرۆکەکاندا دەبینین پیاوێك لەوە ترساوە بەتاوانی دزی بگیرێت " ببرێتە لای « میر» ( نەك قازی) و میر دەستبەجێ فەرمان بدات سەری ببڕن"!، کە ئەوە لەکاتی" کرداری سەربازی"دا نـەبووە ( وەك ئەو سەوەتەدزەی کە میر لە مەیداندا ، بە سیفەتی فەرماندەی لە کاتی شـەڕدا ، فەرمانیکوشتنی داوە)؛ سزادانی تاوانی دزییەکیئاسایی لە رەواندز ، بۆچی دەبێت بکەوێتە لای میر ؟ مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەوانەوە دەڵێت دەبێت میر هەمیشە بە قانوونی دۆخی نائا- سایی نەزمی سەپاندبێت . بە پێویستی نـەزانیوە - وەکو میری بتلیس- کۆڵێك پارە بۆ قازی و مازی تـەرخان بکات ( ئەولیا چەلەبی، چەند زیرەکانە باسی قازیی رژیمی عەبداڵ خـانی بتلیـس دەکات کە دەڵێت " دەکرا معاشی یـەکجار زۆری قازی ( پتر لە سێ ملیۆن ئـاقچە) زۆر زیاد بکرایە « ئـەگەر لەگەڵ میردا رێـکبوایە»! ". پاشای کۆرە ئەو ئەرکەی بە پێویست نـەزانیوە و دروشمی هـەمان ئەوەی " لویی چاردە" بووە ( دەوڵەت من و من دەوڵەت )، قازی - تـەبیعی - لەگەڵیدا رێـك دەبێت، ئـەینا خۆ میر فەرمان دەدا بە " حەسەن مەلوکی" بیبات لەگەڵ گۆڕیدا رێك بخات و تەواو .

## ٣.ب - ژێرخان و دارایی

ئـەم چەند سەرچاوەیەی من ، زۆرکەم باسی ئابووری و دارایی ئەم دەوڵەتە دەکەن . ئەولیا چەلەبی زانیاریی باشی دەربارەی بتلیس و چەند میرنشینیەکی تری کورد تۆمارکردووە، بەڵام باسی سۆران ناکات . شەرەفخانیش کە پتر لە دووسـەد ساڵ پێش پاشای کۆرە باسی سۆرانی کردووە، بە رەوشـتی نـەجیبزادەیی خۆی، زۆرتر هەر باسی کێشەو هەرای نـەجیبزادانی مەیدانی شەڕو چوونەسەر تـەخت بیریان داگیرکردووە و، شتێکی وەهامان دەربارەی شتی تر بۆ باس ناکات، تا بەفوونە ئـەگەر جیاوازییەکی میراتی فەرهەنگی سیاسیی سۆران و میرنشینیەکانی تر هەبووبێت، بۆ لێکۆڵینەوەی قۆناغی دواتر کەڵکی هەبێت . " ئاغا و شێخ و دەوڵەت"، دکتۆرنامەی فان بروونە-سن، کە من بەشی زۆریم کردووەتە کوردی، رژیمی ئابووری و دارایی عوسمانی(و هێندێکی دەوڵەتە کوردەکان)ی بە دوورودرێـژی روون کردووەتەوە، کە رەنگە ئەوەی سـۆرانیـش زۆر لەوانە جیاواز نـەبووبێت ( من لە سـەرەتادا هێندێك لەوانەم لێرەدا باسکردبوون،بەڵام لەم تایپ کردنەدا بە پێویستم نـەزانی، بۆ کەسێکی کە مەبەستی بێت دەتوانێت بگەڕێتەوە دوو بەرگی"هەڵبژاردەیەك لە ئاغاو شێخ و دەوڵەت") .

ئـاسـایشی قەڵەمڕەویی دەوڵەت حـەقەن بۆ بەرهەمی ئابووری بەکـەڵك بووە، رەنگە جووتیارانێکی قەڵەمڕەویی بابانیش یا هی شوێنانێکی تر هەبووبن کە روویان لێرە کردبێت . کشتوکاڵ و بازرگانی و - بەتایبەتی- سـەنعەت دەبێت لە دۆخی زۆر بـاشـدا بووبن . پرد و رێگاوبان و قەڵا و کۆنگرە، هـەرچەندە رەنگە زۆرتر هەر بە مەبەستی سەربازی دروست کرابن، بەڵام ئەوانە بۆ بازرگانی و پەرەسەندنی ئابووری حەقەن ژێربینای گرنگ بوون :

" ئیچقەڵا " لە باکووری رەواندز، قەڵاو شوورەی دەوری رەواندز، " جووت کۆنگرەی شەمام"، بەشێك لە دڕینی رێی تێکەڵکردنەوەی ئاوی خەڕەند و چەمی رەواندز ( هـەرچەندە تەواو نـەکراوە)، دروستکردنـەوەی زۆر قەڵای رووخاو و دروستکردنی زۆری تری نوێ، هەر لە" پردێ"وە تا " قەمچووغە" و، لە باکووریش تا قەڵای" نیراوا" ( باکووری رۆژهەڵاتی ئـامێدی) و رەنگە تا زۆر باکوورتریش؛ چەندین پرد لەسەر رووبـاری رەوانـدز ( رەواندز، خەلکان، هەوارەکۆن، بەرسرین، چۆمە ریخن، ئۆمەراوا ، ناوپردان، دەربەندی شیوەزور، رایەت) و، لەسەر چەمی " رۆست" ( بالوك، سمیلان) و، لەسەر چەمی" باڵەکیان"، چەمی " بەرازگر"، چەمی" خەلیفان" و، دەمی" گەلی عەلی بەگ"و، لە" ئاشی ئاودەل ئاغا". حوزنی دەڵێت کە" ئەو پردانە ئێستاش(١٩٣٥) ماون و بە دەستوورێکی فەننی و جوانن، هـەمووی گەچ و بەردی تراشـراو" کە ئەندازیاری ئینگلیس دیتوویانن زۆریان پێ سەیر بوون و " واق ماون"! کە چۆن هێشتا گەچەکەیان هەر وا سپی ماوەتەوە و پایەکانی بەوجۆرە ... ئیدی .

میر، لە" گەلی‌میگر"ەوە ئاوی بە جۆگەدا کێشا نێو قەڵای ڕەواندزەوە، ئەمڕۆش (١٩٣٥) شاری ڕەواندز ئەو ئاوە بەکاردەبەن" ( حوزنی ل ٥٢-٥٣) .

میر، خانووبەرەی گەلێك‌گەورەی بۆخۆی و بۆ سەرای دروست کرد. مزگەوتێکی‌گەورەی لە ڕەواندز دروست‌کردو " لە دەرگای مزگەوت کونە مەتەرێز و سەنگەری تێدا دامەزراند"!.

میر، ناردوویە وەستایەکی تورکی ئازەریی لە" ورمێ"وە هێناوەتە ڕەواندز (١٨١٦)، ناوی" خان گێلدی" بووە، ڕەنگە چەخماخساز بووبێت ( تاقە کەسێکی غەیرە کورد کە ناوی لە دەوڵەتی میردا هەیە) و، کردوویە بە سەر-پەرشتی سێ لکی سەنعەت : خەنجەرسازی، زێڕینگەری، دارتاشی .

" وەستا برایمی ماویلی" کراوە بە بەرپرسی دروست کردنی شوورەو قەڵاو کۆنگرەو پردو ڕێ و بان و خانووبەرەو پرۆژەی ئاو و ... .

" حاجی مستەفا ئاغا" ی خەڵکی "هەنارەباتاس و سوورچی" کراوە بە سەرۆکی ژووری بازرگانی .

سێ خەزێنەدار لە پایتەخت هەبوون، لە سەردەمێکدا :

- " فەقێ ئەحمەدی ختی" خەزێنەداری تایبەتی دیوانی میر بوو و، حوزنی دەڵێت" جیرەو نانی هەژاران و عولەماو بێ دەسەڵاتان"! ( بەوجۆرە پێکەوە) کاری ئەو بوو . من کە ئەوە دەخوێنمەوە، دەڵێم کەواتە وێ ناچێت زانایانی ئاینی نازیان زۆر کێشرابێت .
- " فەقێ وسوی جۆلەمێرگی" خەزێنەداری خەرج و خەراج و ماڵیە و باج " . معاشی هێزی چەکدارو، بیناو ئاوەدانی لای ئەو بوو .
- " محەمەد شاتر" خەزێنەداری ماڵی تاڵان و زەوتکراو، خەڵات و بەخشش و نیشان، حیسابی لای ئەو بوو .

هەر پارەیەکی داهات و دەرچوو، بە وردی و ڕێکوپێکی دەنووسرا .

حوزنی، لە شوێنێکدا باسی کۆبوونەوەیەکی حەفتانەی‌کاربەدەستان لە ڕەواندز دەکات، بەڵام بەو درشتکارییەی دە نووسینیدا هەیەتی، لە من ڕوون نیە، ئەو کۆبوونەوەیە چۆن و بە وردی کێی گرتووەتەوە ( بەتایبەتی کە لێرەدا چاپی کارەساتی گیو دە ئارادایە) .

حوزنی دەڵێت میر حەوت جۆرە دراوی هەبوون و، بەشێوەیەکی زۆر ناڕوونی دەڵێت، قورش و قروش و غورش و غروشی وا تێکەڵوپێکەڵ کردوون کە من سەرم لێ دەرناچێت، ئیتر مەگەرهەر- بەکەمێك دەستکاریی ڕێنووسەوە -

وەکو خۆی وەگوێزم :

١- یوزلغ (پازدە قروش بوو)، ٢- ریالٚ ( یازدە قورش بوو)، ٣- قروش ( حەوت غورش)، ٤- تەنیگر (چوار قروش بوو)، ٥- جلق ( سێ چارەگە قورش بوو)، ٦- خودابەندە ( چارەگە غروشێك بوو)، ٧- شایی ( نیوغروش بوو) .

سەدغروش لیرەیەکی زێڕی عوسمانی بوو

ئەوانە هێندێك زێڕ و هێندێك زیو و هێندێکیش مس بوون . حوزنی دەڵێت کە خۆی " جلق" و " خودابەندە" ی لا هەبوون کە مس بوون و، " تەنیگر" یشی هەبووە کە زیو بووە؛ تاریخی سەریان سواوە و دیارناکات، بەڵام لە دیوێکی دەخوێندرێتەوە " الامیر المنصور محمد بیگ" ( لە شوێنەکانی تردا نووسراوە " بگ" کەچی لێرەدا بووە بە " بیگ"، رەنگە چاپی گیو وای لێ کردبێت)، لە سەر دیوەکەی تریشی نووسراوە " ضرب في رواندز ".

## ٣.ج - لەشکرو چەك و چۆڵ

پاشای کوڕە، کە هەر لەدایك بووە، بۆ ئەوە هاتووەتە ئەم دنیایە ببێت بە جەنەڕاڵێك، کە لە جیاتی خوێندنەوەی مێژوو، مێژوو دروست بکات . میرمحەممەدی ڕەواندز، ئەگەر لە ئەورووپا بوایە،- کورد گوتەنی -" ناپلیۆن" دەبوو کەوشی بۆ دابنێت .

مرۆڤێك تەواوی ژیانی تا بووە میر، جگە لە ڕەواندزو چەند گوندێکی دەوروبەری، ئاگای لە دنیا نەبووە . خوێندنەکەی بریتی بووە لە قورئان و حەدیس و ڕێزمانی عارەبی و ڕەنگە سەعدیی شیرازیش . هەرچی زانستی سەربازی بووە، بە غەریزە دە جینەکانیدا بوون . لە سیفری تاریخەوە، بێ ئاگاداربوون لە هیچ خوێندن و ئەکادیمیایەکی سەربازی، گەیاندوویەتەوە نوێترین سوپای هاودەمی . هەر لە سەرەتاوە، هێندە بە ڕوونی ئاگاداری پێویستیی دەوری مێژوویی بووە و، چەندە بلیمەتانە سێ مەرجی بۆ بوونە میر داناوە، کە - جاری یەکەم- قەبووڵ نەکراون، ئەویش میرایەتیی قەبووڵنەکردووە . بەرنامەی ڕوونی هەبووە، دیدی داهاتوو و پێداویستەکانی وەکو شریتی ڤیدیۆ، بە وێنەی سێ ڕوویی دیجیتاڵ لەبەرچاو بووە . بە" کۆدی جەنەڕاڵ" مامەکانی خنکاندووە، ئەگەر باوکی خیانەتی بەو کۆدەیە بکردایە، فەرمانی مەرگ دەیگرتەوە؛ ئەو باوکەی کە مافی ئەوەی نەبوو تەنانەت لە ماڵی خۆیدا، وەك سەربازێك لە سەربازەکان یا کرێکارێك لە کرێکارەکانی کانسازی و چەکسازی لە ڕەواندز بژی .

من چوومە شوێنی شەڕی واتەرلۆی ناپلیۆن ( ی ١٨١٥ ) لە بەلجیکا، پانۆرامایەك لەو شوێنە دروستکراوە، کە تابلۆی سێ ڕوویی لێ بەشێوەیەکی زۆرهونەری، مەیدانی شەڕەکە پیشان دەدات ... ئیدی . پاشای کوڕە، شایانی پتر لەیەك پانۆرامایە، یەکێك لەوانە لە ڕەواندز، ڕۆژێکی ساڵی١٢٣٣ی کۆچی(١٨١٧/١١/١١-١٨١٨/١٠/٣١) لەم دێڕانەی حوزنی :

> " لوولە تۆپ داڕێژرا و، بە تەواوی لە قالب دەرخرا . وەستا ڕەجەب مزگێنی دا بە میر کە گەیشت . میر دەستبەجێ هەزار ریاڵ زێڕی بۆ وەستا ڕەجەب و بۆ هەر شاگردێك سەد ریاڵ و، بۆ وەستا ڕەجەب شاڵێکی تورمە و کەوڵێکی سەموور و ئەسپێکی زۆر چاکی بە پێشکەش نارد و، ڕایئەسپارد کە بێتە خزمەت .
>
> میر ڕانەوەستا وەستا ڕەجەب بێت، هەستا بە پێیان چوو لەبەر ڕکێفی وەستا ڕەجەبدا ڕۆیشت هەتا گەیاندیە سەرا و، ڕێزی لێنا و سوپاسی کرد." ( ل ٥٣)

میر و سەرهەنگ و کارپەزیر، شاڵی تورمەیان لەسەردەنا. میر کەوڵی سەموور، سەرهەنگ و کارپەزیر پەستەکی درێژی هەتا سەرئەژنۆیان دەبەردەکرد.

میر کە دەڕۆیشت، چوار گاردی تایبەتی، ستافی زیو بەدەست لەپێشییەوە دەڕۆیشتن و، لە سەرادا هەرئەوان ڕێگای چوونە ژووریان هەبوو.

بەرگی سەربازیی تایبەتیی سەرهەنگ، وێڕای شاڵی تورمەو کەوڵی سەمموورو پەستەکی درێژی سەرئەژنۆی باس - کرا : رانك و چۆغەی ئاوریشمچن، مەرەزی خەتێك سپی و یەکی رەش تێدا، کڵاوی لبادی لای گوێی راستی بە درێژیی بستێك بەبەردراوەیی.

بەرگی تایبەتیی سەربازی ئاسایی : رانك و چۆغەی زەرد، کڵاوی لبادی رەنگی خاکی.

حوزنی وشەی" سپاهی" ی بۆ سەرباز بەکاردەهێنێت، روون نیە ئایا ئەوسا وەهایان پێ‌گوتراوە یان هەر قسەی حوزنی خۆیەتی؛ حوزنی کە دەبێت ئاگاداری زاراوەی" سپاهی"ی عوسمانی بووبێت، دەبوو لێرەدا بیگوتایە کە ئەو" سپاهی"یەی میر کاری بە" سپاهی"ی عوسمانی نەداوە( سپاهی لە رژێمی عوسمانیدا مووچە(ی زەوی)خۆری دەرەبەگی بوو، لای پاشاکۆرە دیارە - وەك سەربازی لەشکری دەوڵەتانی ئەمڕۆ - سەربازێکی ئاسایی نیزامیی بە معاشی دیارکراوی پارە بووە، - وەك باسکرا- لە یەکێك لە سێ خەزێنەدارەکان وەرگیراوە) ..

چەك : دەمانچەی قەرەبینا، تفەنگی ئەستی و بەردوباروت و، ساچمەو گوللەدانی شاخی و، چەوریدان و، " سغرە دەمانچە""یان پێ‌بوو. (مەبەست لە جۆرێك کیفی چەرمی (ساغریی) دەمانچە ؟ یا جۆرێك دەمانچە پێی گوترابێت سوغەری ؟ ( " سُغَری" بە فارسی بە واتای " سیخوڕ" هەیە).

سوارە: رانك و چۆغەی بەڵەکی پێ ئاوریشم، جووتە دەمانچەی قەرەبینا بە قەڵپووزی زینەوە هەڵاوەسراو، شیرێك بەتەنیشتەوەو، تفەنگی کورتی رەشۆکیی بازنە زیو.

بەوجۆرە، هێزی جیاواز بەرگی جیاوازو رەمزی جیاوازیان هەبوو. باسی بەرگی رەسمیی کرێکارانی کارگەکان (بە نموونە کارگەی دروستکردنی تۆپ لە گەڕەکی کاولۆکان، یا دارتاشان ... ئیدی) نیە، هەرچەندە دیارە کە وەستا رەجەب خۆی لە ریزی سەرهەنگانی هەرە بەڕێز دانراوە ( هێندێك دیاریی میری کە دروانەتێ پێشتر باسکران، کەواتە دەبێت بەرگیشی هی سەرهەنگ بووبێت).

وێنە (فۆتۆگراف) ی دەمانچەیەك و فیشەکێکی جوان دە کتێبەکەی حوزنیدا هەن، بەڵام گوللەتۆپەکان هەر حوزنی خۆی بەدەست رەسمی کێشاون ( رەسمی خراپ و رەزاقورس! کە سەلیقەی حوزنی دەنوێنن). سێ گوللەتۆپ : دوو

قەنتار، چوار قەنتار، شەش قەنتار . (یەك قەنتار لە كێشی ئاساییدا = یەك سەد رەتڵ، یەك رەتڵ = دووكیلۆ و ٥٦٤ گرام؛ بەڵام هەمیشە یەك پێوانە نەبووەو گۆڕاوە . بەهەرحاڵ، شەش قەنتار بەو پێیە لە هەزارو پێنجسەد كیلۆ پتر دەكات و من نازانم ئەگەر لێرەدا هەڵەیەك نەبێت ) .

ژمارەی كادیری سوپا ، لە چاپی گیوی بێ سەلیقەدا دەردێكی دراوەتێ كە سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناكات . سیفرو میفر تێدا قیمەتێكیان نیە ( دە هەزار بە سێ سیفر ۱۰۰۰ نووسراوە) . بەڵام بەگوێرەی ئەوە كە حوزنی- خۆشبەختانە- لە شوێنێكدا بە تیپی نووسینی نووسیوە نەك بە ژمارەی ژمارە، ساڵی ۱۸۳۱ سي هەزار شەڕكەر بووە، دەهەزار سوارە و بیست هەزار پیادە . پێشتریش كە ژمارەیان كەمتر بووە، هەر لە سێ بەشی بەشێكی سوارەو دووبەشی پیادەبوون .

# ٤- دوا سەرکەوتن و کەوتن

ئەرشیفەکانی قاهیرەو ئەستەمبوڵ، دەبێت باسی دوا شەڕەکانی پاشای کۆرە و دەوڵەتی عوسمانییان تێدا هەبێت، کەکسانێك، بۆ کەرەستەی کارنامەی ئەکادیمییان، یا ئـەگەر " کۆڕی زانیاری کورد " و زانکۆیەکانی کوردستان رۆژێك بیانەوێت وەکاربکەون، بچن هەڵیاندەنەوە . محەممەدعەلی پاشای میسر و ئیبراهیم پاشای کوڕی، پێوەندیی نـامەیان لەگەڵ پاشای کۆرەدا هـەبووە و، دەبێت هێرشـەکانی پـاشای کۆرە بۆ نسێبین و ماردین، پێوەندیی بە نەخشەیەکی هاوئاهەنگی لەگەڵ ئیبراهیم پاشادا هەبووبێت .

بۆ تێگەیشـتنی زەمینەی ئەو شەڕانەی نێوان عوسمانی و میسر و، عوسمانی و رەواندز، حەقەن دەبێت بگەڕێینەوە مێـژووی هـەوڵی گـۆڕانی نـوێ دە ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، کە سـەلیمی سـێیەم ( سوڵتان ١٧٨٩-١٨٠٧)، بە بەرنامەیەك بە ناوی " نیزامی جەدید " دەستی پێکرد و، محافەزەکارانێك هـەبوون کە لە وشـەی " جەدید " ( نوێ) دەسـڵەمینەوە و دەسەڵاتدارانێکی ناوچەیی و فـەرمانڕەوایانێکیش هـەبوون کە دژی مەیلی مـەرکەزیەتی نیزامی جەدیدی عوسمانی بوون . یەنیچەرییەکان، کە ئەوپەڕی گەندەڵ و بەرەڵڵا بوون، زەندەقیان لەم نیزامە جەدیدە چوو و سەلیمی سێیەمیان لەسەر تەخت لادا و، ئامۆزایەکی کەڵەکچی (مستەفای چوارەم)یان لەجێگای دانا( کە خۆی بە دڵسۆز پیشانی سەلیم دابوو و لەژێرەوە لەگەڵ یەنیچەریدا بوو) . مستەفاپاشای ئینجە بایراقدار( ی لەدایک- بووی ئۆکرانیا ) کەکۆڵەکەی نیزامی جەدید بوو، بەهێزێکی بۆسنی و ئەلبانییەوە، لە بولگاریاوە چووە ئەستەمبوڵ تا بەزۆر سەلیم بخاتەوە سەرتەخت . مستەفا، سەلیمی سەربڕی و فەرمانی دا نیوەبراکەی خۆیشی( مەحموود) سەر- ببڕن، ئیتر کەسێکی بنەماڵەی عوسمانیی جگە لەخۆی بۆ سەڵتەنەت نەدەمایەوە و، ناچار دەبوون بیهێڵنەوە . بەڵام ژنێك مەحموودی لە گۆشەیەکی توونی حەمامدا شـاردبۆوە و، بایراقدار فریای کەوت . مستەفایان کوشـت ( کە دەوری چاردە مانگ سوڵتان بوو) و مەحموود ( بەناوی سوڵتان مەحموودی دووەم ) کرا بە سوڵتان (١٨٠٨) .

مەحموودی دووەم، زۆر بەجیددی کەوتە سەر ژیاندنەوەی" نیزامی جەدید "،کە" لەشکری نوێ " * و" مەرکەزیەت " و " نەزمی نوێی باجی دەوڵەت " تێدا هـەرە لەبەرچاو بوون . ئـەو سیاسەتە بوو کە بووە هۆی شەڕی ئەستەمبوڵ لە دژی بەغدا(داودپاشا) و، قاهیرە و، رەواندز و شوێنانێکی تریش .

---

* یەکێك لە کارەکانی مەحموودیدووەم ئەوەبوو کە کڵاوێکی نوێی بە سەر خەڵکدا سەپاند. کڵاوێك کە لە شاری " فاس " ( یا فێس Fès، فێز Fez دووەم گەورەترین شاری مەغریب) باو بوو و ئیتر هەر پێیاندەگوت " فێس " ←

رژیمی نوێی " مەحموودی دووەم"، لە هێزی محەمەدعەلی پاشای میسرو فەرماندەیی ئیبراهیم پاشای کوڕی زۆر دەترسا . ئیتر لەدوای لێدانی هێندێك لە مەرکەزەکانی هێز ( داودپاشا لە بەغدا یەکێك بوو لەوانە)، رووی کردە پاشای کۆرەی هاوپەیمانی میسر، کە جگە لە خەتە سەرەکیەکەی مەرکەزیەتی " نیزامی جەدید"، وەك چەقۆیەکی میسری لە پەنا کەلەکەی خۆی دەدیت .

هێزێکی گەورە بە فەرماندەیی محەمەدپاشای کوڕی ئەو بایراقدارە، ناردرا سەر دەوڵەتی سەربەخۆی رەواندز . حوزنی، هێندێك باسی ئەو بەشەی شەڕەکانی، وادیارە لە مەلیخا وەرگرتووە :

بایراقدار کاتێك چووە سەر ئامێدی، کە رەسووڵ بەگی سۆرانی حاکمی، لەگەڵ ئیسماعیل پاشاو کەسانێکی تری کاربەدەست لە مەرکەزی ئامێدی نەبوون، چووبوونە ئاواکردنەوەی قەڵای نیراوا ( باکووری رۆژهەڵاتی ئامێدی) . بایراقدار بە بێ شەڕ " ئامێدی"ی گرت و پڕیکرد لە سەرباز و، لەدووی سەرۆکەکانی" شێخان "ی نارد بچن لە گوندێك لەگەڵیدا بدوێن . کە چوون،هەمووی گرتن و کوشتن و، ژن و منداڵەکانیشیانی بە دیل بردنە مووسڵ .

---

← ( ئێستاش هەر بەوناوە ماوە) . بریتی بوو لە تەپلەیەکی سووری گوڵینگەدار و، - وەکو کاسکێتەکانی ئەوروپایی- پارچەیەکی لەپێشەوە وەك گوێسوانەیەك، وەك چەترێك کە نەهێڵێت هەتاو بە چاو بگات .

" عولەما" هاتوهاواریان تێکەوت، سەربازێکی کڵاوی وەهای بەسەرەوە بێت چۆن دەتوانێت لە نوێژدا سوجدە بەرێت و ناوچەوانی بە زەوی بگات ؟ فەرمانێکی سوڵتانی دەرکرا کە ئەو پێشەیە ببڕن و هەر تەپلەکە بە بێ ئەوە بکەنەسەر! ( دواتر عارەب ناوی " طَربوش"یشیان لێنا، طَربوش لە " سَرپوش" ی فارسی کە سەرپۆشی ژنانە، بە تورکی بە دوو شێوە: " طرپوش"و" ترپوش" نووسراوە) و، ماوەیەك پەرۆیەکیشی بەدەورەوە بوو . لەسەرەتادا دەبوو هەمووکارمەندێك دەسەری بکات و عەمامە قەدەغە کرا، چونکە عەمامە هی نیزامی قەدیم بوو و فێس نیشانەی شارستانیەت بوو، ئەوجا بەسەر لەشکریشدا سەپێندرا، تا مستەفا کەمال ساڵی ١٩٢٥ فێسی بە نیشانەی نیزامی قەدیم دانا و قەدەغەی کرد و، بڕیاری دا کە کڵاوی ئەوروپایی دەبوو بکرێتە سەر، چونکە ئەمجارە ئەم نیشانەی شارستانیەت بوو نەك فێس . ئێستا ئیمامی تابووری لەشکرو مزگەوتەکانیش لە زۆر وڵات فێس دەسەر دەکەن ( بە هەمان مۆدەی کۆنی، پەرۆیەك بە دەورەوە) . مسوڵمانانی رۆژهەڵاتی دوور ( ئیندۆنیزیا ، مالیزیا...) مۆدێلێکی خۆیان لەوە هەیە، بە رەمزی ئاینیی ئیسلامیی دادەنێن، پێی‌دەڵێن " روومی تۆپی".

ئیسماعیل پاشا، پیاوێکی زێباری ( جورنەقب ؟) ی نارد، بە شەو چووە سەر جێگای بایراقدار و، نوستووی بە خەنجەر داگرت و هەڵات وگەڕایەوە . بەڵام دەرچوو کە کوژراو بایراقدار نەبوو، میوانێکی بوو،لەجێیدا خەوتبوو. بایراقدار، ئەمجارە لە مووسڵەوە بەرەو رەواندز دەرچوو. پاشایکۆرە لەشکرێکی بە فەرماندەیی رەشیدبەگ نارده پێشی . رەشید بەگ هێزی کوڕی بایراقداری لە نیزیکی زێی بادینان ( زێی گەورە) شکاندو بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕایەوە رەواندز .

میر، هێزێکی سێ هەزار سەربازی بۆ ئیسماعیل پاشای ئامێدی نارد. ئیسماعیل پاشا نامەیەکی دووردرێژی بۆ خەڵکی ئامێدی و مەلایەحیا نارد کە"یاریدەی دوژمنیکورد نەدەن (.. )چۆن دەبێ لەبیربکرێ کە ژن و منداڵی کورد لەدەست دوژمناندا لە مووسڵا دەفرۆشرێن"( حوزنی ل ٨٠-٨١، نازانم ئەوە دارشتنەوەی حوزنی خۆیەتی یا بەراستی ئەسڵەکە وەهابووە) . بایراقدار خۆی ئێستا لە مووسڵ بوو ( کێی لەسەر ئامێدی دانابوو ؟ مەلایەحیا ؟ بە روونی باسنەکراوە) . بایراقدار، ویستی پێش ئیسماعیل پاشا خۆی بگەیەنێتە ئامێدی، بەڵام لە رێگا، لە "عین توتااي‌تۆت""؟ ئیسماعیل پاشا هاتە سەر رێگای . بایراقدار پیس شکا و، رایکردەوە مووسڵ و، ئیسماعیل پاشا بە سەرکەوتوویی و دەستکەوتی زۆرەوە گەڕایەوە ( بۆ رەواندز ؟ بۆچی گەڕایەوە ؟ بۆچی راست نەچووە سەر ئامێدی ؟ روون نیە) .

دیسان، بایراقدار، بۆ جاری دووەم ویستی خۆی تاقیبکاتەوە، دیسان بەرەو ئامێدیی ئاژۆت، هەمان ئیسماعیل پاشاش دیسان بۆی چوو، ئەمجارەیان لە" شێخان" پێشیپێگرت و دیسان شکاندی و، بایراقدار دیسان بە شکاوی رایکردەوە مووسڵ ." ئیسماعیلپاشا مزگێنیی ئەو هەموانەی بە دیارییەکیچاکەوە بۆ میر نارده رەواندز و، بۆخۆشی گەڕاوە دەهۆك و رەسووڵ بەگی برای میری لەسەرئامێدی دامەزراندەوە و، ٦٠٠ پیاوی ئازای لە کن بوو" (حوزنی ل ٨١، بە دەستکاریی رێنووس) .

بەوجۆرە، بایراقدار هیچی بۆ لەگەڵ رەواندز نەکرا .

لێرەوە دەوری گرنگی مستەفا رەشید پاشا دەست پێ دەکات .

سوڵتان هەموو دەسەڵاتێك، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پاشای کۆرە، دەدات بە " مستەفا رەشید پاشا"ی کە ساڵی ١٨٣٧ بوو بە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتیعوسمانی و، زۆر نیزیکی ئینگلیسەکان بوو و، دیارە هاوئاهەنگ-ییەکی زۆری کاریان لەنێواندا بووە .

مستەفا رەشیدپاشا، سەرەتا کەوتە سەر تاقی‌کردنەوەی چارەی سەربازی. بە لەشکرێکی زۆرگەورەوە، هێرشی بۆ سەر جزیرە بردو، لە دەستی سۆرانی دەرهێنا. کە ئەو ئەو ساڵە بووە بە وەزیر، بە وردی کەی و بە چ سیفەتێك چووەتە ئەو شەڕانەوە... هیچی روون نیە.

لەوێوە چووە سەر زاخۆ، نوێنەری میر لە زاخۆ زانی کە بەو هێزەی هەیەتی پێشی دوژمنی پێ ناگیرێت، یارمەتیـ ـیشی لە رەواندزەوە پێ‌نەگەیشت، ئیتر "روو بە رووبار لە پەنجەرەوە خۆی هاویشتە خوارەوە و خنکا". مستەفا رەشیدپاشا زاخۆی گرت و، لە زاخۆوە چووە سەر "ئاکرێ" و دەورەی دا. سەرهەنگی لەشکری سۆران لە قەڵای ئاکرێ "پیربال چاوەش" سێ مانگ خۆی گرت "و بە شەڕ نەیهێشت سوپای تورك دیواری قەڵا بسمێ". بەڵام زێباری (حوزنی دەڵێت "زێباری و خێڵی ئاکرە") وا دیارە بە دیتنی ئەو هێزە زۆرەی عوسمانی، هەلپەرستانە سەنگەریان گۆڕیوەو داویانەتە پاڵ مستەفا رەشید پاشا. ئیتر "پیربال چاوەش" بە شەو قەڵای بەرداوە و روو بە رەواندز هەڵاتووە.

مستەفا رەشیدپاشا، حەقەن لە بلیمەتیی پاشای‌کۆرە ئاگادار بووەو، بەو یەکەم سەرکەوتنانەی لەشکری عوسمانی غوررا نەبووە، تەنانەت - زۆر لە جێی خۆیدا - چاوەڕوانیی ئەوەی کردووە کە بار بەتەواوی بەسەریدا قلْب بێتەوە، لەبەر ئەوە داوای هێزی زۆر پتری لە ئەستەمبوولْ کردووە. ئیتر لەشکرانی یارمەتی لە هەموولایەکەوە خۆی دەگەـ یەننێ، لە: سێواس، مووش، بتلیس، دیاربەکر، بەغدا و (بەگوێرەی حوزنی) کوڕی بایراقدارەکەش دیسان لە مووسڵەوە رەگەڵ دەکەون.

میر، رەواندز چاك قایم دەکات، ئەوجا بڕیار دەدات کە نەهێڵێت شەڕ بکەوێتە خودی رەواندزەوە، بە هێزێکی چل هەزار شەڕکەرەوە دەچێتە دەشتی حەریر. لەوێوە نامەیەك بۆ "محەممەدشای قاجار"ی ئێران دەنێرێت کە، بەگوێرەی رێککەوتنی‌نێوانیان،یارمەتیی بۆ بنێرێت و؛ پێش گەیشتنی مستەفا رەشیدپاشا، لەشکرێك بە فەرماندەیی سەرـ هەنگی‌سەرهەنگان ئەحمەدبەگ (برای) دەنێرێتە سەر مستەفا رەشیدپاشا. سەرهەنگی سەرهەنگان، دەچێت لەسەر زێی بادینان پەلاماری ئەو هێزە گەورەیەی عوسمانی دەدات و دەیشکێنێت و، بە سەرکەوتوویی و دەستکەوتی زۆرەوە دەگەڕێتەوە لای میر لە حەریر.

ئا لێرەدا، ئەوەی کە بە بیری کەسدا نەدەهات، روویدا. میر، دوای ئەو لوتکەی سەرکەوتنەی سەربازیی، چۆن بڕیاری دا کە لەگەڵ مستەفا رەشید پاشادا رێکبکەوێت و، بچێتە ئەستەمبوولیش؟ یەکێك لە نهێنییە گەورە و سەیرەکانی مێژوو، کە هێشتا هەر تەڵیسمیان نەکراوە ماونەوە.

بەخۆم نیە، من ئەوەم بە سەردانەکەی ١٩٧٥ی سەرۆك مستەفا بارزانی لە تاران دێتە بەرچاو . هەر یەك ڕۆژ پێش ئەوە، پێشمەرگە چەندە قـارەمانانە پەلاماری هێزەکانی حکومەتی بـەغدایان دا و سـەرکەوتنیان وەدەستهێنان، کەچی ڕۆژی دوای ئەوە خەبەریان بۆ هات کە تەواو بوو( بە وشەکانی سەرۆك بارزانی بۆ ڕۆژنامەنووسێك :"کار من تمام شد") .

بۆچی میر ئەو بڕیارەی دا و، چۆن چووە ئەستەمبوڵ ؟

من لام وایە وەڵامەکەی هەمان هی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی بارزانی ساڵی ١٩٧٥ "کار من تمام شد"ی ڕاگەیاند . هەمان بیرکردنەوەی میرانی کوردی چەندین سەدەی ڕابردووە .

سـەرۆك بـارزانی، پێیوابوو کە نـەدەکرا بە تـاقی تـەنیا درێژە بە شەڕ بدات و، ئێران و عیراق و براگـەورەکانیان ( ئـەمریکا و سـۆڤیەت) بە جارێك بکەونە لایەکەوە و، ئەویش بە تەنیا بەو چیایانەوە خۆی بسـەپێنێت . لەبەرئەوە

دەبێت جارێ ددان بە خۆیدا بگرێت و، خۆی بۆ هـەلێکی تر بپارێزێت . چ خۆی و، چ ئـەولادی، لە یـەکەم هەلی داهـاتووی ئەو مەڵبەندە پڕ لە شـلْپ و هوڕەی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاست، هـەر دێنەوە مەیدان . با ئێستا لە جـەغزی گەمەی سیاسەتی دەوڵەتان وا دەرنـەچن کە لەو چیایانە بەتەنیا وەکو گیڤارایان لێ بە سـەر بێت و شـەهید ببن و، ببڕێتەوە . بە بیری من، ڕێك ئا ئەم بیرکردنەوەیە بووە کە پاشای کۆرەی بەو بڕیارە گەیاندووە .

من لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەمدا، زۆر لەسەر هۆی ئەم بڕیارەی میر ڕۆیشتم، بەڵام دوایی سەیرم کرد کە زۆر لە زانیاریی سەرچاوەی حوزنی هەڵە بوون و، یـەکجار زۆر شێوابوون . هەر بەڤوونە، حوزنی کوژرانی پاشای‌کۆرە و مردنی مستەفا ڕەشیدپاشای خستبوونە هەمان کاتەوە و، وەك ئەوەیە بیەوێت بڵێت ڕەنگە کوژرانی پاشای‌کۆرە پێوەندییەکی بە مردنی مستەفا ڕەشیدپاشاوە هەبووبێت و، هیچ تاریخێکی بۆ ئەوە نەداوە . دە بەگوێرەی سەر- چاوەی ئەرشیفی عوسمانی، مستەفا ڕەشید پاشا ١٨٥٨/١٢/١٧ مردووە . من، بە بردنەوە سەر یەکی کۆمەڵێك قسەی حوزنی و، زانیارییەکی لە بارەی نێوانی ئینگلیس و ڕووس و عوسمانی و میسرو ئەڵماندا وەدەست دێن، بیرم بۆ ئەوە چوو، پـاشای کۆرە، لە ناوەندی چلەکانی سەدەی نۆزدە کوژرابێت . بـەڵام دوای چاپی یەکەمی ئەم کتێبەم بە چەند حەفتەیەك، برایەکی هێژا( کاك ڕۆهات ئالاکۆم)، وێنەی چەند بەشێکی ڕۆژنامەیەکی سوێدیی ١٨٣٧ی بڵاوکردەوە ( ڕۆژنامەی Post - och inrikes tidningar) ،کە باسی پاشای کۆرەی تێدا هەبوو . لە یـەکیاندا ( ١٩٣٦/٩/٢٩) دەڵێت کە میری ڕەوانـدز گیراوە، لە یەکی تـردا ( ١٨٣٧/١٢/١١) دەڵێت میری

رەواندز کوژراوە .

لەبەر ئەوە، من ئێستا مەگەر هەر بەم جۆرەی بۆ بچم کە :

هـاوکاریی مستەفا رەشید پاشا و ئینگلیس و عوسمانی و رووس و پرووسیا* لەلایـەك و، یـارمـەتی نـەهـاتن لە قـاجارەوە ( وادیارە ئینگلیس هەڕەشەیان لێکردوون کە نـەکەن یارمەتیی بدەن )، هیوای زۆری میری بە محەمەد عەلی پاشاو ئیبراهیم پاشای میسر کـەم کردووەتەوە و، پاشای کۆرە، زۆر زیرەکانە، نـەتیجەی بەربەرەکانیی ئـەو دەوڵەتانەی بەشی‌ئەوەندە راست دیتووە کە رەنگە بە قازانجی ئەو نەشکێتەوە، ئیتر بڕیاری‌داوە،کەهەرچۆنێك بووە جارێ لەگەڵ عوسمانیدا رێك بکەوێت، هەر نەبێت تا نەتیجەی کێشەی میسر لەگەڵ زلهێزەکاندا روون دەبێتەوە .

پاشای کۆرە، واز لە سـەربەخۆیی تـەواو دەهێنێت و، رێزو ناوی" میری میران" و سەلماندنەوەی ناوی" پـاشا" ی دەوڵەتی عوسمانی لە سوڵتانەوە پێشکەش دەکرێت** و، بەرەو رەواندز دەگەڕێتەوە و، لە رێگا دەکوژرێت .

باسەکە ئەوەندە و تا ئێرە، هەر مەگەر وابووبێت . بـەڵام حوزنی دەڵێت :

" میر باری ٢٠٠ ئێستر دراوی دا بە رەشیدپاشا، و بەوجۆرە میر دەخالەتی بە رەشید پاشا کرد، و لەسەر پەیمانی رەشیدپاشا خۆی تەسلیم کردو ناردرا ئەستەمبووڵ و عەفوی سوڵتان مەحموودی بۆ إصدار کرد و لەسەر عەهدێکی پێی‌دابوو روتبەی میری میرانی و پاشایەتی بە فەرمانەوە بۆ ئەستاند، و بۆ گەڕانەوە بۆ رەواندز ئەمری بۆ وەرگرت، لەو دەمانەدا مستەفا رەشیدپاشا مرد . دوژمنی مستەفا رەشیدپاشا کە عەلی رەزا پاشای والیی بەغدا بوو، بەلەز وەڵامی دا بە ئاستانە ئەگەر میرمحەمەدپاشا بگەڕێتەوە رەواندز عیراق لەدەست دەچێت،و ئیدارەی حکومەت و شیرازەی ئیش تێکدەچێت . میر لەودەمەدا روو بە تەرەبزون لە ئاستانە دەرکـەوتبوو، بابی‌عالی ئەمری دا

---

* پرووسیا، دواتر، ساڵی ١٨٧١، بوو بە ( عونسوری سەرەکیی کیانێکی یەکگرتووی نوێ :) ئیمپراتۆریی ئەڵمانیا.

** حوزنی دەڵێت کە یەکەم جار حافزعەلی پاشای والیی عوسمانیی بەغدا، ساڵی ١٢٤٩ (١٨٣٣-١٨٣٤) " روتبەی پاشایی و میری میرانی بەخەڵاتەوە بۆ میر محەمەد نارد" . وا لێرەدا دەڵێت بۆیان نوێکردەوە .

به والیەکان، لە تەرەبزوون و یا سیڤاس بە شەو ئیعدام و گومکرا. (حوزنی ل ٨٧، بە دەستکاریی ڕێنووس) .

حوزنی ناوی هیچ سەرچاوەکی هیچ لەوقسانەی نەهێناوە*.

" لەو دەماندا" ؟ کامە دەمان ؟ " مستەفا ڕەشید پاشا"ی بەناوبانگ بە " قۆجە" و - وەك حوزنیش دەڵێت - بە " دیپلۆماتلی"یش، بە گوێرەی ئەرشیفی‌عوسمانی،گوتمان ڕۆژی ١٨٥٨/١٢/١٧ مردووە کە لەودەمەدا شتێك بە ناوی میرنشینیی سۆران نەمابوو . من زۆر بە دووری دەبینم، بەفوونە، تەواوی زانیاریی کە ستانفۆرد شۆ و ژنە تورکەکەی لە " مێژووی ئیمپراتۆریی عوسمانی"دا لەو ڕووەوە بڵاویان کردوونەتەوە هەڵە بن . لەوێدا لیستەی ناو و تاریخی لەسەرکاربوونی هەموو سەرەك وەزیرەکانی‌عوسمانییان داوەو، لە باسی " قۆجە مستەفا ڕەشید پاشا"دا، لە " پیڕستی ناو"دا دەڵێن :

قۆجە مستەفا ڕەشید پاشا ١٨٠٠ -١٨٥٨ ، باوکی " تەنزیمات"، وەزیری دەرەوە : ١٨٣٧-١٨٤١ ، ١٨٤٥-١٨٤٦ ،١٨٥٣-١٨٥٤ ؛ سەرەك وەزیران : ١٨٤٦-١٨٤٨ ، ١٨٤٨-١٨٥٢ ،١٨٥٢ ،١٨٥٤-١٨٥٥ ،١٨٥٦-١٨٥٧ ، ١٨٥٧-١٨٥٨ .

ئەوەی ئەوەندەی تر لێرەدا سەری لێ ئاڵۆزکردم، ئەوەبوو کە ڕۆژنامە سوێدییەکەش - بە قسەی کاك ڕۆهات - وا دیارە مردنی مستەفا ڕەشیدپاشای بە سەرەتای ساڵی ١٨٣٧ باس کردووە . ئەوجا مەسەلە چیە ؟ پتر لە ڕەشید پاشایەك هەبووەو ،باسی دووانیان بە هەڵە تێکەڵ بووە؟ یا ماوەیەك دەنگوباسێکی وەها هەبووبێت،کە ڕۆژنامەش وەریانگرتبێت و، دوایی دەرکەوتبووبێت کە وا نەبووە ؟ من زۆر لە سەرچاوەکاندا بۆ وەڵامێك گەڕام و،هیچم دەست نەکەوت . حوزنی لە دوای تاریخی کوژرانی ژنی عەلی بەگی داسنی(١٨٣٥-١٨٣٦)، ئیتر لە باسی سەر- دەمی خودی پاشای کوێرەدا تاریخی هیچ ساڵێك نادات تا دەگاتە سێیەم میری دوای پاشای کوێرە و، دەڵێت " مانگی ڕەبیعی‌یەکەمی١٨٤٣"( مارت- ئاپریل)" سولەیمان پاشا" هاتەوە ڕەواندزو بە میری نوێ ڕاگەیەندرا . کۆکردنەوەی مردنی" مستەفا ڕەشیدپاشا"و (حوکمی سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی) و ئەوجا دوای ئەوەندە ساڵ دوامیر لە ١٨٤٣دا، بە هیچ جۆرێك ناکرێت، ئەوە هیچی بەسەرهیچیەوە نیە .

کاتێك مستەفا ڕەشید پاشا هاتووەتە کوردستان، محەممەدنەجیب پاشا والیی بەغدا بووە، عەلی ڕەزا پاشا ناردرا- بووە سووریا ؛ هەرچۆنێك و لە هەر گۆشەیەکەوە بۆی بێیت، دەبینیت تاریخەکان یەکترناگرنەوە . لەبەرئەوە

گشتیی باسەکە بنۆڕدرێت، نەك وردیی تاریخی ساڵەکان " .

چووزانیت میر بە فەرمانی خودی بابی عالی کوژراوە ؟ بەڵێ " دەکرێت وابووبێت "، بەڵام ئیتر " دەکرێت وا بووبێت " و " وابووە" دوو شتی زۆر جیاوازن . چووزانیت -بڵێین- میر نەچووەتە دڵی سوڵتانەوە و ئینگلیسەکان ئەوەیان پێ باش نەبووبێت و، لە رێگای " مستەفا رەشیدپاشا" ی پیاویانەوە کوشتبێتیان ؟ خۆ سوڵتان هەتا سێ میری دوای پاشای کۆرەش هەر خۆی دە رەواندز نەگەیاندو، رەواندز بە هەمان رژیمی ئیدارەی خۆی و میری خۆی و دوور لە دەستتێوەردانی مەرکەزی ئیمپراتۆری دەژیا ؛ دوای سێیەم میری دوای پاشای کۆرە، ئەوجا لەشکری عوسمانی چووە رەواندزەوە( چونکە میری سۆران سێ ساڵ لەسەریەك باجـ - ێکی بەڵێنی دابوو - نەیدا) . چووزانیت، یەکێك لە خزمانی ئەو هەمووە پیاوە زلانەی کە پاشای کۆرە خنکاندوونی، لە تۆڵەدا، بە بەرتیل دان بە پاشایەکی سەر رێگا، بە کوشتنی نەداوە ؟ خۆ لەو دەوڵەتەدا، ئەگەر خساوێکی حەرەمەـ سەرات بناسیایە و هەزار لیرەت بدایەتێ، لەوانەبوو بیتوانیبا کارێکت بۆ بە ئەنجام بدات کە دە توانای هیچ وەزیرێکدا نەبوایە، وابووە خودی وەزارەت و تەنانەت سەرەك وەزیرایەتیش ( بە نموونە ئەوەی مەلیك ئەحمەد پاشای دوژمنی عەبدالڵ خانی بتلیس) لە رێگای بەرتیل دان بە حەرەمسەراوە دابین کراوە .

مەگەر پاشای کۆرە بە تاقی تەنیا لە شوێنێك ماوەتەوەو هیچ کام لەو یاوەرانەی ئاگاداری نەبوون ؟ چۆن میرێك لە رێگاوبانی سەفەریدا بە تەنیا دەبێت و لە شوێنان دەمێنێتەوە ؟ چووزانیت پیلانێکی ئەو یاوەرانەی دەکاردا نەبووە ؟ ئەسڵەن دەبوو چاوەڕوانی ئەوە بووینایە هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵیدا بوون و بە بێ ئەو هاتوونەوە، یەك بەیەك بەجیا بخرانایەتە زیندانەوەو پسپۆڕێکی ئیستیخبارات زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی لێ بکرد- نایە . هەرئەوەندە میرێك لەو رۆژگارەدا لە رێگایەك کوژرابێت، مانای ئەوە نیە کە ئەوە تەنیا بەهۆی فەرمانی سوڵتان و خەلیفەوە مەگەر کرابێت، نا . دیسان، دەکرێت وا بووبێت، بەڵام ئەوە هەر یەکێك لە چەندین سیناریۆ-

---

* محەممەد ئەمین زەکی، وادەبێت لە باسی قسەیەکی حوزنیدا دەڵێت " حوزنی موکریانی لە سەرچاوەیەکی کە هەر لای خۆی مەعلوومە! وەها دەڵێت"، هەرچەندە هێندێك جاریش،- زۆر بەداخەوە- وادیارە لەناچاریدا، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی تر، بەفوونە دەربارەی سۆران، هێندێك قسەی حوزنیی بە بێ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن لە سەر خۆی کردووە بە ماڵ، ئەوە بۆ محەممەد ئەمین زەکیی مێژووناسی زۆر مەوزووعی زۆر سەیرە، بەداخەوە) .

یانه و، من لای خۆمەوە لە ناو هەموو سیناریۆکاندا بە هەرە لاوازی دەبینم، بەڵام ئیتر ئەوە هەمووی خەیاڵە .
کاتێك زەلامێك لەکۆڵانێك گوللەیەکی وێدەکەوێت و، بە کارمەندێکی پۆلیس دەسپێردرێت لێی بکۆڵێتەوە، ئەو کارمەندە دەبێت چەندین و چەندین سیناریۆ بخاتە بەرچاوی خۆی و، لە یەك بەیەکی ئەوانە بکۆڵێتەوە و، نەتیجە- کان بەراورد بکات و، کامانەیانی بە مەنتیقیتر دێنە بەرچاو کە زۆرترینکات و وزەی خۆیان بۆ بەکاربهێنێت... ئیدی، ئەوە هەمووی بۆ یەك گوللەی کە لەکۆڵانێك بەرکەسێك کەوتووە . دە تۆ لێرەدا لە" مێژووی نەتەوە"یەك دەکۆڵیتەوە، نابێت ئەوەندە بە گۆترەکاری، هەرچی مەیلی عاتیفەت ویستی، بە ناوی " مێژوو" تۆماری بکەیت . هەڵبژاردنی وشە لە شتی وەهادا ،دەبێت بە تەرازووی زۆر لەوەی زێڕوهەرگەوهەرێکی دنیاهەستیارتر بکێشرێت .

حوزنی دەڵێت لە تەرەبزوون یا سێواس، دوای ئەو شەوە کە پاشای کۆرەی تێدا ئیعدام و گومکراوە :

" سبەینێ، مەلا عەزیز ی « مفتیی رەواندز» کە ئامۆزای پاشا بوو لەگەڵی چووبووە ئاستانە، لە بازاڕا دیتی پۆستی خەز و دەمەرقۆپان و تورمەی سەری میر لەدەست دەلاڵدایە . ئەوانیش بە لەز بۆ کوردستان دەچنەوە" ( ل ٨٧، بە دەستکاریی رێنووس) .

ئەمە دەکرێت تیۆریی پیلانێکی ناوچەیی پتر بەبیردا بهێنێت،تاکو بەجێهێنانی تاقمێکیحیرفەیی کە پێوەندییان بە خودی سوڵتانەوە هەبووبێت . بۆچی ئەو مفتییەی خزمی لەگەڵیدا نەکوژراوە ؟ " ئەوانیش" کە دەستیان بۆ نەبراوە و " بەلەز بۆ کوردستان دەچنەوە" کێ بوون ؟ بۆچی لەوشوێنەی کە کەس نازانێت کوێ بووە ( ترابزۆن ؟ سێواس؟) .دەستیان بۆ نەبراوە ؟ شرت وگومکردن ئەوە بەبیردا دەهێنێت هەموو دەستەکەیان بکوشتایە و، بەرگ و تورمەو شیرو نازانمچیی ئەوانیشیان بفرۆشتایە.( لە هەرەسی ١٩٧٥دا دەنگۆی ئەوە خەڵکێکی زۆری تووشی شین و رۆڕۆکردبوو کە بیستبوویانەوە سەرۆك مستەفا بارزانی لە تاران گیرابوو و لەگەڵ یاوەرانیدا هەموو لەناو- درابوون) .

مەلاعەزیز کوڕی کامە مامی پاشای کۆرە بووە ؟ " درەختی نەژادی"ی میرانی سۆرانی ل ١٠ی ئەم باسە، من لە پەراوێزی وەرگێڕانە کوردییەکەی شەرەفنامەم وەرگرتووە، کە دەبێت مەم ( محەمەد مەولوود ) ی چیرۆکنووس بە یارمەتیی نوورەدین بەهائەدین وەدەستی هێنابێت . ناوی ئەو مەلا عەزیزەی تێدا نیە . بەگوێرەی ئەم قسەیە، مەلای خەتێ، کاتی چوونی پاشای کۆرە بۆ ئەستەمبوڵ، هەرئەسڵەن مفتی نەبووە و، فەتوای مفتی بە دەستی " مەلا عەزیزی ئامۆزای میر" بووە . حوزنی، زۆر بەداخەوە، لە هیچ شوێنێکی پێشتردا باسی بوونە مفتیی ئەم

مەلاعەزیزەی نـەکردووە .

کۆتایی پاشای کۆرە، وەکو کۆتایی زۆر لە قارەمانانی ئەفسـانەکان دەمێنێتەوە . پاشای کۆرە مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو، وادیارە لەبەرئەوە، نەدەکرا کۆتاییەکەشی ئاسایی بێت .

گەورەپیاوێکی لوبنان و جیهان ( جبران خليل جبران)، لەسەر وەسیەتی خۆی، لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە :

" من وەکو تۆ زیندووم و، ئێستا لەپەناتەوە وەستاوم؛ چاوت بنووقێنەو ئاوڕبدەوە، دەبینیت لەبەردەمتم" .

بە دەیان قەڵاو کۆنگرەی پێدەشت و چیاو شیو و دۆڵانی‌کوردستان، لە ماردینەوە تا شنۆ، من بەلای هەرکامیاندا بڕۆم، گوێم لە هۆمێرۆسێکی کورد دەبێت، بە بەربەتەکەیەوە دەنگی پاشای کۆرە بە گوێم دەگەیەنێت کە دەڵێت :

" من لە بەردەمتم، من لەم قەڵایەدام، لەم کۆنگرەیەم، لە پشت ئەم تۆپەم، لەپێش ئەم لەشکرەم . هـەتا ئـەم چیاو دەشتانەم مابن، من زیندووم، رووحی من و ئەم وڵاتە لێك جیاناکرێنەوە ".

# ٥- پاشای کوێرە لە دنیای ئەفسانەدا

حوزنی لەو شوێنەدا کە باسی یەکەم شەڕیگەورەی نێوان لەشکری پاشای کۆرە ( بە فەرماندەیی ئەحمەدبەگی برای میر) و ئەوەی عوسمانی ( بە فەرماندەیی ئینجە بایراقدار) دەکات، دەڵێت :

" ئەگەرچی عولەمایان نەیاندەهێشت شەڕ لەگەڵ تورکان بکا ، ئەحمەدبەگی سەرهەنگ قەبووڵی نەکرد و گوتی دەبێ شەڕ بکرێ، لەشکری میر لە نزیك زێی بادینان پێشیان بە تورك گرت و لەدوای شەڕ بیراقداریان شکاند و گەلێك تالانیان کەوتەدەست و گەڕانەوە ڕەواندز" ( ل ٨٠) .

کەواتە، قسەی عولەما نە توور بووە و نە گێزەر، نە مێش بووە و نە مێشوولە، هیچ . عولەما هەرچی گوتوویانە کەمترین تەئسیری بە سەر شەڕکەرانی سۆراندا نەبووە، ئەو شەڕکەرانە بە ورەی بەرزەوە ئەو هێزە زۆرگەورەیەی بایراقداریان شکاندووە و بە " گەلێك تالانەوە" گەڕاونەتەوە ڕەواندز .

زۆر چاکە، ئەوجا، حوزنی باسی دووەم و دوا شەڕی گەورەی نێوان لەشکری سۆران ( دیسان بە فەرماندەیی ئەحمەد بەگی برای میر) و ئەوەی عوسمانی ( بە فەرماندەیی مستەفا ڕەشیدپاشا) دەکات، دەڵێت :

" بەڕاستی کوردەکان پڵنگانە شەڕیان کردو بە گەرمە هەڵمەتیان دەبردە سەر دوژمنیان، بەڵام چونکە ژێرپایەی ئیش لەدەست مەلاو فەقێیەکاندا کلۆرکرابوو شەڕ لەگەڵ ڕۆمیاندا بێ سوود بوو(..) هەتا ئێوارە تۆپ و تفەنگ لە هەردوولاوە کاری دەکرد ، و بەشەویش هەر پایەدار بوو (..) مستەفا ڕەشید پاشا(..) هەڵات و تالان و ئەسپابێکی زۆر کەوتە دەست کوردەکان ." ( ل ٨٣) .

چەندی بەچەندی ؟ من لەمە ناگەم . من " پڵنگانە شەڕکردنی شەو و ڕۆژ بە تۆپ و تفەنگ و هەڵاتنی دوژمن و دەستکەوتی زۆر" م لەگەڵ " کلۆربوون"دا بۆ کۆناکرێنەوە، ئەوە مەگەرهەر قسەی کەسێك بێت کە نازانێت چۆن قسەبکات . ئەی ئەو ماوەیەی پتر لە چارەگە سەدەیەك کە میر لە دژی عوسمانییان بوو، سەربەخۆیی خۆی لە خەلیفە و سوڵتان ڕادەگەیاندو ئەو لەشکرانەی دەشکاندن و، ئەو هەمووە مام و خزم و کەسوکارەی خۆی دەخنکاندن و لەناوەندی شار هەڵیداوەسین، ئەو مەلا و فەقێیانە بۆچی جارێك متەقێکیان لێ نەهاتبوو؟ چۆن بوو، هەر ئێستا ترسیان شکا و ئەوهەڵوێستەیان نواند ؟ . دوای ئەوە، دیوەخانی میر بوو بە پەرلەمانی ئینگلیس، فەرموو:

" لە مەجلیسا بەکێشەهاتن، ئەحمەدبەگ ڕووی لە هەموولەشکر کرد و گوتی هەرکەس شەڕ ناکات بکەوێتە لای مەلای خەتێیەوە، سەرهەنگ و لەشکر هەموو بەجارێك کەوتنە پشت ئەحمەدبەگ ، و چەند فەقێیەك لەلای مەلا و میریگەورە مانەوە " (ل ٨٤) .

" هەموو لەشکر"بە دیموکراسی هەڵوێست دەردەبڕێت و، هەرکسە لەمەجلیسا قسەی خۆی دەکات، کێ دەیەوێت شەڕ بکات و کێ نـایەوێت و، ئەوجا دەکەوێتە دەنگدانەوە ( هەمان پەرلەمانی ئینگلیس). نـەتیجەی دەنگدان : " سەرهەنگ و لەشکر هەموو" ( چل هەزارو ئەوەندە کەس) کەوتنە لایەکەوە و، چـەند فەقێیەك ( حەوت فەقێ ؟ ) لەلای مەلای خەتێ و پاشای کوێرە مانەوە .

کەواتە، لە دەنگدانی پەرلەمانی پاشای کوێرەدا، نەتیجە : چل هەزارو ئەوەندە دەنگ بەرامبەر بە نۆ دەنگ . پاشای کوێرە، هەرچەندە نەشیدەویست شەڕبکات ( ئاشتیخواز بوو)، بەڵام هەر بۆ ڕێزگرتن لە دیموکراسییەکەی، ناچار ملی بۆ سەربازان دا و چووە مەیدانەوە . ئەوەی بڕیاری بەدەست بوو سـەرباز بوو نـە پاشای کوێرە، بـۆچی ؟ چـونکە پاشای کوێرە یـەك نەفەر بوو، یـەك دەنگی هەبوو و، سەربازان ئەو هەمووە دەنگەیان دەهێنا( چل هەزارو ئەوەندە) . کەواتە لەنەتیجەدا:

" لەگەڵ ئەوەشا میر گەڕاوە ڕەواندزو لەهەموولایەکەوە هێزی خۆی خڕکردەوە"...ئیدی (هەمان لاپەڕە) .

ئەمە یانی چی ؟ کسێك لە حـاڵەتی " عەقڵی و عەسەبیی ئاسایی"دا هەتەران پەتەرانی وەهای لێ هەڵدەوەرێت ؟ ئەو قسانە بەشی ئەوەندە ڕێز هەڵدەگرن کە مرۆڤ کاتی خۆی بە هەڵسەنگاندنیانەوە بکوژێت ؟ هەڵسەنگاندنی چی ؟ مەگەر سەنگێك دەکاردا هەیە تا مرۆڤ هەڵینگێنێت ؟

ئەوجا حوزنی لەوەش پتر شـووڵی لێ هەڵدەکێشێت ، دەڵێت کە مەلای خەتێ فـەتوای داوە نـابێت شەڕی دژی سوڵتان و خەلیفەی‌عوسمانی بکرێت . کەچی هەرهەمان حوزنی لە هەمان کتێبیدا دەڵێت کە ئەوسا" مەلاعەزیز"ی ئامۆزای میر مفتیی ڕەواندز بوو ( ل ٨٧) . ئەی ئـەم مفتییەی ئامۆزای پاشای کوێرە لەکوێ بوو ؟ پاشای کوێرە، بەو پاشای کوێرەیەتییەی خۆی، کە لەلای مەلای خەتێ وەستاوە، نەیتوانیوە لە دەنگی چەند فەقێیەك پتری بۆ وەدەست بهێنێت، کە ئامۆزا مفتییەکەی تەبیعی فەقێ نەبووە، مفتی ناکرێت فەقێ بێت، کەواتە ئەویش لەگەڵ چل هەزارو ئەوەندە دەنگەکەدا ویستوویە شەڕ بکرێت، بـەڵام قسەی ئەویش کە مفتیی ڕەسمی بووە، هـەر لە بەرامبەر "مەلای خەتێ"دا بێ‌قیمەت بووە!. مەلای خەتێ، کسێك بووە، کە دەبێت گەمەی‌کۆمپیوتەری لێ دروست بکرێت، چۆن بە فوویەك چیاکەی ڕەواندز بە ئاسماندا دەبات و؛ بە دەنگی حەوت فەقێ، ورەی چل هەزارو ئەوەندە کەس ( کە مفتی هەر یەکێکە لەو ژمارەیە) هەڵدەفڕێنێتە دنیای عەدەم!.

دەستی شکاوم، من لەکاتی نووسینی " هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیاییەك"دا، چۆن هیچم

لەم هەمووە کۆمیدیا رەشەی ئەم قسە سەیرانەی حوزنی باس نەکرد، خۆ ئەوە هەر خۆی لەخۆیدا هی یەك بەرگی تەواوە .

من هیچم لە حوزنی پێ سەیر نیە، چونکە لە رێگای قسەو نووسینەکانیەوە دەیناسم، کوردێکی زۆر دڵسۆزو زۆر خۆماندووکەرو زۆر ساویلکە بووە؛ بەڵام من بەتەواوی لە قسەی مەلاشکور و مسعوود محەممد حەپەساوم . ئەوە کە ئەو قسانەی حوزنییان دەربارەی مەلای خەتێ رەت کردووەتەوە، شتێکی تەبیعییە، رەتکردنەوەی ئەو قسانە بە خوێندەوارییەکی زۆر لەوەی ئەوان کەمتر پێکدێت . بەڵام ئەو پێهەڵگوتنەی مەلای خەتێ تێناگەم، کە ئەوانیش وەکو ئاینییە جاشەکانی عارەبستانی سعوودی، پێی هەڵدەڵێن، کە مەلای خەتێ ئەوەندە عالم بووەو ئەوەندە خەڵکی نـاودار دەرسیان لا خوێندووە، پیاوێکی ئـەوەندە - بە زاراوەسازیی مەلاجەمیل رۆژبەیانی -" عالم و فـازڵ" چۆن کاری ناشایستەی لێ دەوەشێتەوە ؟ من تێنـاگەم بوونە گەورەترین زانای سەر ئەستێرەی زەوی چۆن دەتوانێت ئەوە رەت بکاتەوە کە - بەفوونە بڵێین- " گەواد"یش بووبێت . مرۆڤ یـەکجار زۆر چاك دەکرێت " گـەورەترین زانا و گەورەترین گەواد" بێت . ئەو هەمووە مفتی و قازی و مەلا و مەتران و شاعیرو نووسەرو عـالم و فـازڵانەی کە گەووادی یەکەم دەرەجە بوون، هەموو گەووادی هەژدە عەیار نا، بیستوچوار عەیار بوون، مەگەر ئەمڕۆ بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بتوانین هەوڵ بدەین ناویان دە لیستەدا بهۆنینەوە . هەر ئەم رۆژانە، ئێستا ،هەراوهەنگامەی باسی زانا گەورەکانی کلیسا هەیە، کە لەپاڵ دەرسی چەندین زمان(لاتین، ئارامی، عیبری، یۆنانییکۆن و، زمانە نوێیە-کانی ئەمڕۆی ئەوروپا) و چەندین لکی تیۆلۆگی و فەلسەفەو چیو چی کە بەمنداڵانیان داون، ویستوویانە فێری شتی تری وەهاشیان بکەن کە نـاکرێت بە شایستە دابنرێن ( باسی وردەکاریی پۆرنۆیی شـێوەی بـەکارهێنانی جنسیی ئەو منداڵانە لەلایەن ئەو گـەورەپیاوانەی کلیساوە،کە کەوتوونە دادگاکانەوە) . ئەوانەی ئەو دەرسانەیان گوتوونەوە، تێیاندا هەن، چەندین دکتۆرایان لە شتێکدا هەیە کە ئەمڕۆ کسانێکی زۆرکەم لەدنیادا شتێکی لێ دەزانن ( بەفوونە " ئارامیی کۆن و بەراوردی بە عیبریی کۆن")، کە من بەزەحمەت دەتوانم بیهێنمە بەرچاوم مەلای خەتێ زۆر لەمانە زاناتر بووبێت . ئەگەر بووبێتیش( بە شێوازی گەرمیان)، دیسـا هـەر پێوەندیی نێوان زانستی دەرسگوتنەوەو زەعف لەبەرامبەر جنس، پارە، مەرکەز، هەڕەشە... ئیدیدا نابینم . ئەوانە لایەنانی جیاوازی کسا-یەتیی مرۆڤن و، مەرج نیە هیچی هیچی بسڕێتەوە . ئەسڵەن من لام وایە، مرۆڤ تا " عالم" تر بێت، پتر دەکرێت رەوشتی نزم بێت و؛ تا سادەلەوحتر بێت، توانای رەوشتی پاکتری پتر دەبێت؛ بەڵام ئیتر ئەمە باسێکی دوورودرێژ

دەگرێت و نامەوێت لێرەدا لە خەتی ئەسڵی باسەکەم دەربچم*.

---

* مەلاشکور ،یەکجار زۆر سەیر( وەکو جاشەکانیعارەبستان یا تورکیا) هێرش دەکاتە سەر ئەوانەی کە ڕێزیان لەخزمەت" مەلا ئیدریسی بتلیسی" دا نیە . ئیدریسی ئیبلیسی، ئەو کەسە بوو کە نەیهێشت میرەکانی کورد لەژێر سەرکردایەتیی یەکێکیاندا کۆببنەوە . ئەو میرانە، خۆیان چوونە لای سوڵتان کە یەکێکیان لێ بکات بە سەرۆکیان و سوڵتان پێی باش بوو، ئیدریس پەشیمانی کردەوەو، قەناعەتی پێکرد کە خزمەتکارێکی تورکی بەردەستی خۆی بکاتە سەرۆکیان . ئیدریس، بە " قانوونی نووسراو" ڕێگای لەوە گرتووە سنووری میرنشینیە- کانی کورد بگۆڕدرێت و دوو یا چەند لەوانە ببنە یەك . ئا ئەم بڕگەیە بوو لە قانوونی ئیدریسدا، کە چوار سەدە کارەساتی بۆ کورد نایەوە . تەنانەت میرێك لە سەرئەوە کە ئیدارەی عەبداڵ خان مەڕانەی لە کەسانێکی سەر سنووری سەندووە، گازندەی گەیاندووەتە ئەستەمبوڵ و،" مەلیك ئەحمەد پاشا" بە ئەو بەهانە " قانوونی" یە هێرشی کردووەتە سەرعەبداڵ خان . مەلاشکور، یەکجار زۆر سەیر، مەمنوونی ئەوەیە کە ئیدریس ئیعتیرافی سوڵتانی بە میرایەتیی میرانی کورد دابین کردووەو، یارمەتیی ئیدارەی " رامیاری"ی داون!؛ لەکاتێکدا کە بنەماڵەی هێندێك لەو فەرمانڕەوا کوردانە، چەندین سەدە پێش هاتنی تورکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو شوێنانەی خۆیان حوکمیان کردووە . ئەوە ئەوان بوون کە دەبوو بزانن ئیعتیراف بەم تورکە تازەهاتووانە بکەن یا نەکەن . سوڵتان ئیعتیرافیان پێ ناکات، چی دەکات ؟ ئەگەر هەر بە شەڕ بوایە و، میرانی کورد - ناچار- لە بەرامبەردا یەکیان بگرتایە، تۆ سەیری بکە ببینە هەر تاقە شارۆچکەیەکی کورد چ قەڵایەکی ئاسێ بووە؛ ئەگەر ئیدریس ئاوا بە ئیعتیراف و قانوون لێکیهەڵنەبڕیبان، چ هێزێك لەدنیادا چیی لەگەڵ ئەو هەمووە قەڵایانەدا بۆ دەکرا؟ تەنانەت لە ئیدارەشدا، میرانیکورد، هەرکامە لە سنووری قەڵەمڕەویی خۆیدا(سۆران، بۆتان ...ئیدی)، زۆر لە عوسمانیەکان ڕێکوپێکتر بوو . ئەوە عوسمانیەکان بوون کە دەبوو ئیدارە لەوان فێر بن و، هەرواش بوو . کورد هیچ لە عوسمانی فێرنەبوون و، لەسەر ڕێوشوێنی میراتی سیاسیی چەندین سەدەی خۆیان دەڕۆیشتن و، ئەزموونی کورد بوو کە لە ڕێگای کەسانی وەکو ئیدریسەوە دەڕژایە سامانی حوکمی عوسمانییەوە . ئیدریس دڵسۆزی وەزیفەی خۆی بووە لە خزمەت سوڵتاندا، نە رقی لە کورد هەبووە و، نە وشەی " کورد" لای ئەو هیچ مانایەکی هەبووە تا خۆشی بوێت یا رقی لێ بێت، بەڵام منێکی کوردی کە ئەو کارەساتەی بسەر هێناوم، بە چ بەڵگەیەك ڕێزی لێبنێم ؟ لە ئیدریسی ئیبلیسیی سەگباب .

من پێشتر (ل ٢٨) ئەم قسەیەم لە حوزنی وەرگرت کە دەڵێت :

" داودپاشا، مەلا محەمەد( مەلای خەتێ، خەڵکی گوندی خەتێ) بە دیارییەوە نارده لای میر،

کە لەتەکیا رێککەوێت کە بۆ رۆژی تەنگی خۆی پێ رزگار کات" ( حوزنی ل ٦٤)

میر، دوای گۆڕانە گەورە سیاسیەکان ( کە رووونم کردنەوە)، کە پێی وابوو دەبوو جارێ وچان بدات و لەگەڵ ئستەمبووڵدا رێکبکەوێت، سا یا خۆی بە مەلای خەتێی گوتووە، بە دەمەوڕاوێژێکی ئاینیی کە سەردەمێك بۆ خزمەتی داودپاشای بەکارهێنابوو، لێرەش شتێکی وەها بۆ دروست کردنی موحیتێکی شەڕوەستاندن ساز بدات؛ یا هەر مەلا خۆی بە هەستی پسپۆڕیی خزمەتکاریی خۆی، بەهانەیەکی لە ناو خەڵکدا بۆ هێناوەتەوە، کە میر ناتوانێت دژی سوڵتان بێت و ئاشتیی دەوێت و ... ئیدی . تەبیعی، هیچ شتێکی جیددی نەبووە، تا کەسێك لێیهەستێت و بڵێت ئەدی ئەو پتر لەچارەگسەدەیە بۆچی دەکراو ئێستا ناکرێت ؟ لەهەمووبارێکدا حەقەن رەواندز"هایدپارك"ی لەندەنی نەبووە خەڵك تێدا بەوجۆرە بدوێن .

یەکێك لەو قسانەی دراونەتە پاڵ ئیمامیعەلی ( کە هەزار دەیگوت هێندێکیان لە سۆفیەت دراونەتە پاڵ لێنین! ) ئەوەیە کەگوتوویە" خۆزیا ملی وشترم دەبوو، هەر قسەیەکی دەمکرد، لە تەواوی رێگای ملمدا بیرم لێدەکردەوە، تا پێش دەرچوونی لە دەمم،هەلی راستکردنەوەی هەڵەی یا نەکردنیم هەبوایە" . هەر مەلاو فەقێ و شێخ و مشایخێك لە رژیمی پاشایکۆرەدا، بۆ قسەکردن لەگەڵ میردا، ئەگەر ملی دوو زەرافەشی هەبوایە،هەر کورت دەبوو، چونکە دەبوو یەکجار زۆر پتر بیر لە هەر وشەیە بکاتەوە، بزانێت میر پێیخۆشە بیبیسێت یا دەیخاتە سەر لیستی حسەن مەلوکی تا بیخنکێنێت . حەقەن، مەلای خەتێ هەرچیگوتبێتی، بە مەیل و فەرمانی میری گوتووە، ئەینا لە خەونیشیدا نەیدەوێرا بە پاشای کۆرە بڵێت چی بکات و چی نەکات . مەگەر مرۆڤێك هەبووە وێرابێتی بە پاشای کۆرە بڵێت چەك بە ( چەك دابنێ )؟

ئەو قسەیەی کە میر لە باسی شەڕدا بەتەنیا لای مەلای خەتێ و چەند فەقێیەك وەستاوە، ئەگەر وابووبێت، ئەوا بلیمەتیی میر بووە کە ویستوویە لە رووحی شەڕکەریی تەواوی لەشکرەکەی دڵنیا بێت و، چاکیش تێدا سەرکەوتووە ( پێشەکی، سەرهەنگەکانی لە مەبەستەکەی ئاگادارکردووەتەوە، کە بزانێت ئەگەر میر خۆیشی لە ئارادا نەمێنێت، سەربازانی لای سەرهەنگەکانی دەمێننەوە یان نا، ئەینا ناکرێت تاقە یەك دانە ئەفسەریشیان تێدا نەبووبێت کە لایەنگری میر بووبێت) .

سەرۆك مستەفا بارزانیـش زۆر لەو گاڵتەوگەمانەی قسەی ئاینیی هەبوون . کە هەلومەرجەکەی بۆ شەڕ بە باش نەدیتایەو ئاگربەسی زۆر پێویست بوایە، بە دەیان ئـایەت و حەدیسی بۆ ئەوە دەهێنانەوە کە خوێن ڕشـتنی نێوان مسوڵمانان شتێکی باش نیـە، بە قسە و تەلگراف و تـەنانەت بە نووسینی بە ئیمزاشـەوە،بە بێ وەرگرتنی هیچ مافێك، هەر بە بەخشینی حکومەت مەمنوون دەبوو (١٩٦٤ ، چونکە خۆراك، دانەوێڵە و رۆن و میوە و شتی وا زۆر پێویست بوون و، ژیانی زۆر کەس لە برسان لەخـەتـەردا بوو) . کاتێ خەتەری برسێتی نەما، ئەوجا دەیگوت " میللەتی مسوڵمانی کورد غەدری لێ دەکرێت و، مسوڵمان نابێت غەدر قەبوولْ بکات، ناچارە دیفاع لە حەقی شەرعیی خۆی بکات".

سەرۆك مستەفا بارزانی، رێك دوای هەرەسەکەی ١٩٧٥ ، لە دیوەخانی لە نـەغەدە، زەلامێکی لا دادەنیشت، وا دەزانم دەیانگوت ناوی مەلا ئەحمەد بوو( مەجیدی چەچان ئاغای حاجۆ بۆی گێڕامەوە)، کە میوان دەهاتن، سەرۆك بارزانی پێی‌دەگوت " خەونەکەت بگێڕەوە"، خەونەکەی دەگێڕاوە :

" دە خەونمدا، بە تاقی تەنیا بووم و، تفەنگێکم پێ بوو و یەك فیشەك . تووشی لەشکرێکی گەورەی تورك بووم، زەلامێك بانگی لێ کردم، گوتی بۆچی ئەوانە ناکوژی ؟ گوتم جا من بە یەك فیشەك چۆن شەڕی لەشکرێکم پێ دەکرێ ؟ زەلام گوتی، تۆ ئەو فیشەکە بهاوێ، دوای ئەوە چیلکەیەك لەو هـەمووە چیلکانەی لەم ناوە کـەوتوون هـەڵگرەوە و بیخە تفەنگەکەتەوە، دەبێت بە فیشەك . ئیدی منیش وام کرد، هەر چیلکەم دەخستە تفەنگەکەمەوە و سەربازی تورکم دەکوشت " .

خەونەکەش تەفسیردەکرا، مەبەست لەوەبوو کە بەزوویی چەکی زۆرمان بۆ دێت و شەڕدەکەینەوە و سـەردەکەوین . بـاش بوو حوزنی لەوێ نـەبـوو، دەنا مێژووی میرانی بارزانی بەوجۆرە دەنووسـی کە " خەونیان دیت، کە دوایی چەکی زۆریان بۆ دێت، ئیتر وایان بە باش زانی جارێ، تا ئەو چەکە دەگات شەڕ رابگرن" . تەبیعی، لە رووی دڵسۆزییەوە، زۆریشی رەخنە لە بـارزانی دەگرت، شتێکی وەهای دەنووسی : " ئاخر لە کام ئـایەت و حەدیسدا شتی وەها هەیە، کە شەڕکەران بەهۆی خـەونێکەوە شەڕ رابگرن ؟ با مەلائەحمەدیـش ئەو خەونەی دیتبێت، تۆش چەند مەلایەکی زانات بهێنانایە تاکو ئەو خەون و تەفسیرەی ئەو مەلا ئەحمەدە خاینەیان ریسـوا بکردایە" . یا لە باسی برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانیدا ،کە جاشی تاران و بەغدا بوون و ،هێرشیان بۆ سەر بارزانی لە نووسـینیاندا ناودەنا" خەبات لەدژی کۆمپرادۆر و سەرمایەداری و شای ئێران وئەمریکاو ئیسرائیل"!، دەبوو حوزنی شـتێکی وەهای بنووسیایە کە :" ئاخر ئێوە چۆن بڕوا بە عیساپەڕمانێکی ساواکی ئێران دەکەن کە ئەو شەڕەتان بۆ ئێران و

عیراق سەرمایەداری و شای ئێران و ئەمریکاو ئیسرائیل دەڕووخێنێت ؟! ئاخر ئێوە چۆن دەگەنە ئەو ئەمریکا دوورە تا بیڕووخێنن، لەکاتێکدا نە یەك کەشتیتان هەیەو نە یەك فڕۆکە ؟!" . چونکە حوزنی ڕێك هەمان شتی لەگەڵ پاشای کوێرەدا کردووە :

"کە مەلا سەر بەتورکەکان دەیانگوت تفەنگ بە تورکەوەنان زیانی بۆ ئاین و تەڵاق هەیە، دەبوو میر چەند مەلایەکی تری خوداپەرست کۆکاتەوەو لێیان پرسێت قورئان و یا حەدیسەکانی پێغەمبەر لەکامە شوێندا قولیان بۆ ئەوە کێشاوە کە تورك پەلامار بەرێتە سەر کوردان و بیانکوژێ خەزایە، بەڵان کوردان بۆ پارێزگاریی خۆیان دەست بوەشێنن کافر دەبن و تەڵاقیان دەکەوێ ؟!!! "
( ل ١٠٩ ، بەدەستکاریی ڕێنووس) .

بارزانی لەگەرداوی ڕووداوانی نەوت و" شط العرب"و شا و کیسینجەرو سۆڤیەتدا بوو و،پێی وابووکە دەبوو لەو لەحزەیەی ئەو گەرداوەدا جاڕێ لەنگەر بگرێت، ڕێك وەکو پاشایکوێرە کە لە گەرداوی ڕووداوانی لۆردکانینگ و مستەفا ڕەشیدپاشاو محەممەدعەلی پاشای میسرو هەڵوێستی قاجارو هێزی دەریایی ئینگلیس و پرووسیادا،پێی-وابوو کە دەبوو لە ئەو لەحزەیەی ئەوگەرداوەدا جاڕێ لەنگەربگرێت . ئیتر لەدوای ئەوە،جۆرەها خەون دەکرا باس بکرانایە، جۆرەها فەتواو جۆرەها نازانمچی . ئەوانە هیچ شتێکی جیددیی بۆ هیچ بڕیارێك نەبوون .

سادەکردنەوەی شتی ئاڵۆز، بۆ جەماوەری سادەی کە لە شتی ئاڵۆز ناگات، بەشێوەیەك کە تینوویی ئەو جەماوەرە سادەیە بشکێنێت ( کە کۆمونیستیکورد- بەفوونە- نیو سەدە زۆر بە خەستی کوردیان پێ لەخشتە برد) سیحر-ێکی هەیە، وەکو ئاگر بە بەنزینەوە بنێیت، کڵپە و بڵێسەی لێ هەڵدەستێت و جەماوەر دەخاتە جۆش و خرۆشەوە .
ئەو قسانەی حوزنی ئەو کارەیان کردووە، کە بەتایبەتی دوو عونسور لێرەدا دەوریان هەبووە :
یەکیان، پڕۆپاگەندەی ئەو سەردەمەی کۆمونیستان دەربارەی خراپیی پیاوانی ئاین ( ئاینی تری غەیری ئەوەی خۆیان) و، زەعیفی و ئەحمەقیی میرانی کورد( قۆناغی دەرەبەگی) . ئەوی تریشیان، گرێیەکی سایکۆلۆجیی میللەتانی وەکوکوردە، کە شکستەکانیان دەخەنە ئەستۆی خەڵکی ترو شتی ترەوە ( فەتوا، مەلا، سوڵتان ...، لای عارەبەکان : زیۆنیزمی جیهانی و جۆرەها قسەی تر ) .

مەلای خەتێ لە خزمەت پاشای کوێرەدا بووە و، ڕیشی خۆی خستووەتە دەستی میرەوە، کە ها فەرموو، تۆش وەکو

داود پاشا بیکە بە خاولیی خۆت، کوێی خۆتی پێ دەسڕیەوە بیسڕەوە، مادام تۆ وات دەوێت، با هەزار لەعنەتیشم پێ بگات، چش، بەقوربانی تۆ بێت . پاشای کۆرەش، وەکو سەرۆك بارزانیی ١٩٧٥ ،کە شەڕی راگرت، کوردی ئێشاند ، لێرەدا مەلای خەتێ، لە خۆشەویستیی میر،یا لە ترس و ناچاری یا هەرچی، خەتاکەی بە سەر خۆیدا شکاندووەتەوە و، خەنجەرەکانی هەستی کوردی دە دڵی خۆی راکردوون و، میری - لە ڕێگای حوزنییەوە - بە " قوربانی "یەکی غەدری خۆی داوە بە کورد .

عوسمانی، ئەگەر شەڕەکانیان وەها هاسان ببردایەتەوە، خۆ هەمیشە هەزاران فەتواچییان هەبوون، ئیتر ئەو هەمووە لەشکرو شەڕوشۆڕانەیان بۆچی بوون ؟ ئەوان قەت نەیانتوانیوە بچووکترین دەرەبەگ، تاقە ماڵێك بە فەتواو مەتوا بخەن، دەتوانن ئەو لە ناپلیۆن ناپلیۆنترەی کورد وا سووك و هاسان بە فەتوایەك بشکێنن ؟ ئەوەبوو بلیمەتیی کەسایەتیی ئەو جەنەڕاڵە ؟ ئەوە چ تەوهێنێك و سووکایەتیکردنێکە بەو گەورەپیاوە .

خەجاڵەت ئێمە، پاشای کۆرە .

من هیچ تەفسیرێکی تر بۆ دەوری مەلای خەتێ نابینم، بەڵام لە هەموو، هەر هەموو- هەموو حاڵەتێکدا، ئەو قسەیەی کە فەتوایەك پاشای کۆرەی رووخاندبێت، قسەیەکە کردنی یەکجار زۆر عەیبە، تەوهینێکی یەکجار زۆرگەورەیە بە مێژووی کورد .

ئێستا لە هێندێك وڵاتی رۆژئاوا قانوون هەیە کە ئینکارکردنی کوشتاری جووەکان لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە سزا دەدات، من پێشنیاردەکەم کورد سزا بۆ ئەو سووکایەتی کردنە بە پاشای کۆرە دابنێت؛ هەرکەسێك بڵێت ئەو گەورە جەنەڕاڵە، یا هەر میرێکی کورد قەت بە فەتوایەك رووخابێت، بە قانوون سزا بدرێت .

حوزنی، بە هەمان ساویلکەیی باس‌کرا ،باسی‌کێشەی نێوان پاشای‌کوڕەو یەزیدیەکان دەکات و، لەوەدا گلەییەکی زۆر لەپاشای کوڕە دەکات . ئەوەی حوزنی دەیباتەوە سەر تەعەسوبی ئـاینی و تێکدانی تەبایی ناوخۆی کـوردان و ئەو قسانە، من ناتوانم لە وشەی" توڕەهات" بەئەدەبتری بۆ بیبینمەوە، تەعەسوبی چی وکوردانی چی و قسەی بێ-سەروبەری چی ؟ *

یەزیدی، قەت، دیسان دەیڵێمەوە" قەت"، تاقە یەك جاریش لە تەواوی مێژوویاندا ، بە هەستی" کوردبوون"ـەوە، تـاقە یەك مریشکیان لەخەو هەڵنـەستاندووە . زۆرکوردی نـەتەوەیی، ویستوویانە زیرەکی بەکاربهێنن و بیخەنە سەریانەوە، کە ئێوە کوردی ئەسڵن و ئاینەکەتان ئەوەی زەردەشت و نازانمچییە...و لەو قسانە، بـەڵکو بیانهێننەوە بازنەی حەقیقەتی خۆیان کە ئەوانە لە هـەموو روویەکەوە بـەشێکی قەومی کـوردن . بـەڵام ئەو زیرەکییەیان قەت هیچی لێ شین نەبووە . یەزیدی وەکو هەزارو ئەوەندە ساڵی مێژوویان، هەمیشە، لە ترسی لەدەست دانی ناوچەو ئاینی خۆیان، هەڵوێستیان بەگوێرەی پێداویستی سیاسی بووە . کە خەلیفە عەباسیەکان ویستوویانە دەسەڵاتی خۆیان لە شەنگاریـش وەکو ئەوەی بەشەکانی تری قەڵەمڕەوییان بێت، کاربەدەستانی یەزیدی خۆیان بە ئەمەوی داناوە و، گوتوویانە ئێمە لە "یەزیدی کوڕی معاویە"ین ( بۆ وەدەستهێنانی دۆستایەتیی عـەشیرەتانێکی عارەب، لەدەست دەرهێنانی چەکی ئـاینیی ئیسلامی لە شەڕەکەدا لە دەستی بەرامبەریان، یا هەر کاردانەوەی لە رقان یا هەرچیی تر، ئیتر ناوی " معاویە "یان لا بەتـەواوی جێگیر بـووە **) . زۆرتریـش هـەر عەگاڵ دەکەنە سەر و، لە

---

* سەیر نیە گیویش لەم چاپی دووەمەدا لێی زیادکردبێت، بـەڵام من چاپی یـەکەمم نـەدیتووە و لێرەدا مەگەر هەمووی هەر لەسەر حوزنی بژمێرم .

** من،هاوینی ١٩٧٤ لە دەوروبەری حاجی ئۆمەران، جارێك تەحسین بەگی میری یەزیدیم دیت و، جگەلەوە دوو جاریش معاویەی برایم دیت، جارێکیان هاوینی١٩٧٤لای حەمەی عەزیز( حەمەی عەزەدۆم ) لە ناوپردان و، جارەکەی تر هاوینی ١٩٧٥ لە ماڵی دکتۆر حوزنی( ی یووسف ئاغای حاجێ) لە سەردەشت .
میر تـەحسین بـەگ زۆر دەچووە ئەڵمانیا و لەوێوە بە هەزاران مارك دەگەڕایەوە، کە لە کـرێکارانی یـەزیدیی کۆدەکردەوە و، ئەوپەڕی دەوڵەمەندانە دەژیا . من کە ئەوجارە دیتم، لە ئۆتومبیلێکی کـادیلاکی گـراندا بوو، لەگەڵ خانمێکی زۆر شیکی نیوە رووتـدا لەدواوە دانیشتبوون و، لە پێشەوەش هـەر شۆفێرەکە تەنیا بوو، ←

سەردەمی حافز ئەسەدوسەددام حوسێندا زۆریان بەعسی بوون . من لێرەدا، دەمەوێت بە " زانستی مێژوو" بدوێم و، " نەتەوایەتی" و هەموو شتێك هەر بە زانست دەست بۆ بەرم و، بە پێچەوانەی زۆر دڵسۆزانی کە پێیانوایە مادام ژیانی مرۆڤ بێ وەهم نیە،با جۆرەها وەهمی وەهای بۆ دابتاشین کە بەلای مەبستی باشیدا بهێنین(وەك ئەدەبیاتی ئاینیی ئیسلامی و مارکسی و ... ئیدی کە کافرەکان تێدا کلکیان هەیەو بۆرژواکان ورگی زل و ... لەو بابەتە)، بەڵام ئیتر من لە باسی مێژوودا دوژمنی وەهم و بە کارەساتی دەزانم، لەبەرئەوە لێرەدا خۆم لە داتاشینی هەر وەهمێك لادەدەم و، ئەوەندەی هەشە هەوڵ دەدەم ریسوا بکەم .

حەقەن، یەزیدی هەر تەنیا لە جەرگەی قەومی کورد بوون و هەن . ئەوە شتێکە ناکرێت قەت کەمترین گومانی تێدا هەبێت . بەڵام بەهۆی خۆ جیاکردنەوەیان لە کوردی تر، بەهۆی ئاینێکی تری لەوەی کوردانی تر جیاوازو، سەقامگیربوونی مەرکەزییان لە چیای سەختی شەنگار ( کە دەبێتە هۆی دابڕانیان)، وایان لێهاتووە، لە کوردا- یەتیدا زۆر لەدوای هەمووکوردی ترەوە بن ( من لە ئەڵمانیا دوو کوردی یەزیدیی زۆر دڵسۆزی نەتەوەیی دۆستم بوون، بەڵام وێنەیان زۆر نەبوون . بەراوردیان بکە بەو پێشمەرگە قارەمانە ئاسووریانەی وەکو هورمزی شەهیدو هەڤاڵانی، نازانم ئەگەر قەت یەزیدییەك هەر پێشمەرگە بووبێت، دەکرێت بووبێت، بەڵام ئیتر من نەمبیستووە) .

وەزیفەی کوردی نەتەوەیی لێرەدا ئەوەیە ئەو دابڕانەی ئەوانە کۆتایی پێبهێنێت، تێکەڵ بە کورد( و قەومەکانی تری کوردستان)یان بکات، خوێندەواریی‌کوردی و پەروەردەی نەتەوەییان تێدا ببووژێنێتەوە، نەك بە داتاشینی مێژووی" وەهمی" روویان تێبکات . ئەگەر عاتیفەی نەتەوەیی لێرەدا وەکار بخەین، ئەوا دەبێت باس‌کردنی

---

← خانمەکە لە تارانیی دەکرد ،هەردوو مەمکی بەتەواوی لە روبعەکراسەکەی دەرخستبوون، دیاربوو گەرمایان بوو، ئۆتومبیل زوو- زوو لە رێگا دەوەستا و،تەحسین دەستی لە پەنجەرەوە بۆ تابیعانی یەزیدیی دەردەخست تا ماچی بکەن، دیار بوو خانمەکە بەوە زۆر وەڕز بوو و هەر ئوف - ئوفی بوو! .

معاویە،کە لای حەمەی عەزیز بوو،کوڕەکەشی لەگەڵ بوو، ناوی" فیرعەون" بوو و دەیانگوت کێشەی ئەوەی هەبوو کە ژنیان بۆ هێنابوو و نەیدەتوانی ببێت بە زاوا، بەڵام هاتنەکەیان بۆ لای حەمەی عەزیز پێوەندی بەو کێشەیەوە نەبوو، بۆ داوای یارمەتیی ترهاتبوون . جاری دووەم کە بەسەردان هاتە ماڵی دکتۆر حوزنی، دەوری سەعاتێك مایەوە و، تەواوی ئەو سەعاتەی بۆ هێرش بردنە سەر حەمەی عەزیز تەرخان کرد و زۆر درۆ و فڕو- فیشاڵ و قسەی قۆڕی کردن و، یەکجار زۆری وە پێکەنین خستین .

حەقیقەتی مێژوو لێرەدا ببێتە زێدە هاندەرێك بۆ ئەو بەشەی نەتەوەکەمان،کە دواکەوتوویی لەو رووەوە تۆڵە بکاتەوە . ئەوانەش کە دەیانەوێت یەزیدیەت بەزۆر بەرنەوە سەر زەردەشتیەت و چی،ئەوا هەوڵەکەیان بۆ داتاشینی ئەو درۆ شاخدارە، حەقەن قەت بە هیچ ناگات . جیلوە و مسحەفا رەش ( کە هەژار خوێندبوونیەوە و باسی-دەکردن* دەیگوت) بە روونی پیشانی‌دەدەن کە لقێکی دوورکەوتووەوەی باتینیەتی شیعەگەرییە وهیچی تر . بەڵام

---

* هەژار نێوانی لەگەڵ یەزیدیەکان زۆر خۆش بوو . لە هەرێمی رۆژئاوا، یەزیدی لە دێهاتی ماڵی حاجۆ ئاغا هەبوون و، لە هەموو ماف و ئەرکێکدا لەگەڵ مسوڵمان و مەسیحیەکاندا یەکسان بوون . منیش ئەوسا بە منداڵی، هەڤاڵی مسوڵمان و مەسیحی و یەزیدیم وەك یەك هەبوون . هەژار، بەهۆی کۆمیدیاوە کەیفی پێیان -دەهات . بەفوونە،" قەووال" (مەلای یەزیدی) هەمیشە بۆگەن بوون، چونکە هەتا درەنگتر خۆیان بشۆریایە بەئیمانتر دادەنران . هەژار جۆرەها چیرۆکی لەو رووەوە هەبوون، یەکێکیان ئەمە بوو: جارێك دوو قەووال قسە دەکەن، یەکێکیان دەڵێت " من پێش حەوت ساڵ جارێك ئاوم بە دەموچاوم گەیاندووە و لەوساوە نەمهێشتووە ئیمانم زەعیف ببێ" ( ئاو وە لەشم بکەوێت)، قەووالەکەی تر پێی دەڵێت " خودێ، تو بووی ئۆردەکێ ئاڤێ" ( وەڵڵا تۆ بووی بە مراویی ئاوێ)!.

قەووال، ساڵانە بە بتی تاوسێکی مسەوە کە سەرەکەی وەکو شێرەی ئاو بادەدرا بە" میللەت"دا دەگەڕان، ماڵ بە ماڵ دەچوون، تاوسیان دادەنا و سەریان بۆ ئەولا وەردەگێڕا و بە میللەتیان دەگوت ئەوەتا تاوس لێت رازی نیە، رازیی‌بکە . میللەت پارەی لە بەردەم دادەنا، تاوس دیسان رازی نەبوو، میللەت دەبوو پارەی پتر دابنێت و تا ئیدی قەووال دەیزانی کە میللەت پارەی لەوە پتری لە تواناادا نەبوو، ئەوسا پارەکەی هەڵدەگرت و دەیخستە گیرفانی‌خۆیەوە، ئەوجا سەری تاوسەکەی بۆ بادەدا و دەیگوت ئەهە ئەوە رووی تێ‌کردیت و لێت رازی بوو، پیرۆز بێت . قەووال بەوجۆرە پارەیەکی زۆریان بۆ ژیانی زۆر نازاهیدانەی میران کۆدەکردەوە . هەژار لە سۆڤیەت چووبووە لای کوردە یەزیدیەکانی ئەوێ، دەیگوت تکایان لێ دەکرم لە مۆسکۆ هەوڵ بدەم ئیجازەی ئەوەیان بۆ وەربگرم کە میر تاوسەکەیان بۆ بنێرێت تا رازیی بکەن،" کوتم جا تاوس چۆن بە روبل رازی دەبێ ؟ نەخێر، ئەو فێری پارەی دیکەیە و روبل قەبووڵ ناکا" .

میر، بەگشتی زۆر بێ ئیمانن (حەمامی زۆرباش دەکەن) و،هەرچەندە جیاوازیی چینایەتی دە ئەو ئاینەدا زۆر کارەساتە، بەڵام خەڵك دەیانگوت میران لە مەسەلەی ژندا زۆرگوێیان بەوە نەدەدا، جیاوازییەکیان ←

ئیتر من - کە ئاینی نیم - لێرەدا نامەوێت پێشەکیی ئەم فسڵەم بە باسی ئاینەکان و، چین و چی نین لەمە درێژتر بکەمەوە. من کە ئەم شتانە لێرەدا دەڵێم، هەر بە ئەو مەبستەیان دەڵێم کە روونی بکەمەوە کسانی ساویلکەی وەکو حوزنی چۆن بە چەقۆی ساویلکەیی خۆیان دەکەونە سەربڕینی مێژووەوە. ئەگەر شەڕی نێوان پاشای کوێرە و یەزیدیەکان هیچ لایەنێکی ئاینیی هەبوایە، ئەوا- بە بیری من- بەلای پاشای کوێرەیدا دەشکاندەوە، کە ویستبێتی جیاوازییەکی ئاینیی نێوان ئەو کۆنە شیعانەو کوردی تری مسوڵمانی شافیعی نەهێڵێت، بەڵام - زۆر بەداخەوە - وا نەبووە. کێشەی نێوان داسنی و سۆران، کێشەیەکی سیاسیی لەسەر دەسەڵاتی پەتی بووە و هیچی تر.

دیسان، ئەگەر پاشای کوێرە بیتوانیبا ئەو داسنیانە لە هەموو روویەکەوە دە سۆراندا بتوێنێتەوە، بەرهەمێکی گرنگی نەتەوایەتیی کورد دەبوو، بەڵام ئەوە مەگەر بە خوێندنەوەی ئێستای ئێمە بێت، کە بمانەوێت بەرەو دواوە بە مێژوو هەڵگەڕێین، ئەینا نە پاشای کوێرەو نە داسنی، هیچ کامیان ئەم هۆشە نەتەوایەتیەی ئێستای ئەم قسانەی ئێمەیان نەبووە. دەبێت شتەکان وەك هەبوون ببینین و، لەخۆمانەوە - وەکو ئیسلامی و کۆمونیستان - شاخ و

---

← لە نێوان ژنانی خۆیان و ئەوانەی تابیعانیان دانەدەنا و، گوایا زۆرترینیکات سەرخۆشن.

من، بە منداڵی لە هەرێمی رۆژئاوا، کە منداڵێکی یەزیدیم بەدەورەوە بوایە، دەمزانی نەدەبوو وشەی "شەیتان" لەدەمم دەربچووایە، چونکە یەزیدی بیستنی ئەو وشەیەیان بە تەوهین بە ئاینی خۆیان دادەنا. دۆستێکم گوتی لە "شەنگار" وشەی "شخاتە" (شەمچە) ش ناگوترێت، لەجیاتی ئەوە دەڵێن "قۆدیکێ ئاگرێ" (قوتووی ئاگر) (بەڵام ئەو وشەیە لە جزیر نەبوو، هەموولایەك هەر پێیاندەگوت "کبریت"). جارێکیان دیتم کە "شێخۆی نادۆ"ی کۆمیدیایی گەورە دانیشتبوو خەریکی کۆمیدیا بوو، لەپڕێکدا دەستی بۆ تاکە کەوشێکی خۆی برد، وەریگێڕا و بنەکەی بەدەمیەوە نا و تفێکی لێ کرد. پرسیارم لە هەڤاڵێکم کرد، بۆچی شێخۆ وایکرد. گوتی شێخۆ دەیەوێت تف بکات و دەبینێت "مەجدینۆ" (ی یەزیدی) لێرەیە، بۆ خاتری هەستی ئەو کە لێرەیە وادەکات، نەوەکا پێیوابێت تف لە شەیتان دەکات. هەژار باسی کتێبی ئاینیی یەزیدیەکانی دەکرد، کە بە زمانی عارەبییەکی زۆر درزیو نووسراون، دەیگوت هەمووی شەتەحاتی شیعەگەرییەکە زۆر لە "ئیسماعیلیەت" نیزیك دەبێتەوە و سەرتاسەری قسەی قۆڕە. حکومەتی کورد بەرتیلێکی زۆریان دەداتێ تا بڵێن "کوردین"! و میرانیان بەوە ئەوەندەی تر کەوتوونە نیعمەتەوە. بەڵام من جارێك کسانێکم لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنێکدا دیت، بەعارەبی قسەیان دەکرد و دەیانگوت "ئێمە یەزیدین و کورد نین".

باڵێکی کە بەشتێکەوە نەبووە لێ نەڕوێنین.

دانانی شەرەفنامە، ٣١ ساڵ دوای مردنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی تەواو بووە، کەواتە مێژووی ئەو سوڵتانە بۆ کاتی نووسینی شەرەفنامە ئەوەندە کۆن نەبووە. ئەو شەرەفنامەیە دەڵێت کە سوڵتان سولەیمان کاتێك چووەتە هەولێر(١٥٣٤)، هەولێر بەشێك بووە لە میرنشینیی سۆران. سوڵتان، میری سۆرانی لە هەولێر(یەزدان شێر) کوشتووە و - بە پێچەوانەی پەیمانی ئیدریسی بتلیسیی ١٥١٤ ی عوسمانی لەگەڵ کوردان - "هەموو سۆران" ی پێشکەش بە داسنیەکان (حوسێن بەگی یەزیدی) کردووە. تەبیعی، داسنی دەستی ئەو سەخاوەتەیان رەت نەکر-دووەتەوەو چاویان لە پەیمانی ١٥١٤ ی ئیدریس پۆشیوە و، لە سایەی دەسەڵاتی سوڵتان (تورکێکی مەزهەبی حەنەفی)، سۆرانیان بۆخۆیان دادۆشیوە. ئەمە مانای ئەوەیە، داسنیەکان دوژمنی سۆران بوون و لەگەڵ سوڵتان و خەلیفەی" الاسلام و المسلمون"دا بوون.کەواتە، کێشەی نێوان داسنی و سۆران پێش ١٥٣٤ یش بووە. زۆرترینی ماوەی ئەو سێ‌سەد ساڵەی نێوان ئەو رووداوەو پاشای‌کۆرەدا، ئاگری شەڕی نێوان داسنی و سۆران نەکوژاوەتەوە. ئیتر داتاشینی هۆیەکی ئاینی بۆ ئەو شەڕە یانی چی؟ پاشای کۆرە،کە ویستوویە قەڵەمڕەویی میرنشینیی گەورە بکات، هەر وەك چووەتە سەر قەڵەمڕەویی بابان و بادینان و بۆتان و موکریان، تا هەمووی بکاتە یەك کیانی سیاسی بۆخۆی، بە چ بەڵگەیەك خۆی لە داسنی ببوێرێت؟ خۆ بۆتان قەت نە ئەوسا، نە پێش ئەوە (و نە دوای ئەوەش) پێیان نەخستووەتە خاکی سۆرانەوە و کەچی دەچوو جزیرەی دەگرت، شەنگاری کە دوژمن و داگیرکەری سۆران ببوو بۆچی نەگرێت؟ بە تایبەتی کە شەنگاری سەر رێگای جزیرەو سووریا، لە هاوئاهەنگیی نەخشەکانی پاشای‌کۆرەو ئیبراهیم پاشای محەمەدعەلی پاشای میسردا شوێنێکی زۆرستراتیجی بوو و حەقمەن دەبوو بگیرێت. ئیتر ئەو شاخ و باڵ لێ رواندنەی حوزنی، کە میر ئەوەی بۆ ئاین کردبێت کوا؟ کەی پاشای کۆرە بە خەڵکی شەنگاری گوت ببن بە مسوڵمان؟ ئەوانەی کۆنە دۆستی سولەیمانی قانوونی، تەنانەت پتر لە سەد ساڵ دوای سولەیمانیش، دوای ئەوەش کە مەلیك ئەحمەدپاشا بە هەزاران شەڕکەری ئەبازەیی و چەرکەس و گورجی و تورك و چی و چی چووەتە سەریان لە شەنگار و تاڵانی کردوون، ئەوجا هەر خۆیان بە خزمەتکاری سوڵتان و خەلیفەی مسوڵمانانی عوسمانی زانیوە (بە "ئەولیا چەلەبی" یان گوتووە "پیاوی وەك ئەو (مەلیك ئەحمەد پاشا) نابێتەوە (..) ئەمڕۆش بکرێتەوە بە والیی دیاربەکر هەموومان سەری بۆ دادەنوێنین"). ئێستا، دیارە بەوە تووڕە دەبین پاشایەکی بێگانەی دەوڵەتی‌عوسمانی هاتبێتە سەر شارێکی‌کوردستان و کوردی تاڵان کردبێت و چەوساندبێتەوە، بەڵام من یەکجار زۆر بەهاسانی دەیهێنمە بەرچاوی خۆم کە کسانێکی خەڵکی شەنگار دەوروبەریان تاڵان کردبن

و خۆیان خزاندبێتەوە شەنگارو، مەلیك ئەحمەدپاشا بە بەهانەی ئەوە بۆ تاڵان و بڕۆی خۆی پەلاماری دابن . هەر دەوڵەتێکی تری غەیری عوسمانیش بوایە، مەگەر هەر ئەوەی لێ چاوەڕوانبکرایە . پاشای کۆرەش، بەشێکی بە بەهانەی تۆڵەکردنەوە بۆ مەلا یەحیای مزووری ( کە برازایەکی بە دەستی عەلی بەگی داسنی کوژرابوو) دەچێت شەنگار دەگرێت . دوای راونانێکی زۆر :

" عەلی بەگ بە پەیمان خۆی و ماڵ و منداڵی بەدەستەوە دا، میر دەست بەجێ باریکردن و ناردنیە پایتەختی خۆی کە رەواندز بوو " ( حوزنی ل ٦٦، بەدەستکاریی رێنووس) .

" میر بە ماڵ و چەك و قۆرخانە و تاڵان و دیل و گیراوێکی قورسەوە روو بە رەواندز گەڕاوە، نزیك دووهەزار کەسی داسنی بە دیل گرتبوو دەگەڵیان بوو بردنیەوە رەواندز، لە کیژو ژنی داسنی کە ٥٠٠ ی پتر پێبوو، گەلێکی بە گەورە و سەرهاتی مووسڵ بەخشی و بە ئاغاکانی هەولێر و کۆیێ و رەواندزی دان، لەو شارانە ئەمڕۆکە زۆر ماون کە نەنکیان داسنی بووە و میر لە گەڕانەوەیدا پێی- دابوون و مارەیان کردبوون و میری داسنی عەلی بەگ و نزیك دووهەزار دیلی لە پێشدا ناردوونە رەواندز . مەلیخا دەڵێ کە میر گەڕاوە رەواندز ئێخسیرێکی لە رەواندز کۆکرابوونەوە لە دەهەزار پیاو و ژن پترتر بوون .

لەدوایگەڕانەوەی میر بۆ رەواندز، ژنی عەلی بەگی داسنی کەلێندەگرێ وکۆمەڵەیکی زلی داسنی خڕدەکاتەوە دەچێتە سەر قەڵای ژەنگار، بابەکرئاغای ئێشكئاغاسیی میر بە سوباشی لە سەر ژەنگار داندرابوو، رەشەی سوباشی و بابەکرئاغا بە سێ لەشکریی سۆرانەوە لە قەڵادا بوون،و ئاگایان لە بزووتنەوەی داسنی نەبوو، بێباك دانیشتبوون، داسنیەکان پەلاماری دانێ و لە هەر چوارکەنارەوە ئەو خانووەی سۆرانیی تێدابوون ئاوریان تێبەردا، لەودەمەدا پیاوێکی بابەکرئاغا بۆ سەرئاو چووبوو و لەدەرەوە بوو، کە وای زانی هەڵات و روو بە رەواندز بۆی دەرچوو، جگە لەو پیاوە کەسیان رزگار نەبوو و هەموو سووتان، باوەکر(بابەکرئاغا) و رەشەسوباشی و بیستونۆکەس سووتاندران " ( حوزنی ل ٧٤-٧٧، بە دەستکاریی رێنووس) .

" میری گەورە ئەو پشێوی و شەڕو شۆڕشەی داسنی لە عەلی بەگی داسنی دەزانی، و گوتی ئەو هانی داون، بانگی کردە کن خۆی و پێیگوت ئەمە سێ ساڵە بە رێز و خۆشەویستی لە رەواندز دانیشتووی هێشتاش دەست لە فتنەئەنگیزی هەڵناگری . عەلی بەگی میری داسنی پێیداهەڵکاڵا

و گوتی «من بۆ مەلاکە خوێنێك ناقارێم» . میری گەورە دڵگیر بوو و رقی هەستا ، و دەستبەجێ فەرمانی دا عەلی بەگیان کوشت، و سێ رۆژ لاشەکەیان بە پردی رەواندزدا هەڵاوەسی و لە دواییدا ناشتیان " (حوزنی ل٧٦، بەدەستکاریی رێنووس) .

" میر ، کە عەلی بەگی کوشت، ژنی عەلی بەگ تکای لە میر کرد کە لاشەی عەلی بەگ بباتەوە " یەزیدخان" . ئەویش، بۆ پێکهاتنی داسنی و سۆران، جەنازەکەی بە ٢٥ سوارانداندا نارده شەنگار، ژنی عەلی بەگ بۆ تۆڵە سەندن ئەو ٥٢ کەسەی بەکوشتن دا". ( حوزنی ل ٧٨، بە دەستکاریی رێنووس و راست نەکردنەوەی هەڵەی چاپی " ٢٥" و " ٥٢" ی چاپی کارەساتی گیو) .

دوای ئەو هەمووە چیرۆکەی عەلی بەگی داسنی و، شێوەی وەلامی و، رەفتاری ژنی، حوزنی گڕ- گڕ دەگەڕێتەوە سەر قسەی خەیاڵی بێ سەروبەری چەند پیروپاتاڵێکی وەکو خۆی ساویلکە :

" وەکو لەپیاوە پیرەکانی رەواندزم بیستووە،عەلی بەگ گەلێك رەندولاوچاك و مەردو شۆخ بوو، و شایانی کوشتن و خنکاندن نەبوو، بەلام میری گەورە بە دەسیسەی مەلا دیندارەکان لە عەلی بەگی خواستبوو کە مسوڵمان بێ، عەلی بەگیش بە قسەی میری گەورە مسوڵمان نەبوو، بە ئیشارەتی مەلاکان ئەو میرە گەورە کوردە کوژرا ، نەك لەسەرئەوە کە ژنی ئەو شۆرشی خستبووە ژەنگارەوە . ئەمڕۆکە سەربهوردی عەلی بەگ لە هەموو رەواندزییەك دیارە، و گەورەو بچووك ئەمە دەگێرنەوە " (حوزنی ل ٧٦-٧٧، بەدەستکاریی رێنووس) .

کتێبەکەی حوزنی، لە دوا لاپەڕەیدا ، کە نازانم هەر هی ئەسڵەکەیە یا نووسینی گیوە، دوای پێهەڵگوتنی لایەنی باشی میر، دەڵێت میر محمد" تاوانی زۆرەو چاویان لێ ناپۆشرێ". تاوانەکەشی ئەوە بووە کە لەگەڵ یەزیدیەکان وا خراپ بووەو، دەڵێت کوشتاری لە فەلەکان (مەسیحیەکان)ی" ئەلقوش"یش کردووە . بڕوانە ل٣١ی ئەم کتێبە، کە چۆن حوزنی نووسیویە میر" چووە سەرئەلقوش کە خەڵکەکەی <u>بۆ شەڕ ئامادەبوون</u> " و،" بە کوشتار کەوتە سەریان و شیری تێنان گیانلەبەرێکی نەهێشت و هەمووی کوشتن"؛ کەواتە وەکو خەڵکی قەڵای " نەلوس"ی کوردی مسوڵمانی بەسەرهێنان (بڕوانە ل٢٣ی ئەم کتێبە)، بۆچی چونکە ئەمانە ئاینیان جیاواز بوو، کوشتاریان بەهۆی ئاینیانەوە بووە ؟ حەقیەتی ئەو پێوەندییە چیە ؟ خۆ هەر لەوێدا دەڵێت میر" چووە سەر« دێرهورمز» کە رەبەن (راهب)ی لێ بوون . هێندێك راهبی زانا چوون قسەیان لەگەڵ میردا کرد ، میر لە کوشتار پاراستنی، بۆ <u>بەخێوکردنی رەبەن و دێرهورمز</u> هەندێك لەشکر و سەرکردەیەکی خۆی بەجێهێشت " . ئەدی ئەمانەی " دێر-

هورمزی بۆچی نەکوشتن و ئەرکی بە خێوکردنیشیانی خستە ئەستۆی رژیمی خۆی ؟ ئەسڵەن من نە لە هیچ شوێنێك خوێندوومەتەوەو نە لەکەسم بیستووە، قەت لە سەرتاسەری مێژووی ئیسلامدا کەسێك چووبێتە سەر خەڵکی مەسیحیی ئەلقوش و پێی‌گوتبن ببن بە مسوڵمان . ئەو هەمووە دێرەی مەسیحیی لەو چیایانەی کوردستان پڕ لە کیژانی کەژو چاوشینی ناسك و نازدار و بە بێ هیچ نێرینەیەك، بە ئارخەیانی بە ساڵان ژیاون ( بەنموونە بڕوانە چێشتی‌مجێوری هەژار ل ٢١) . حەقەن قەت، لە هیچ سەنەدێکی مێژوودا نەبووەو نیە، تاقە یەك جار، تاقە یەك میری کورد ، تاقە یەك کەسی لە سەرئەوە کوشتبێت کە ئەو کەسە نامسوڵمان( جوو ، مەسیحی، یەزیدی ... هەرچی) بووبێت . شەڕ لە نێوان میران و خەڵکاندا بەڵێ هەبوون، شەڕەکان زۆر زبر و خوێناوی بوون و، وابووە دوودەستەی بەرامبەر ئاینیان جیاواز بووە، وەك شەڕی نێوان بەدرخان و مەسیحیەکانی رەعیەتی، بەڵام بەدرخان قەت بەهیچ جۆرێك بەهۆی ئاینی نەچووەتە ئەو شەڕەوە . مسوڵمانیش ئەگەر ئاوا - بە هاندانی ئەوروپاییان- یا بە هەر هۆیەك گوتبایان ئێمە چیتر باج نادەین ( باجێکی یەکسان بۆ هەموو لایەك)، ئەوا هەمان رەفتاریان لەگەڵ دەکرا . ئەسڵەن بەدرخان یەکجار زۆر لەگەڵ مەسیحیەکان باش بووە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەوروپایی ئەوسا بۆ بەرژەوەندی خۆیان( لۆرد کانینگ و ...ئیدی) لە رۆژنامەکانیاندا بۆیان هەڵبەستووە؛ وەك کە وا ئێستا " حوزنی"یش - بەڵام بەهۆی ساویلکەییەوە - باسی پاشای کۆرە دەکات . کەمترین بەڵگە بۆ ئەوە نیە کە پاشای کۆرە هیچ تەعەسوبێکی ئاینی هەبووبێت و بەهۆی ئاینییەوە کەسی کوشتبێت .

دوا رستەی کە ئەو کتێبەی حوزنی کۆتایی پێ دێت ئەمەیە : " گەورەترین تاوانی میری ئەوەبوو کە مەیدانی دا مەلایان خۆیان تێکەڵ بە کاروباری دەوڵەتی بکەن" . پاشای کۆرە رێگای دا مەلایان خۆیان تێکەڵ بە کاروباری دەوڵەتی بکەن ؟ کوا ؟ لەکوێ ؟ بە چ بەڵگەیەك ؟ وەستا رەجەب ؟ سەرهەنگی سەرهەنگان ؟ حەسەن مەلوکی ؟ گوللە تۆپی ئەوەندە قەنتار ؟ باروتی کە دیواری قەڵای پێ هەڵدەتەکێندرا ؟ ئەوانە پێیان دەگوترێت " مەلا " ؟ هەمان حوزنی جۆرەها درۆ و دەلەسەی دەربارەی شێخ مەحموودی پادشای کوردستانیش هەبووە، کە گوایا" کاپتن بێڵ"ی وەکو سەگ بەستووەتەوە چونکە " کاپتن بێڵ"ی بە کافر داناوە! (بڕوانە"هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری ..." ل٢٨٣) لەکاتێکدا کە ئەو کاپتنە لایەنگری شێخ مەحموود بووە و، زۆر بە جیددی بەرژەوەندی وڵاتەکەی خۆی لەوەدا دیتووە کە حوکمداریی شێخ مەحموود سەربگرێت، بەڵام کاربەدەستانی لەندەن بەقسەیان نەکردووە ( بە قسەی " مێجەرسۆن"یان کردووە) . دواتریش کە کورد لە لەندەن هاتوچۆیان دەکرد، خەجاڵەتیی خۆی بۆ دەردەبڕین کە حکومەتەکەی بەقسەی نەکردووە و، بیروڕای مێجەرسۆنی دژی حوکمداریی شێخ مەحموودی پەسند

کردووە . بەستنەوەی چی و شتی چی ؟

ئەم گرێ لەعنەتییەی چەندساویلکەیەك چۆن مێژوو دەشێوێنێت و، ئاوا بە بێئینسـاف تاوانێك دەخەنە ئەستۆی کەسانێکەوە کە قەت نەیانکردووە .

# پاشکۆ

پـاشای کۆرە، کە چووە ئـەستەمبووڵ، سـەرهەنگی سـەرهەنگان ( ئـەحمەدبەگی برای) کردە جێنشـینی خۆی .

کاتێك مفتیی سۆران (مەلا عەزیزی ئامۆزای پاشای کۆرە) و هاوسەفەرانی تری پاشای کۆرە گەیشتنەوە ڕەواندزو خەبەریان دا کە پـاشـای کـۆرە کـوژرا، جێنشین کرا بە میری نوێی سۆران . بـەڵام میکانیزمی حوکم بۆ هەموو کەسێك وا روون و ڕێکوپێك نەبوو . میری نوێ برایەکی لەخۆی بەتەمەنتری هەبوو، سولەیمان بەگ،کە میرایەتیی خۆی - بە حوکمی تەمەنی- لەوەی میر ئەحمەد بە ڕەواتر دەدیت . نازانین چەندەی پێچووە، بـەڵام کێشەکە " زۆر بە زوویی" کەوتە دەست بردن بۆ چەك و خوێن ڕشتن . میر ئەحمەد دوای دوو ڕۆژ شەڕ توانی سولەیمانی براگـەورەی بگرێت و ،- لەسەر تـکای دایـکی - نـەیکوشت، بـەڵام خستیە زیندانەوە . هـەڵوێستی کەسانێکی تر روون نـیـە، چەندەیان بەهەڵە بەکۆدێتاچی دانراون و، چەندەیان بەڕاست وا بوون، بەڵام بەهەرحاڵ، سەرۆکی ژووری بازرگا- نی خرایە زیندانەوە و، یەکێك لە گرنگترین سەرهەنگانی پاشای کۆرە" عەبدوڵڵای ئاکۆیی"، حوزنی دەڵێت " بە بێ گوناهـ کوژرا". براکانی سەرهەنگی کوژراو، لە ڕەواندز باردەکەن و دەچنە شنۆ، کە شارێکی سەر بە سۆران بووە . لێرەدا ئاشکرایە کە شنۆ دوای پاشای کۆرە ئیترهیچ منەتێکی بە ڕەواندزی پـایتەخت نـەبووەو بەکـەیفی خۆی کردووە . دوژمنانی میری نوێ لەوێ لای لایەنگرانی سولەیمان بەگ حەساونەوە . جارێکیان مەحموودبەگی وەسمان بەگ (ی - بەگوێرەی پەراوێزی شەرەفنامەی کوردی- ئـامۆزازا، - بەگوێرەی حوزنی - ئـامۆزای میرئەحمەد) بەلەشکرێکەوە (کە برایانی سەرهەنگ عەبدوڵڵای ئاکۆییشی تێدادەبن ) دێتە سەر میرئەحمەد لە پایتەخت، بەڵام دەشکێت و دەگەڕێتەوە . کەواتە، مەرکەزیەتی رژیم بە کاریزمای پاشای کۆرە خۆیەوە بەند بوو، وا ئێستا پاشای کۆرە نەما، کەواتە نێوانی شارەکانی قەڵەمڕەوی و پایتەخت گـەڕایەوە سەر هەمان دۆخی سەردەمی پێش میرایە- تییەکەی پاشای کۆرە . دیارە ئەوە هەلێك بوو بۆ بابان و میران و خان و خەوانینی کە پاشای کۆرە کپی کردبوون، دیسان زیندوو ببنەوە و، بار هەڵگێڕنەوە دۆخی کۆن . هەروەك پاشای کۆرە لەسەردەمی خۆیدا کەڵکی لە ناتەبایی ناوخۆی بابان دەدیت، وا ئێستاکە بار قڵپ ببۆوە، بابان بوو کەڵکی لەم ناتەباییەی ناوخۆی سۆران دەدیت . بەوە کە ڕەسووڵ بەگی برای میر لە ئامێدی بێ کێشە بە حاکم ماوەتەوە، وێدەچێت تـەنیا بـادینان دڵسۆزو وەفاداری پەیمانی یەکێتیی لەگەڵ سۆران و پایتەختیدا مابێتەوە .

میرئـەحمەد ، دووساڵ ( بەگوێرەی پەراوێزی شەرەفنامەی کوردی- لە ڕۆژبـەیانی ) یا سێ ساڵ ( بەگوێرەی حـوزنی) بەوجۆرە مایەوە، لە پایتەختیشدا لە ئاسایشی ژیانی خۆی دڵنیا نەبوو .

مەحموودبەگی وەسمان بەگی کە باسکرا، هەر وازی نەهێنا و، چوو لە ڕەواندز خۆی لە ماڵێك شاردەوەو، هەینییەك، چووە سەر ڕێگای میر ئەحمەد. لە ڕێگای چوونە مزگەوتدا، لەسەر پردی " خەرەند" کە بە پردی " مەلائەحمەدی مەلا سولەیمان" ناسراوە، تەقەی لە میرکردو، توانی میر و شەش کەسی تری لەگەڵدا بریندار بکات، ئەوجا خۆی کوژرا و، سەربازان کەوتنە کوشتنی کەسانی کە بە دەستەی بەگزادانی بەرەی مەحموودبەگ ناسرابوون.

میری بریندار، ڕۆژی سێیەم مرد. سەرهەنگەکان میر ئەحمەدیان ناشت و، دیسان کەوتنەوە کوشتاری بەگزادانی خزمی کوژەری .( ئیتر حوزنی قەت ناوی هیچ مفتییەك، شێخێك، مەلایەك شتێك لەوانە ناهێنێت، بۆ هەر چی لەمەولا ڕوودەدات هەر دەڵێت سەرهەنگەکان ... تا کۆتایی میرنشینیی سۆران، ئەوجا لەپڕێکدا وەبیری دێتەوە کە چۆن هەمووی خەتای مەلایان بوو!، بەڵام تەبیعی - وەك هەمیشەی- بە بێ هیچ بەڵگەیەك) .

بەڵام، بەگوێرەی ئەو حەقیقەتەی کە کورد بە بێ میر حەیای دەچێت، وەکو ئەوەیە گەڵوگونی بەدەرەوەبێت؛ سەر-هەنگەکان، چاری ناچار، میری تاوانباری زیندانییان لە زیندان دەرخست و کردیان بە میری نوێی خۆیان.

ڕەنگە ڕەسووڵ بەگ لە ئامێدی، سەری ڕەحەت و سەحەت، سوپاسی یەزدانی نەمری کردبێت کە گەڕیان دە ئەو نەهاڵاندووە تا بیبەنەوە ئەو پایتەختە خەتەرەی سۆران و ژیانی لێ بشێوێنن. هیچ زانیاریەك لەو ڕووەوە دە ئەم سەرچاوانەی مندا نیە، بەڵام ئاشکرایە " ئامێدی"یش وەکو " شنۆ" بەکەیفی خۆی کردووە. هەرچەندە ئەوەی یەکەمیان دیارە بەتەواوی سەربەخۆ بووە، لەکاتێکدا شنۆ وێدەچێت ڕێککەوتنێکی لەگەڵ شای ئێراندا هەبوو-بێت. سۆران دوای پاشایکوێرە بووەتە جۆرە کۆنفیدێرالییەکی شلوشەوێق، چارەنووسی پایتەخت بە دەست سەر-هەنگەکانەوە بووەو، ئەوەی شوێنەکانی تریشی هەریەکەو بەدەست کەسێکەوە بووە.

میری نوێ، بیستودووەم میری سۆران، میر سولەیمان، یەکەم کاری کردی ئەوەبوو زیندانەوانەکەی سەردەمی زیندانیی ئیعدام کرد، ئەوجا خەزێنەی دەوڵەتی بردە ماڵەکەی خۆی و بۆخۆی- بە وشەی حوزنی-" تواندیەوە"! .

سەرهەنگەکان، هەرچەندە دەیانزانی کە ژیان بە بێ میر نەدەکرا، بەڵام ئیتر ئەو دووکردارەی میریان لە ڕەفتاری میران بە دوور دەزانی، لەبەرئەوە تکایان لێ کرد کە میرانە ڕەفتار بکات. میر گوێی نەدانێ، ئەوانیش چیتر تاقەتیان لەگەڵ نەما، گرتیان و خستیانەوە زیندانەکەی.

ئەوجا، سەرهەنگەکان خۆیان، بە بێ میر، دووساڵ و دوو مانگ حوکمی ڕەواندزیان کرد. حوزنی دەڵێت :

" گەلێك چاكەیان بۆ میللەت هەبوو؛ دادو ئاسوودەگی و ئەمنیەت، لە دەوری میری گەورە چاكتر نەبوایە كەمتر نەبوو؛ هەر دوژمنێكی بنەماڵەی سۆران بوو، بەزۆر پووچیان كردەوە،و قەڵای رەواندزو دەورەوپشتیان زۆر چاك بەخێوكرد و لەگەڵ رەعییەت و لەشكریاندا گەلێك میهرەبان و دادرەس بوون . لە دەوری ئەواندا، مەلای خەتێ لە رووكەوتبوو، و لەنێو میللەتدا رێزی نەمابوو، ناچار باری كرد و چووە گوندی خەتێ كە لەنێو «هەروتی»دایە ."

( حوزنی ل ٩٢، بەدەستكاریی رێنووس)

بەڵام، ئەگەر كەسێك پیی وابێت كە ئەو سەرهەنگانەو خەڵكی رەواندز، لەو ئەزموونە بەشی ئەوەندە فێربووبن كە ژیان بە بێ میر زۆر چاك دەكرێت، تەنانەت یەكجار زۆر چاكتریشە و، ئەو دۆزینەوە گرنگە بووبێتە هۆی پەرەپێ- دانی فەرهەنگی سیاسیی وەكو ئەوەی كە لە سەردەمانێكی كۆندا لە كۆمەڵگا یۆنانی زمانەكان یا لە رۆما رووی- داوە، ئەوا مانای ئەوەیە كە كورد ناناسێت و، بە خەیاڵی خۆی دەدوێت .

كورد ، ئەوساش وەكو ئێستا ، بە رادەی یەكەم پێبەندی" میر" بووە . نەتەوە و نیشتمان و ژیان و مان و نەمان هەمووی لەپێناوی میردابووە، لە رێگای میرەوە بووە، هەموو ئەو شتانە - وەكو ئێستا - خراونە بەرپێی میرەوە .

تۆ بڕوانە، ئێستا پتر لە سەدەونیوێك دوای ئەو رووداوانە، " باكوور باشوور رۆهەلات ئاپۆ سەرۆكێ وەلات" میری باكووری كوردستانە، ئەگەر فەرمانێك بۆ تابیعانی دەربكات بڵێت " ناوی كوردوكوردستان قەدەغەیە، ناسیۆنالیزم و فاشیزمە"، تابیعەكانی نەك هەر بەقسەی دەكەن، تەنانەت ئەولاتریش دەڕۆن، هەر كوردێك ناوی كورد یا كوردستانی بە دەمدا بێت و دەستیان پێبگات، بە درندەییەكی بێ وێنە دەیكوژن . تاڵەبانی بە میری سلێمانی قەبووڵكراوە، ئەگەر بە تابیعانی بڵێت بە ماركسیزم هەڵبڵێن، هەڵدەڵێن، بڵێت یارمەتیی مارینزی ئەمریكایی بدەن دەیدەن، بڵێت شەڕ بۆ ئێران بكەن دەیكەن، بڵێت شەڕ بۆعارەب بكەن دەیكەن،هەمان شت ماڵی بارزانی و، هەمان شت هەركەسێك بتوانێت لە ناو كورددا خۆی بە میر بە قەبووڵكردن بدات و؛ ئەگەر نەتەوێت یا نەتوانیت ببیت بە میری، ئەوا بە هیچ شێوەیەك و بۆ هیچ شتێك كەمترین گوێت پێ نادات .

هەر لەم رۆژانەدا ، باسی ئەوە هەبوو كە ئایا پێشەوا ئاڵاكەی داوەتە دەست بارزانی یان ئاڵاكەی نەداوەتە دەست بارزانی . ئێ ئەوجا ؟ ئەگەر ئاڵاكەی دابێتێ چیە و نەیدابێتێ چیە ؟ ئەوە چیرۆكی سوڵتان سەلیمی یەكەمی عوسمانی وەبیردەهێنێتەوە،كە چووە قاهیرە،شمشیرو عەبای- گوایا- پێغەمبەری لە" المتوكل على الله"ی سێیەمی - گوایا- عەباسی وەرگرت و بەوە ئیتر بوو بە" خەلیفە" ی شەرعی" الاسلام و المسلمون" ( كەچی دوای ئەوەی

کە ئەو شتانەی لێ سەندن، خۆی و ژن و منداڵی بە دیلی بردنە ئەستەمبووڵ!) . بەڵام ئەو چیرۆکە هی ساڵی ١٥١٧یە . من ئەوپەڕی ڕێزم لە خزمەت پێشەوای مەزنی‌کورد و دوا میری مەزنی کورددا هەیە، بەڵام نەتەوە خانوو نیە تا میرێك قەباڵەی مڵکداریی تاپۆی لە پێشەوایەك وەربگرێت و، ئیتر ئەوە بیکاتە خاوەنی شەرعیی نوێی و، ئەگەر وەرینەگرێت خاوەنی شەرعیی نەبێت .

کورد ، ئەوساش وەکو ئێستا ،هەر پیاوی میر بووە، نەك نەتەوەو نیشتمان و هەرشتێکی تر. ئەوساش - ڕێك وەکو ئێستای- نەکەوتبووە قۆناغی دوای دۆگمای خودایەتیی میرەوە . لەبەرئەوە،نەدەکرا ڕەواندز بە بێ میر بمێنێتەوە . ڕەسووڵ بەگ، بە شەش‌سەد سەربازو دە تۆپ و باروت و جبەخانەیەکی زۆرەوە، لە ئامێدییەوە هاتەوە ڕەواندز و بوو بە میری بیستوسێیەمی سۆران . بۆچی هاتەوە ؟ ئێرەیی بە سەرهەنگەکان بردووە و، ویستوویە لێیان تێك- بدات ؟ بابان و ئێران بە چ بەڵێنێك خستوویانەتە سەر ئەو بڕیارە ؟ چ لە ئارادا بووە؟ نازانین .
میر ڕەسووڵ لە سەرەتادا، ویستی بابان ڕازی بکات و خۆی لەکێشەی دەرەوە بپارێزێت تا مەرکەز لە دەسەڵاتی سەرهەنگەکان دەردەهێنێت . حوزنی دەڵێت کە میر خوشکێکی خۆی ( فاتمەخان)ی دا بە حوسێن بەگی برای ئەحمەدپاشای بابان (بەڵام محەممەدئەمین زەکی دەڵێت کە ئەو فاتمەخانە هەر لەسەردەمی باوکیدا درابوو) و،کەوتە کوشتن و بڕینی سەرهەنگان و چاودەرهێنان ( بڕوانە ل ١٤-١٥ی ئەم کتێبە) و تاڵانکردن و کوشتاری گشتیی خەڵکی شوێنانێکی کە ڕقی لێیان بووە . وادیارە میر ڕەسووڵ لە ژیانیدا ڕقی لە زۆرکەس و زۆر شوێن بووە، ئیتر دەبوو بە دڕندەییەکی زۆر تۆڵە لە زۆر کەس و زۆر شوێن بکاتەوە .
بوو بە زاڵمێك، تا فیرعەونێکی بۆ پەیدا بوو، " نامیق پاشا"یەکی والیی بەغدا پێی ڕاگەیاند کە بۆی داندراوە ساڵانە هەشتاهەزار ریاڵ بدا بە عوسمانی . میر گوتی باشە، بەڵام سێ ساڵ لەسەریەك نەیدا. لەشکریان کردە سەری . میر، ڕەواندزی بۆ لەشکری عوسمانی جێهێشت و ڕۆیشت .
میر، بەو جۆرە دوای ئەوە کە دەوڵەتی سۆرانی تێکوپێك دابوو و ئاداری بەسەر پاداریی‌یەوە نەهێشتبوو، خۆی لە سەرێشەی میرایەتی پەڕاندەوەو، چووە شنۆ . بەڵام پێش دەرچوونی، ئامۆژگاریی خەڵکی ڕەواندزی کرد ،کە باش پێشوازی لە لەشکری تورك بکەن . لەشکری تورك، هەینی ١٨٥٦/٢/٢١ ، کاتی دوای ئێوارە، چووە ناو شاری "ڕەواندز" و کۆتایی بە مێژووی چەندین سەدەی " میرنشینیی سۆران" هێنا . " کەنعان پاشا"یەکی تورك بوو بە حاکمی ڕەواندزو، ئیدارەی گومرك و نفوس و خوێندگەیەکی سەرەتایی دەوڵەت و ...ئیدی تێدا کرانەوە و بوو

بە شارێکی ئاسایی دەوڵەتی عوسمانی .

ئەوسـاش، رێك وەکو ئێسـتـا ، بڕیاری هـەبوون یا نـەبوونی نـەتەوە بەدەست " میر" بووە . ئێستا بـارزانی بڵێت " تەواو بوو"،لە هەولێرو دەهۆك تەواو دەبێت؛ تاڵەبانی لە سلێمانی بڵێت تەواو بوو ئەوا لەوێ تەواو دەبێت؛ ئاپۆ لە باکوور بڵێت تەواو بوو ئەوا تەواو دەبێت . ئەوساش وەکو ئێستا ، شتێکی بە ناوی نەتەوەی کـورد لە دەرەوەی فەرمانی میردا نەبووە . میر هەبوو و ، وا میر وەڕز بوو و گوتی تەواو . ئیتر تەواو بوو .

# پێڕستێکی ناو

« ئـ »

ئارامی٦١؛ ئاسووری ١٩، ٦٨؛ ئاشی ئاودەڵئاغا٣٨؛ ئاققۆیونلو٣٥؛ ئاکرێ ١٨، ٢٩-٣١، ٥٠؛ ئاکۆیان١٣؛ ئامێدی ١٥، ١٨، ٢٩-٣٢، ٣٥، ٣٨، ٤٨-٤٩، ٥٣، ٨٠، ٨٢؛ ئوتریش٥٢؛ ئوغوزبەگ(ی گەورە، میری١٥ی سۆران)١٠، ١٢؛ ئوغوزبەگ(ی بچووک، میری١٨ی سۆران) ١٠، ١٣؛ ئۆجەلان (ئاپۆ)٨١، ٨٣؛ ئۆدێسە ٢٢؛ ئۆکرانیا ٤٧؛ ئۆمەراوا ٣٨؛ ئەبازەیی ٧١؛ ئەحمەد(مەلا-ی خەون)٦٤؛ ئەحمەدبەگ(میری١٧ی سۆران) ١٠، ١٣؛ ئەحمەدبەگ (باپیری میری ١٨ی سۆران) ١٠؛ ئەحمەدبەگ ( برای پاشای کۆرە) ١٠، ١٤، ٣٥، ٥٠، ٥٩، ٧٩-٨٠؛ ئەحمەد پاشای‌بابان١٥؛ ئەحمەد چاوەش٢١؛ ئەحمەد دۆڵەمەری(سەرهەنگ)٢٢-٢٤؛ ئەحمەدی ئیبنوئادەمی-دێڵزەیی(مەلا، مامۆستای پاشای‌کۆرە)١٤؛ ئەدرنە٥٠؛ ئەدەنە٢٨؛ ئەردەڵان١٣؛ ئەرزەرۆم١٥؛ ئەرەخ( أرخ) ٢٩، ٣٢؛ ئەستەمبووڵ ١١، ١٤، ٣٦، ٤٧، ٥٠-٥٢، ٥٥، ٥٧، ٦٢، ٧٩، ٨٢؛ ئەلبانی٤٧؛ ئەلجەزایر(پەیمانی)٥٢؛ ئەلقوش٢٩، ٣١، ٧٣-٧٤؛ ئەڵمانیا٥٢(ئیمپراتۆری)، ٦٦(نازی)، ٦٧-٦٨؛ ئەمریکا٥١، ٦٤-٦٥، ٨١(مارینزی)؛ ئەمەوی ٣٥، ٦٧؛ ئەندۆنیسیا٤٨؛ ئەوروپا/یی ٤١، ٥٢-٥٤، ٧٤؛ ئەولیاچەلەبی٣٧-٣٨، ٧١؛ ئەیوب ئەفەندی ٨؛ ئەیووبی ٣٥؛ ئیبراهیم(برای میری یەکەمی سۆران) ١٠؛ ئیبراهیم پاشای میسر ٥، ٢٨-٢٩، ٤٧-٤٨، ٥١-٥٢، ٧١؛ ئیچ‌قەڵا ٣٨؛ ئیدریسی بتلیسی ٦٢، ٧١؛ ئیسرائیل ٦٤-٦٥؛ ئیسکەندەریە ٥٢؛ ئیسماعیل پاشای ئامێدی ٢٩-٣١، ٤٨-٤٩؛ ئیمام قاسم ١٥؛ ئینگلیس ١٣، ٣٨، ٤٩، ٥١-٥٢، ٥٤، ٥٩-٦٠، ٦٥؛ ئێران ١١-١٢، ١٥، ٢٦، ٢٨، ٣٢، ٣٥، ٥١، ٦٤-٦٥(و شای)، ٨٠-٨٢؛

« بـ »

بابان/ بابانی ١١-١٥، ٢٠، ٢٤، ٢٦-٢٨، ٣٠، ٣٨، ٧١، ٧٩، ٨٢؛ بابەکرئاغا ( ی لەشکری سۆران ) ٧٢؛ بادینان ١٤، ٢٩-٣٠، ٧١، ٧٩؛ بارزانی(سەرۆک مستەفا ٥١، ٥٥، ٦٤-٦٦، ٨١-٨٢)، (مەسعوودوئیدی٨٣)؛ باڵەك ١٥، ٣٨؛ باڵەکیان١١، ٢١(چەمی)، ٣٨؛ بایراقدار بڕ- محەمەد و مستەفا؛ بایزبەگ ( مامی پاشای کۆرە) ١٠، ١٣-١٤؛ بتلیس ٣٧-٣٨، ٥٠، ٥٤؛ بداغ ( میری چوارەمی سۆران ) ١٠-١١؛ بداغ ( میری یازدەیەمی سۆران ) ١٠، ١٢؛ بداغ خانی موکری ٢٦؛ برادۆست ٢٢-٢٣؛ برایم ئەحمەد ٦٤؛ برایمی ماویلی ( وەستا) ٣٩؛ بورهان(شێخی) ٢٣؛ بولگاریا٤٧؛ بووکشازەمان(دایکی پاشای کۆرە)١٣، ٧٩؛ بۆتان٢٩-٣١، ٥٤، ٦٢، ٧١؛ بۆسنێ٤٧؛ بەدرخان ٣٠-٣١، ٣٥، ٧٤؛ بەرازگر ٣٨؛ بەرسرین ٣٨؛ بەغدا ١٥، ٢٨-٢٩، ٤٧-٤٨، ٥٠-٥١، ٥٣، ٦٤، ٨٢؛ بەکربەگ ( برای ژنی پاشای کۆرە؟) ١٠؛ بەلجیکا ٤١؛ بێل(کاپتن)٧٤؛

« پـ »

پاریس ٥٣؛ پردێ ١٨، ٢٦، ٣٨؛ پرووسیا٥٢، ٦٥؛ پەژمان(عیسا)٦٤؛ پەسوێ ٣٢؛ پیربالّ چاوەش(سەرهەنگ)٥٠؛ پیربداغ (ی بابان)١١؛ پێشەوا ٨١-٨٢؛

« تـ »

تاران ٥١، ٥٥، (تارانی ٧٠)؛ تاڵەبانی(جەلال)٤٠، ٦٤، ٨١، ٨٣؛ تۆرعابدین ٢٩؛ تەپەی داری سیدی١٣؛ تەحسین بەگ(میری یەزیدی)٦٧-٦٨؛ تەرەبزوون ٥٣، ٥٥؛ تەقتەق ١٨؛ تەلکۆچەك ١٨؛ تەمەرخان بەگ (مامی پاشای کۆرە) ١٠، ١٣، ٢٠-٢١، تەنزیمات ٥٣؛

« جـ »

جبران خلیل جبران٥٦؛ جزیرە ١٨، ٢٩-٣٢، ٥٠، ٧١؛ جورنەقب ٤٩؛ جەبران (قەڵا)٣٢؛ جەلال تەقی ٥؛ جەوەرئاغای نەقبوکی٢٤؛ جیاووک ٧؛ جیلوە ٦٩؛

« چـ »

چاری(چهری،خانی)٢٨؛ چۆمە ریخن٣٨؛ چەرکەس٧١؛

« حـ »

حاجۆئاغا ٦٩ ( و بڕ- حوزنی، مەجید)؛ حاجی‌ئۆمەران ١٨،٦٧؛ حافز ئەسعەد٦٨؛ حافزعەلی پاشا٥٢؛ حتارە٢٩،٣٢؛ حمود( الشیخ) ٢٦؛ حوزنی حاجۆ(د.) ٦٧-٦٨؛ حوسنی موبارەك ٥٣؛ حوسێن( میری شەشەمی سۆران) ١٠-١١؛ حوسێن(برای میری سێیەم و حەوتەمی سۆران) ١٠؛ حوسێن بەگی بابان ١٥،٨٢؛ حوسێن بەگی داسنی١١؛ حەریر ١١-١٣، ١٥، ٢٤، ٢٨، ٥٠؛ حەسەن (مامی پاشای کۆرە) ١٠؛ حەسەن بەگی برادۆست ٢٢؛ حەسەن بەگی شیروانی ٢٣؛ حەسەن رەشوانی ٢٤-٢٥؛ حەسەن مەلوکی ٣٧،٧٦؛ حەمەدی سۆفی ( سەرهەنگ) ١٥، حەمەدی شیروانی( سەرهەنگ) ٣٦؛ حەمەدی شیرین١٥؛ حەمەی عەزیز(دۆم) ٦٧-٦٨؛ حەنەفی٧١؛ حیجاز٥٢؛ حیمس( حمص)٢٩:

« خـ »

خان ئاودەڵ بەگ(لە ماڵە میرای سۆران) ١٠؛ خان‌ئەحمەدخان١٢؛ خان‌گێلدی ٣٩؛ خانزادە خاتوون (قەڕالیچەی سۆران) ١٠،١٢؛ خدربەگ ( برای ژنی پاشای‌کۆرە؟) ١٠،٢٥؛ خدری حەمەدی(سەرهەنگ) ٣٦؛ خۆشناو(مەڵبەند) ٢٤-٢٦، خەتێ(مەلای) ٦،٢٨،٣٦،٥٧،٥٩-٦١، ٦٣، ٦٥-٦٦، ٨١ (وگوندی)؛ خەجیج( هاوسەری پاشای کۆرە) ١٠،١٤؛ خەرەند٣٨، ٨٠؛ خەڵفین ٥، ٥٣-٥٤؛ خەلکان ٣٨؛ خەلیفان ٣٨؛

« د »

داسنی بڕ- یەزیدی ؛ داودپاشا ٢٨-٢٩، ٣٦، ٤٧-٤٨، ٦٣، ٦٦؛ دزەیی ٢٥-٢٦؛ دووکان/ دۆکان ٢٧؛ دەهۆك ١٨، ٣١، ٤٩، ٨٢؛ دیاربەکر ٢٨، ٣١، ٥٠، ٧١؛ دێرە ١٥، ٢٤-٢٥؛ دێرهورمز٢٩، ٣١، ٧٣-٧٤؛ دێریك ١٨؛

« ر »

رابی(کچی پاشای‌کۆرە)١٤؛ رانیە١٣، ٢٧؛ رایەت٣٨؛ رووس/ رووسیا ٢٨، ٥٢؛ رۆژبەیانی(مەلاجەمیل)٨، ٦١؛ رۆس(دکتۆر)١٣؛ رۆست ١٨، ٢١، ٣٨؛ رۆهات ئالاکۆم و رۆژنامەی سوێدی ٥١، ٥٣؛ رەجەب(وەستا) ٤١-٤٢، ٧٤؛ رەسووڵ( مەلا- ی هەولێر) ٢٥؛ رەسووڵ بەگ (برای پاشای کۆرە) ١٠، ١٥، ٢٥-٢٦، ٢٩، ٣١، ٣٥، ٤٨-٤٩، ٥٣-٥٤، ٧٩-٨٠، ٨٢؛ رەشەی‌سوباشی( ی لەشکری سۆران) ٧٢؛ رەشید بەگ (فەرماندەیەکی سۆران)٤٩؛ رەواندز٥، ١٢-١٣، ١٥، ١٨-١٩، ٢١، ٢٣-٢٥، ... نیزیکەی هەموو لاپەڕەکان؛

« ز »

زاخۆ ١٨، ٢٩، ٣١، ٥٠؛ زراری ٢٥؛ زەردەشت ٦٧، ٦٩؛ زەرزا (عەشیرەتی)١٢، ٢٥؛ زیۆنیزم ٦٧؛ زێبار/ زێباری ٢٢، ٢٤، ٢٩-٣٠، ٤٩-٥٠؛ زێی گچکە/ کۆیە ٢٥-٢٦؛ زێی گەورە/ بادینان ٣١، ٤٩، ٥٠؛

« سـ »

سارو(سارداو،قەڵا) ٢٢؛ سلێمانی ٢٦-٢٧، ٨١، ٨٣؛ سمیلان٣٨؛ سندووس٣٢؛ سوراو(سەرهەنگ) ٣٦؛ سوڵتان مەحموود(لە ماڵە میرانی سۆران) ١٠؛ سولەیمان( برای میری هەشتەمی سۆران) ١٠؛ سولەیمان ( میری دوازدەیەمی سۆران) ١٠، ١٢؛ سولەیمان بەگ ( برای پاشای کۆرە) ١٠، ١٤، ٥٣، ٧٩-٨٠؛ سولەیمانی‌قانوونی(سوڵتانی‌عوسمانی)١١، ٧١؛ سومێل ١٨؛ سوننی ٣٦؛ سوودان٥٢؛ سوورچی ٢٥، ٣٩؛ سووریا٢٨-٢٩، ٥٣، ٧١؛ سویدی ( رۆژنامەی) بڕ- رۆهات؛ سۆفی‌ئاغا ٣٦؛ سۆڤیەت ٥، ٥١، ٦٥، ٦٩؛ سۆما١١؛ سۆن(مێجەر)٧٤؛

سەددام حوسێن ٦٨؛ سەردەشت٦٧؛ سەعدیشیرازی ٤١؛ سەعیدپاشای بادینان٢٩-٣٠؛ سەلاحەدین(هاوینەهەوار) ١٨؛ سەلیم(ی سێیەم، سوڵتانیعوسمانی) ٤٧؛ سەلیم(ی یەکەم، سوڵتانیعوسمانی) ٨١؛ سیواس ٥٠،٥٣،٥٥؛

« ش »

شاعەلی بەگ(میری دووەمی سۆران) ١٠-١١؛ شامرادبەگ٣٢؛ شط العرب٦٥؛ شکور(مەلا) ٦١-٦٢؛ شنۆ١٥،١٨،٢٢-٢٣،٧٩-٨٠، ٨٢؛ شەرەفنامە(و دانەری) ٥-٨،١٢،٣٠،٣٨،٥٧،٧١،٧٩؛ شەقڵاوە ١١-١٢،١٨-١٩؛ شەمام وکۆنگرەی ١٢،٣٨؛ شەنگار ١٨،٢٩، ٦٧-٦٨،٧١-٧٣؛ شیروان١٥،٢٢-٢٤؛ شیعەگەری ٦٩؛ شیوەزور(دەربەندی) ٣٨؛ شێتنە(قەڵا)٢١؛ شێخان٤٨-٤٩، شێخ وەیس ١٠؛

« ع »

عارەب(وعارەبستان)٢٥-٢٦،٢٩،٦١-٦٢،٦٥،٦٧،٨١؛ عوسمان(ئامۆزای پاشای کۆرە)٢٧؛ عوسمان(مەلا-ی هەولێر)٢٥؛ عوسمان بەگی خۆشناو٢٤؛ عەباسی٣٥،٦٧،٨١؛ عەبداڵ خان٣٧،٥٤،٦٢؛ عەبدوڵڵائاغای خەزێنەدار ٢٠؛ عەبدوڵڵای ئاکۆیی ٢٣،٣٠،٣٦،٧٩؛ عەبدوڵڵا پاشای بابان٢٧؛ عەبدولمەجید(ی یەکەم،، سوڵتانیعوسانی)٥٠،٥٤؛ عەبدولوەهابی ڕەواندزی ٨؛ عەزۆئاغایسەبتی ٢٤؛ عەزیز(مەلا- مفتی)٣٦،٥٥-٥٦،٦٠،٧٩؛ عەلی(ئیمام)٦٣؛ عەلیبەگ (میری ١٣ی سۆران) ١٠،١٢؛ عەلیبەگی داسنی (یەزیدی) ٢٥(و ژنی ٢٦)،٢٩، ٥٥(ژنی-)،(و ژنی٧٢-٧٣)؛ عەلی ڕەزا پاشا٥٢-٥٣؛ عەنتاب ٥٠؛ عەودی کاکەڕەش ٢٦؛ عەونی(محەممەد عەلی) ٨؛ عیبری٦١؛ عیراق ٥١، ٦٥؛ عیزەدین(یەزدان) شێر(میری هەشتەمی سۆران) ١٠-١١،٧١؛ عیسا(میری یەکەمی سۆران) ١٠-١١؛ عیسا(میری سێیەمی سۆران) ١٠-١١؛ عیسا(برای میری دەیەمی سۆران)١٠؛ عین توتایتوت ٤٩؛

« ف »

فاتمە خان (خوشکی پاشای کۆرە) ١٥،٨٢؛ فان بروونەسن ٥،٨،٣٧؛ فرێزەر ١٩؛ فەتحعەلی شای قاجار٣٢؛ فەرەنسا ٥٢؛ فیرعەون (ی یەزیدی)٦٨؛

« ق »

قاجار ٧،٢٦،٣٢،٥٢،٥٤،٦٥؛ قاهیرە٤٧،٨١؛ قوبادبەگ(ی سۆران؟)١٢؛ قوڵیبەگ(میریدەیەمی سۆران)١٠،١٢؛ قۆچاخلی٢٥؛ قەرەقۆیونلو ٣٥؛ قەمچووغە ١٨،٢٧،٣٨،

« ک »

کانیگەرموکان١٣؛ کانینگ (لۆرد ستراتفۆرد) ٥٠،٦٥،٧٤؛ کرماشان٢٦-٢٧؛ کرێتا ٥٢؛ کوردستان(ئەیالەت)٣٢؛ کۆڕ ٢٥؛ کۆمونیست ٦٥،٧٠؛ کۆیە١٣،١٨،٢٤،٢٧-٢٨،٧٢؛ کەتی سارکەیی(گردی)٢٧؛ کەرکوک١٥،٢٦،٢٨؛ کەکلە(قەڵا) ٢٣؛ کەلۆس ١٠-١١؛ کەمال مەزهەر(د.) ٦؛ کەنعان پاشا ١٥،٨٢؛ کیسینجەر ٦٥؛

« گ »

گردکال ٢٢؛ گورجی٧١؛ گەلی عەلیبەگ١٢،٣٨؛ گەلی میکر٣٩؛ گیفارا ٥١؛ گیو ٦-٨،٤٣،٦٧،٧٣؛

« لـ »

لاتین ٨١؛ لاجان ٣٢،٢٩؛ لوبنان٥٧؛ لویی‌چارده٣٧؛ لۆقا ٨؛ لۆنگریگ ٣٠؛ لشکری(خانزادو)١٢؛ لەندەن ٧٤،٥٣؛ لێنین٦٣؛

« مـ »

ماردین ١٨، ٢٨-٢٩، ٣١-٣٢، ٤٧؛ مارکسی/زم ٨١،٦٨؛ مالیزیا٤٨؛ مامیس( سەرهەنگ)٣٦؛ متوکل(الـ) علیٰ الله ٨١؛ محەمەد ئەمین زەکی ٨، ١٢، ١٥، ٥٤، ٨٢؛ محەمەدپاشا(والیی‌کەرکووك)٢٦؛ محەمەدپاشای بایراقدار٤٨-٥٠، ٥٩؛ محەمەد رەشید پاشا ٣١، ٥٣-٥٤؛ محەمەدشاتر(سەرهەنگ)١٥، ٣٩؛ محەمەدشای قاجار ٥٠؛ محەمەدعەلی پاشای میسر٢٨-٢٩، ٣٢، ٤٧-٤٨، ٥٢، ٦٥، ٧١؛ محەمەدعەلی عەونی ٣٠؛ محەمەد مەولوود(مەم) ٥٧؛ محەمەدنەجیب پاشا٥٣؛ مستەفا(ی چوارەم، سوڵتانی عوسانی) ٤٧؛ مستەفا ئاغا(حاجی) ٣٩، ٧٩؛ مستەفا بەگ(میری١٩ی سۆران) ١٠، ١٣؛ مستەفاپاشا ئینجە بایراقدار٤٧؛ مستەفا رەشیدپاشا ٥، ٤٩-٥١-٥٤، ٦٥؛ مستەفا کەمال ٤٨؛ مسحەفا رەش ٦٩؛ معاویەی ئەمەوی و یەزیدی ٦٧؛ موکریان ٢٣، ٢٨(خانی موکری)-٢٩، ٣٢، ٧١؛ مووساپاشای ئامێدی٢٩-٣٠؛ مووسڵ١١، ٢٩، ٣١، ٤٩-٥٠، ٧٢؛ مووش ٥٠؛ مۆسکۆ ٦٩؛ مەجیدی حاجۆ ٦٤؛ مەحموود( شێخ- ی بەرزنجی) ٧٤؛ مەحموود( ی دووەم، سوڵتانی‌عوسمانی)٢٨، ٤٧، ٤٩-٥٢-٥٣؛ مەحموودبەگ(باوکی میری ١٨ی سۆران) ١٠؛ مەحموودبەگ (ئامۆزای پاشای کۆرە) ١٠، ٢١؛ مەحموودبەگ (ئامۆزا(زا)ی پاشای کۆرە؟)١٤، ٧٩-٨٠؛ مەحموودبەگی سەلیم‌خان ٢٢؛ مەحموودپاشای بابان٢٧-٢٨، مەحمەدشە٣٢؛ مەخموور ١٨؛ مەدینە٢٩؛ مەراغە٣٢؛ مەرگەوەر٢٢-٢٣؛ مەسعوود محەمەد ٦، ٦١؛ مەلای خەتێ بڕ- خەتێ؛ مەلیخا/مەلیخا ٧، ٣١، ٣٦، ٤٨، ٧٢؛ مەلیکەحمەدپاشا ٥٤، ٦٢، ٧١-٧٢؛ میرانی بایزبەگی خۆشناو٢٤؛ میرە/میران بەگ(میری ١٦ی سۆران) ١٠، ١٢؛ میسر٤٧-٤٨، ٥١-٥٢، ٦٥، ٧١؛

« نـ »

ناپلیۆن ٤١، ٦٦؛ نامیق پاشا٨٢؛ ناوپردان ٣٨، ٦٧؛ نسێبین ١٨، ٢٩، ٣١-٣٢، ٤٧؛ نعیما ٧؛ نوورەدین بەهائەدین٥٤؛ نەغدە ٦٤؛ نەلوس(قەڵا) ٢٣، ٣٢، ٧٣؛ نیراوا ٣٨، ٤٨؛ نیزامی جدید٤٧-٤٩-٥٠؛

« و »

واتەرلۆ ٤١؛ وان١٥؛ ورمێ٣٩؛ وسوی جۆلەمێرگی ٣٩؛ وەسمان بەگ(ئامۆزای پاشای کۆرە) ١٠، ٢١؛

« هـ »

هورمز٦٨؛ هۆمێرۆس ٥٧؛ هەباس‌ئاغای دیموکری ٢٦؛ هەرکیلا( قەڵا) ٢٢؛ هەروتی ٨١؛ هەژار ٦٠، ٦٣، ٦٩-٧٠؛ هەکاری ٢٨( خانی) -٢٩، ٣١؛ هەنارەباتاس ٣٩؛ هەوارەکۆن ٣٨؛ هەودیان١١، ٢٠-٢٢، هەولێر١١، ١٨، ٢٥-٢٦، ٧١-٧٢، ٨٣؛

« یـ(ێـ)»

یاسین‌ئاغای زێباری٣٠؛ یۆنانی ٢٢، یۆنان/یۆنانی٢٧، ٨٣؛ یەحیا(مەلا) ٤٩، ٧٢؛ یەحیابەگ ( ی سەرچاوەی گیو) ٨؛ یەحیابەگ ( مامی پاشای کۆرە) ١٠، ١٣، ٢١؛ یەزدان شێر(برای میری١٧ی سۆران) ١٠، و بڕعیزەدین )؛ یەزید ٦٧؛ یەزیدی/ داسنی ١١، ٢٥، ٢٩، ٣١، ٦٧-٧٤؛ یەعقووباغا ٢٥؛ یەنی‌چەری٤٧؛

# Rijîmî Rewandiz

# î

# Serdemî Paşay Kore

Tojînî : Şêrko Hejar

çapî dûwem

2014